# چیرۆکی هونەریی کوردی

کۆی بەرهەمەکانی

**حسەین عارف**

**٥**

# چیرۆکی هونەریی کوردی

## ١٩٢٥-١٩٦٠

لێکۆڵینەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
چیرۆكی هونەریی كوردی – لێكۆڵینەوە
كتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٣
چاپی یەكەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٦٣٣ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم
پیت لێدان: نساران بورهان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆكان نووری

# چیرۆکی هونەریی کوردی

## وتەیەك

با بەر لە هەموو شتێك دان بەو ڕاستییەدا بنێم كە من بەم تاقیكردنەوەیەی خۆمدا، باشتر و بەكردەوە بۆم دەركەوت كە لێكۆڵینەوە هەرگیز كارێكی ئاسان نییە و سەرباری گشت مەرج و پێویستییە سەرەكییەكانی، سەبر و تاقەتێكی زۆر و تایبەتی دەوێ. لە سەرەتاوە كە دەستمدایە ئەم كارە، نەخشەكەییم لە مێشكمدا وەها كێشابوو كە

یەكەم: تەنیا لە بەرهەمی ساڵانی (١٩٢٥–١٩٦٠) دەدوێم و خۆم لە قەرەی پلەی دوایی تری نادەم كە كۆشش و ماندوو بوونێكی زۆری دەوێ.

دووەم: تەنیا بەرهەمی چیرۆكنووسەكانی كوردستانی عێراق دەگرێتەوە كە لە بن دەستمەوەیە و بە ئاسانی هەم دەسگیرم دەبێ و هەم باشتر سەری لێ دەردەكەم.

سێیەمیش: پشتم بەوە بەستبوو گوایە بە نووسینەكانی لەوەبەرم "بڵاوكراوە و بڵاونەكراوە" بناغەكەییم داڕشتوە و كەرەستەكەییم لە بەردەستدایە و تەنیا پێویستیم بەوە دەبێ فراوانتر پەلی تێدا بهاووم و زیاتر نموونەی تێدا بنوێنم. كەچی وەختێ دەستمدایە و شوێنی كەوتم، سەیرم كرد... نەخێر.. لێكۆڵینەوە ئەبەد كارێكی ئاسان نییە و وەك وتم سەرباری مەرجەكانی تری، سەبر و تاقەتی "ایوب"یشی گەرەكە.

بەهەرحاڵ هێندەی تێیدا شارەزا بووم و دەستم بەسەریدا ڕۆیشت و هێندەی كەرەسە و سەرچاوەم چنگ كەوت و هێندەی بۆم لوا قسەی لێوە بكەم و بیروڕامی لەبارە دەرببڕم و هێندەشی لە سەبر و تاقەتما بوو، ئەمەم لێ هێنایە بەرهەم كەوا لە بەردەستدانداییە. بەڵام من خۆم پێشتان دەكەوم و دەڵێم: چاك دەزانم كە چەندە كەموكوڕیی تێدایە و ڕەنگە ئەگەر خۆشم بێم و وەك خوێنەرێك بیخوێنمەوە، بتوانم وەك ئێوە پەنجەیان بخەمە سەر. ئەی گوایە بۆچی چارەسەرم نەكردن؟ لە وەرامدا بێ پێچوپەنا دەڵێم: چونكە تەنیا هێندەم لە باردا بوو... هەروەكو سەبر و تاقەتیشم تەنیا هێندەی بڕ كرد.

بەڵام هەرچۆنێك بێ ئەمەی هێناومەتە بەرهەم، هەر هیچ نەبێ كلیلێكە بۆ لێكۆڵینەوەی چیرۆكی هونەریمان لە سەرەتا و سەرهەڵدانییەوە ١٩٢٥ تا

نەشونماکردن ″چلەکان″ و تا بەخۆداهاتنی ″پەنجەکان″. هیوادارم بەلایەنی کەمەوە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی لەمەودوا دێن و هەم بە باری سەرنجێکی قووڵتر و تێگەیشتنێکی فراوانتردا و هەم بە سەبر و تاقەتێکی زۆرترەوە پێدا دەچنەوە.

ح.ع

٨ ی شووبات ١٩٧٦

بەشی یەکەم

# سەرەتا و سەرهەڵدان

## ١٩٢٥-١٩٣٩

# پێشەکی

ئاشکرایە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی، ئەنجامی تێکشکانی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا (١٩١٤–١٩١٨) و دروستبوونی دەوڵەتی عێراق کە یەکێ بوو لە وڵاتە ژێردەستەکانی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد وەزعێکی تازەی بەسەردا هاتوچووە دۆخوبارێکی جیاواز لە دۆخوباری لەوەبەرییەوە.

گەلی عێراق کە بەسەرزای لە ژێردەستەیی سەدان ساڵەی عوسمانییەکان ڕزگاری بوو، بووە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەواقیعدا بووە ژێردەستەی ئیمپریالیزمی بەریتانیا و حوکمێکی پاشایەتی کۆنەپەرست و نۆکەری بەسەردا سەپێنرا کە دەبوو وەك چۆن لەوەبەر خەبات و کۆششی بۆ ڕزگاربوون لە چنگ زوڵموزۆری عوسمانییەکان، ئەم جار خەبات و کۆششی بۆ ڕزگاربوون بێ لە کۆت و پێوەندی ئیمپریالیزم و زۆروجەوری حوکمڕانە کۆنەپەرستەکان. لێرەوە چاوەنووسی گەلی کورد نووسا بە چارەنووسی هەموو گەلی عێراقەوە و کەوتە سەر ڕێگەی خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلی عەرەبی برای و کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە وڵاتدا، دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمی پاشایەتی نۆکەری و لە پێناوی عێراقێکی دیموکراتیی ئازاد و سەربەخۆی ئەوتۆدا کە گەلی کورد لە سایەیدا بە مافە ڕەواکانی خۆی بگات. شۆڕش و ڕاپەڕین و فوربانیدانەکانی گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانییەوە بە درێژایی ئەو سالانە کە بە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٨٥ گەیشتە پۆپەی هەڵچوونی و سەرکەوتنی بەسەر ئیمپریالیزم و ڕژێمی پاشایەتیدا پێ وەدەس هێنا، بە کردار ئەم ڕاستییەیان دەسلماند و ڕۆژانە دووپاتیان دەکردەوە.

بەڵام نەکی تر سەربەخۆییە سەرزاییەکەی عێراق لە ڕاستیدا خاڵی نەبوو لەوەی کە بە پێچەوانەی ئیرادەی ئیمپریالیزم و حوکمڕانە کۆنەپەرستەکانەوە، لە وزەیدا بێ وڵات بخاتە بەردەم پلەیەکی مێژوویی نوێوە و بە حوکمی گەلێ گۆڕانی ناوەخۆیی و جیهانی لە هەموو ڕوویەکەوە، ڕەنگ و ڕووی دواکەوتەیی زەمانی ژێردەستەیی زەمانی عوسمانییەکان لە ڕووی شارستانێتییەوە بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن بەرێ. دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ ژێردەستەییەکەشیدا، گۆڕانێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەر وڵاتدا هێنا کە لەگەڵیاندا گۆڕانی باری ڕۆشنبیریشی

دەبێتە شتێکی حەتمی و بە دوایدا شێوە و ناوەڕۆکێکی نوێ وەردەگرێت و ڕێبازێکی جیاواز دەگرێتە بەر و بە چەند و بەچۆن دەگۆڕدرێ.

سا باری ڕۆشنبیریی گەلی کوردیشمان کە وەك وتمان چارەنووسی بەسترا بە چارەنووسی گشت گەلی عێراقمانەوە لەو گۆڕانە بەدەر نەبوو کە ڕووی دا. بێگومان هەر لە سەرەتاوە لە کۆتایی پێهێنانی گیروگرفتی ویلایەتی مووسڵدا، ئەو کرا بە مەرجێك کە دەوڵەتی عێراق دەبێ مافی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی بدا بە کورد، بەتایبەتی خوێندنیان بە زمانی خۆیان کە ئەمە بناغەیەکی هەرە کاریگەر بوو بۆ ئەو بزووتنەوەیە. جگە لەم بارە قانوونییەی بۆی لوا، وەزعی خۆشی بەبوونی تاقمێکی باش ئەدیب و ڕووناکبیر کە زۆریان لەوبەر لە کۆمەڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی زەمانی تورکیای عوسمانیدا چالاکییان نواندبوو، دەبووە یاریدەدەرێکی گەورەی سەرهەڵدان و نەشونماکردن باری ڕۆشنبیری.

دامەزراندنی چاپخانەی بەلەدیە لە سلێمانی و زاری کرمانجی لە ڕەواندز بۆ چاپەمەنی کوردی و دەرکردنی (١١) یازدە ڕۆژنامە و کۆواری لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا (١٩١٨–١٩٢٧) و دەسکردن بەخوێندن بەزمانی کوردی و بووژاندنەوەی ئەدەب و زمان و دانانی بناغەی ئیملاو شێوەی نووسینی و بڵاوبوونەوەی لەناو خەڵکیدا لە بری تورکی و فارسی، ئەمانە هەموو نیشانەی سەرەتای بزووتنەوەی نوێی ڕۆشنبیری کوردی بوون کە مزگێنی پاشەڕۆژێکی ڕووناکیان ڕادەگەیاند و ئەو ڕاستییەیان دەسەلماند کە کوردستانی عێراق ڕوو لەوە دەکا ببێتە مەڵبەندی بزووتنەوەی هاوچەرخی ڕۆشنبیریی نەتەوەی کورد.

***

سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری لە ئەدەبی کوردیدا و هەر لە سەرەتای بزووتنەوەکەوە، یەکێکە لە دیاردە هەر گرینگەکانی کە دەبێ لە مێژووی ئەدەبی هاوچاخماندا بایەخێکی تایبەتی بدرێتێ، چونکە بەوە هونەرێکی ئەدەبیی نوێ کەوتە ئەدەبەکەمانەوە کە لەوەبەر نەبوو.

بێگومان ئەدەبی کورد لە داستان و ئەفسانە و حیکایەتی فۆلکلۆریی دەماودەمی خەڵکیدا گەلێ دەوڵەمەندە. بەڵام با ئەو پرسیارە بکەین و بزانین کە داخۆ پەیدابوونی چیرۆکی هونەری لە ئەدەبی نوێماندا، هیچ پێوەندیی هەبوو بەو میراتییە

فۆلکلۆرییەمانەوە؟. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم باسە لێدوانێکی دوور و درێژی دەوێ کە من بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە پێویستم نەزانێ، چونکە بە باسێکی سەربەخۆم دانا کە دەهێنێ بە جیا لێی بکۆڵرێتەوە. بەڵام بەهەرحاڵ، من بە کورتی ڕام وایە کە چیرۆکی هونەری وەك بابەتێکی ئەدەبیی تازەی بێگانە هاتە ئەدەبی کوردییەوە و لە بنەڕەتدا: «هونەرێکی ئەوروپاییییەوە پێویستی ژیان وای کردووە وەکو ڕووخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهانیدا بڵاوببێتەوە»(١).

خۆ ئەگەر ئێستا پێوەندییەکی هەبێ لەگەڵ فولکلۆرماندا، ئەوا لە نێوانی کاروانی نەشونماکردن و پێگەیشتن و پەرەسەندنییەوە پەیدای کردووە و بنجی خۆی پێوە بەستووەتەوە.

هەرچۆنێ بێ، چیرۆکی هونەری کە پەیدابوونی پتر بەندە بە گیانی شارستانێتی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و زانستی و بەرزبوونەوەی ڕادەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵەوە، دەبوو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەزعی لەباری تایبەتی خۆی بۆ هەڵکەوێ تا بۆی بلوێ سەرهەڵبدا و پێ بگات کە وەك لەوەبەر باسمان کرد، لە عێراقدا لە دوای شەڕی گەورەی یەکەمەوە بەو شێوە سەرەتاییییە بۆی هەڵکەوت و خۆشی بەشێوەیەکی سەرەتایی سەری هەڵدا.

ئاشکرایە هەموو داهێنانێکی نوێ سادە و ساکار دەس پێ دەکا و لە چاو پلەکانی دوایی تریدا لە ساوێلکەییش بەدەر نابێ. چیرۆکی هونەریی کوردییش هەروەها هاتە کایەوە و ڕێگەی نەشونماکردنی گرتەبەر و پێ گەیشت. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین کە بەبێ ئەو سەرەتایە، ئەوەی ئێستا هەیە نەدەبوو. بەم پێیە بایەخی هەرە گەورەی ئەو بەرهەمە کەمەی لەو ساڵانی سەرەتایەدا دراون بەدەستەوە، بەر لە هەرشتێکی تر لەم ڕاستییەدایە و دەبێ لەم باری سەرنجەوە دەستی لێکۆڵینەوەی بۆ ببرێ.

بە درێژاییی ئەم پلەی سەرهەڵدانە (١٩٢٥–١٩٣٩) کە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمم بۆ تەرخان کردووە، من تەنیا چوار ئەدیبمانم پێ زانیوە کە لایان لەم هونەرە ئەدەبییە نوێیە کردبێتەوە و تەقەلایان تێدا دابێ. ئەوانیش بە پێی مێژووی

---

(١) هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم– دوکتۆر مارف خەزنەدار دەفتەری کوردەواری ژمارە (٣)– لاپەڕە(٥٢).

نووسینی بەرهەمەکانیان (جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار جاف و پیرەمێرد و محەمەد عەلی کوردی)ن کە وای بە چاك دەزانم یەکە یەکە لەبارەی ئەو کۆششانەیان بدوێم.

هەروەکو حەز دەکەم پێشەکی سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە من رام وایە شیکردنەوەی ئەو بەرهەمانە لە رووی تەکنیکەوە بە پێوانەی ئێستا کارێکی بێهوودەیە. بۆیە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمدا زۆر گوێ نادەمە ئەم لایەنە و پتر ئەو راستییە رەچاو دەکەم کە کەمێ لەمەوبەر ئیشارەتم پێ دا.

## جەمیل سائیب (١٨٨٧-١٩٥١)

هەرچەندە پێش رۆژنامەی "ژیانەوە" هەر لە شاری سلێمانی رۆژنامەی (پێشکەوتن- ١٩٢٠و رۆژی کوردستان- ١٩٢٢و بانگی کوردستان- ١٩٢٢و بانگی حەق- ١٩٢٣و ئومێدی ئیستیقلال- ١٩٢٣) و لە بەغداش «تێگەیشتنی راستی- ١٩١٨» دەرچوون[٢]، بەڵام لە هیچ کامێکیاندا چیرۆکی هونەری «با بەمانا سەرەتاییەکەشی بێ» بەدی ناکەین، تەنیا هێندە نەبێ کە تاکوتەرا گفتوگۆیەکی سەرپێی نێوان دوو یا سێ کەسمان بەرچاو دەکەوێ کە بە نیازی ئامۆژگاریکردن و بۆ مەبەستێکی سیاسیی رۆژانە نووسراوون.. وەك "محاوەرەیەکی ئیقتیسادی" لە ژمارە (٥- رۆژی ٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢)ی بانگی کوردستاندا کە ئەحمەد حەمدی نووسیوێتی. یا "مجادەلەی ئەفکار- موتەنەویعە، حسیات موتەلەوینە" هەر لەو ژمارەیەدا. یا «بچۆ ئاغا تێ بگەیەنە» لە ژمارە ٢٠ی ئومێدی ئیستیقلالدا. بێگومان ئەمانە ئەگەر وەك کارێکی ئەدەبی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، دەبێ بخرێنە خانەی شانۆگەرییەوە نەك چیرۆك.

بەڵام ژمارە «٢٨-ی- ژیانەوە»دا کە رۆژی ١٩٢٥/٦/٢٦ دەرچووە، ئەم ئاگەدارییە دەخوێنینەوە: «لە تەرەف شەخسێکەوە خەوێکی عەجایب و غەرایب بینراوە. ئەم خەوە حەیات و ئیدارە و رابواردنی چەند ساڵێکی ئەم وڵاتە دەنوێنێ. گەلێ ئەسراری خوێناوی و وەحشیانە دەردەخات. زۆر ئەحواڵی خسوسی دەخاتە بەرچاوی ئەم عالەمە... هتد».

سا ئەو شەخسە کەس نەبووە جەمیل سائیب نەبێ کە بەبێ ئەوەی ناوی خۆی یا هەر ناوێکی تری لەسەر نووسیبێ، لە ژمارە «٢٩ی رۆژی ١٩٢٥/٧/١»وە دەستی

(٢) جەمال خەزنەدار- رابەری رۆژنامەگەری کوردی.

کـردووه بـه بـڵاوکـردنـەوەی خـەوە ″عـەجـایب و غـەرایب″ەکـەی و لـە ٥٦ ژمـارەکـەی ″ژیانەوە″دا ١٨ ئەڵقەی لێ بڵاکردووەتەوە و لە نێوانی ژمارە (١ تا ٢٦)ی ″ژیان″یشدا ٥ ئەڵقەی تری لێ بڵاوکردووەتەوە کە لە دامێنی دواییینیاندا «ژمارە –٢٦ی ڕۆژی ٢٩/تەمووز/١٩٢٦»دا نووسراوە ″ماوێتی″ و کەچی ئیتر پاشماوەکەی نابینین.

مامۆستا جەمال بابان کە هات و دوای پەنجا ساڵی خشت چیرۆکەکەی ژیاندەوە و لە چاپی دایەوە، لە پێشەکییەکەی خۆیدا نووسیویە:

«نووسینەکەی ″ لەخەوما″م لەبەر دەستخەتی کاکینە خۆی ″جەمیل سائیب –ح. ع.–″ نووسیوەتەوە»(٣)، کە بەمە گیروگرفتی ″ماوێتی″یەکە کە پێشتر لە کایەدا بوو دەبـڕێتـەوە و بـەو بـارەدا سـاغ دەبێتـەوە کـە تـەواونـەکردنـی چیـرۆکـەکـەی لـە نـووسـەر خۆیەوە بووە و لەوێدا وازی لێ هێناوە.

بەر لە هەموو شتێ ئێمە هەر کاتێ باس لەم چیرۆکە بکەین و بەهەر بارێکدا بێ، دەبێ ئەو ڕاستییەمان لە پێش چاو بێ کە هێندەی تا ئێستا پێ زانرابێ، یەکەمین چیرۆکی هونەریی کوردییە هێنرابێتە بەرهەم و بەوە دەبێتە یەکەمین بەردی بناغەی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیە لە ئەدەبی هاوچەرخماندا. هەروەکو نووسەرەکەشی دەبێتە یەکەمین ئەدیبمان کە لەم مەیدانەدا دەسپێشکەری کردبێ و بەوە دەبێتە یەکەمین چیرۆکنووسی کورد.

***

چیرۆکەکە چەندە ئەدەبە، هێندەش سیاسەت و مێرووە. هەروەکو چەندە وەك ئەدەب بـەشێوەیـەکـی تـایـبـەتـی گـرینـگ و بـایـەخـدارە، هـێنـدەش وەك سیـاسەت و مـێروو بەشێوەیەکی تایبەتی لە لێکۆڵینەوەیدا سەرنج ڕادەکێشێ و ڕەخنەگر ڕاستەوخۆ دەخاتە بەرامبەر باسوخوازی پلەیەکی مێروویی ناسك و ئاڵۆزی نەتەوەی کوردەوە. بۆیە من بەچاکی دەزانم بە هەردوو باریدا لێی بدوێنم و باشتریش وایە یەکەم جار بە باری دووەمیاندا باسی بکەم.

## بە باری سیاسی و مێژووییدا

کە جەمیل سائیب دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی ئەو وەختە هێشتا تەنیا نزیکـەی دوو ساڵێك بـەسەر تـێکشکـانـی حـوکـمـداریێتـیـیـەکـەی دووەم جـاری شێخ

(٣) لە خەوما، چاپی ١٩٧٥، لاپەڕە ٢٥.

محموودی حەفیدا ڕابردبوو، و بگرە هێشتا پاشەڕۆکی کارەساتەکە هەر لە کایەدا مابوو. بە باری چالاکیی ڕۆشنبیری و داکۆکیکردندا ڕۆژنامەی "ژیانەوە" یەکێك بوو لەو دەزگایانەی ئەرکی پڕۆپاگەندەکردنی بۆ بەریتانیا گرتبووە سەر شان. لاپەڕەکانی پڕن لە دەیەها نموونەی نووسین لەسەر کۆششی گوایە زۆر دڵسۆزانەی بەریتانیای فەخیمە بۆ مافی کورد.

جەمیل سائیب هەتا ژمارە ٣٧ی ڕۆژنامەکە سەرنووسەری بووە و "اموری تحریریەی"(٤).

بە دەست ئەوەوە بووە و من باوەڕم وایەکە زۆری ئەو وتارانەی ناوی نووسەریان دیاری نەکراوە، هەر خۆی نووسیونی. بەم جۆرە ئێمە لێرەدا بەرەو ڕووی هەڵوێستی سیاسیی ئەو ڕۆژانەی جەمیل سائیب دەبینەوە کە بە ئاشکرا دیارە چەندە بەرامبەر بە شێخ محموود دژ و داخ لە دڵ بووە و لە چیرۆکی "لە خەوما"یدا "وەك دوایی لێی دەدوێین" گەیاندوێتییە ئەوپەڕی. ئەوی ڕاستی بێ، ئەمیش وەك هەر یەکێکی تر لە منەوەرانی ئەو ڕۆژگارە، دەبوو لەو وەختەدا یەکێ لەم سێ هەڵوێستە هەڵبژێری. یا دەبوو لەگەڵ ئەوەدا بێ کە ویلایەتی مووسڵ هەر لە سنووری تورکیای کەمالییەکاندا بمێنێتەوە کە دیارە بەوە دەچووە ڕیزی تورك خواهەکانەوە. یا دەبوو لایەنی ئەوە بگرێ کە بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراقی ژێردەستەی بەریتانیا و بەوە دەیدایە پاڵ ئینگلیز خواهەکان. یا دەبوو پشتی شێخ محموودێك بگرێ کە کاری لە کار ترازابوو، و لە شکستیدا بوو.

جەمیل سائیب هەڵوێستی دووەمیانی هەڵبژارد و هەر هیچ نەبێ بە نووسین، بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی "ژیانەوە"دا چالاکیی بۆ دەنواندا. وەنەبێ ئەم و منەوەرەکانی تری وەك ئەم، بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستەیان لە ڕووی دوانەکەی تردا بەڵگە و بەهانەیان بە دەستەوە نەبووبێ، لەولاوە چەوساندنەوە و زوڵموزۆری دەیەها ساڵەی عوسمانییەکان و سەر کوتاندنەوەی گەلی کورد. لەم لایشەوە بە سەرێك شکستهێنانی شێخ مەحموود و بەدوایدا نائومێدی و ورەبەردان و ئاشووبە. بە سەرێکیش بەڵێنی یەك لە دوای یەکی بەریتانیا و دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە مافی نەتەوایەتی کورد و بە کردەوەش «با بۆ خەڵەتاندن و چاوەشەکردنیش بوونی» جێبەجێکردنی هەندە

---

(٤) ژیانەوە، ژمارە ٣٧، دامێنی لاپەڕە ٢ ژمارە ٣٨ لاپەڕە ١.

شتێكی، بەتایبەتی لە ڕووی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە. ئەمە وەزعێكی تەواو لە باری دەخولقاند بۆ ئینگلیز خۆی و هەموو بەرەی ئینگلیز خواهان كە بۆ بەڵگە و بەهانە ڕانەمێنن لە سەلماندنی ڕاستیی هەڵوێستیان و بەرپەرچدانەوەی دوو هەڵوێستەكەی تردا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لەم ڕووەوە بەشێوەیەكی زیاتر تایبەتی باس لە جەمیل سائیب بكەین و لە نزیكترەوە سەرنجی ئەو هەڵوێستەی بدەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەم بە ڕادەی یەكەم وەك داخ لە دڵێك دژی شێخ مەحموود وەستاوە نەك وەك ئینگلیز خواهێك. چونكە لەلایەكەوە جگە لە چیرۆكەكەی، لە نووسینەكانی تریشیدا كە من بە هیی ئەویان دەزانم «ئەگەر بە هەڵە نەچووبم و هی ئەو بن»،بە پێچەوانەی هەندێ لە نووسەرانی ترەوە، خۆی لە مەدح و ستایش و پیاهەڵدانی ئینگلیز و بەریتانیای فەخیمە نەداوە، بگرە پتر باسی هەر لە شێخ مەحموود و لێ خوێندنی بووە، لەلایەكی تریشەوە، لە وەزیفەی میری یا لە داوودەزگاكانی تری ئەو سەردەمەدا، دەورێكی وەهای نەدیوە كە سەرنج ڕابكێشێ و مەغزایەك ببەخشێ. لە زەمانی عوسمانییەكانا كاتبی باج بووە. لە وەختی دەسەڵاتی ئینگلیزەكاندا كراوە بە كاتبی دایەرەی ″خەزینە – حسابات″. دوایی بووە بە بەڕێوەبەری دایەرەكە. «تا لە ساڵی –١٩٤٩–دا خانەنشین كراوە»[٥]. ئەمە لە كاتێكدا كە بەهرە و توانا و ڕادەی تێگەیشتن و خوێندەواریی ئەم، گەلێ لەوانە بەرزتر بووە كە شوێن و پایەی بڵندیان دراوەتێ.

مامۆستا جەمال بابان باشی بۆ چووە كوشتنی عارف سائیبی برای و جەمال عیرفانی ژن برای لە ساڵی (١٩٢٣)دا، وەك مرۆڤێكی خاوەن هەست و بەزەیی، كارێكی گەورەی تێ كردووە و داخ و خەفەتێكی زۆری خستووەتە دڵەوە. چونكە هەردووكیان جگە لە خزمایەتیش، دوو منەوەری ڕووناكبیر و لێهاتوو بوون و تەنانەت دڵسۆزی شێخ خۆشی بوون، بەتایبەتی عارفی برای كە لە كاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودا « یەكێك بوو لە گەنجە تێگەیشتووە پێشكەوتنخوازەكان. بۆیە شێخ بە سكرتێری تایبەتی خۆی[٦]. بەڵام لە هەمان كاتدا دەبێ لەوە بەئاگابین كە جەمیل سائیب هەر لە بنەڕەتەوە وەك عارفی برای نەیدابووە پاڵ شێخ. بگرە تا وەزعی ناهەمواری ناو شاری سلێمانی: «بەخۆی و ماڵ و منداڵییەوە سلێمانی جێهێشت، چوو بۆ كەركوك، دوو

(٥) لە خەوما– چاپی ١٩٧٥– پێشەكیی جەمال بابان – لاپەڕە (٥،٤).

(٦) سەرچاوەی پێشوو – ل– ٨–.

ساڵێك لەوێ مایەوە، تا ساڵی ١٩٢٤ کە حکوومەتی عێراق دامەزرا، ئەوسا ئەویش گەڕایەوە سلێمانی»[٧]. واتە دەبێ ئەو هەر لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە کە هێشتا شێخ لە ناو شاردا حوکمڕان بووە و دەسەڵاتی بە سەریدا هەبووە، ئیتر سا لە دژایەتییەوە بووبێ یا لە کەمتەرخەمی و پێ لایەنییەوە، هەڵاتبێ بۆ کەرکووکی ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان. داخۆ دەبێ سەبارەت بەمە چی بڵێین؟ من پتر ڕام بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم کردەوەیەی لە کەمتەرخەمی و بێ لایەنییەوە بووبێ. بەڵام ئەوە هەردوو باری "زاتی و مەوزووعی" وایان لێ کرد بەلای دژایەتیدا لابدا و بکەوێتە ڕیزی بەرەی دوژمنانی شێخەوە.

ئەم دژایەتییەی جەمیل سائیب بەرامبەر بەشێخ مەحموود، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت. واتە شێوەی مـنـەوەرێکـی قـەڵـەم بـەدەست و چـەکی نـووسین و بـەتـایـبـەتی نووسینی ئەدەبیی لێ بخاتە کار. چیرۆکی "لە خەوما"ی کە بایەخدارترینی نووسینە ئەدەبییەکانیەتی و کە منیش لێرەدا بەتایبەتی لێی دەکۆڵمەوە، دێڕ بە دێری تەرخانە بۆ هێرشبردنە سەر شێخ مەحموود و ئەوپەڕی بەهرە و توانای ئەدەبیی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تێدا بەکارهێناوە، کە بەوە بێ ئەوەی خۆی لێی بەئاگا بووبێ، یەکەمین چیرۆکی هونەریی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا هێنایە بەرهەم و بۆ یەکەم جار نموونەی ئەم بابەتە ئەدەبیی نوێیەی تێدا هێنایە کایەوە.

## بە باری ئەدەبیدا

بەم بارەدا سەرەتا من چیرۆکەکە وەها دەنوێنم: «کابرایەکی هەژاری بێ دەرەتان، لە خەویدا لە گەرمیانەوە بۆ کەسابەت دەچێ بۆ شارێکی بەرەوژوور. لە ڕێگە لەگەڵ کـاروانـدا تـووشی گـەلـێ دەردی سەری دێن، بـەتـایـبـەتـی کـە دەگـەنـە نـاو سنووری حوکمدارێتیی ئەو شارەی بۆی دەچن. چەندین جار جەردە ڕێگەیان پێ دەگرن و دەبێتە شەڕ. ئەم هەم ترس و لەرزی کوشتن و هەم ماندووبوون و سەرما و تۆف و باران تەواو زۆری بۆ دێنن. خواخوایەتی زوو بگەنە شار و ڕزگاری ببێ. بەڵام کە دەگەن خراپتر تووش دێ. ئەم کە کابرایەکی لات و نابووتە و نییەتی وەك کاروانچییەکان سەری خۆی بقەبڵێنێ، پێوە دەبێ و تۆمەتی جاسووسیەتی دەدرێتە پاڵ. دەیگرن و دەیبەنە گەورەی شار. گەورە فەرمان دەدا فڕێی بدەنە ژوورێکەوە، ژوورەکە بەلای

(٧) سەرچاوەی پێشوو– ل– ٢٣–.

ڕاستدا دەڕوانێ بەسەر ژووری "حەریم"ی گەورەی شاردا و بەلای چەپدا دەڕوانێ بەسەر دیواخان یا تەختی فەرمانڕەواییەکەیدا. لەوێوە زۆر شتی پڕ سەیر و سەمەرە دەبینێ و دەبیسێ کە لە هەردوو ژوورەکەدا ڕوو دەدەن و هۆی ئەو هەرا و ئاشووبەیەی ناو شار و دەوروپشتی دەردەخەن. کابرا لە ئاستی یەکێك لەو شتانەدا خۆی پێ ڕاناگیرێ و دەداتە قاقای پێکەنین. گەورەی شار کە تا ئەو ساتە وای دەزانی هیچ کەسێکی بێگانە ئاگای لە کەین و بەینی نییە، لەم قاقایە ڕادەچەنێ و لێی دەپرسێتەوە. تێی دەگەیەنن ئەوە کابرا جاسووسەکەیە کە خۆی فەرمانی دابوو فڕێ بدرێتە ئەو ژوورەوە.

ئەوسا گاڵ دەدا کێشی بکەنە بەردەمی و ئیتر بە لێدان بەردەبنە گیانی و داوای لێ دەکەن دانی پێدا بنێ کە جاسووسە. ئەو دەپاڕێتەوە دادوبێدا دەکات..

– بۆ خوا، بۆ پێغەمبەر، تۆ ئەسحابان، تۆ مەلائکان، تۆ چاکان و ئەولیا، تو قورئان، تو قەبری باوکت، هاوار، داد، هاوا...»(٨) و ئیتر لێرەدا چیرۆکەکە دەقرتێ.

مامۆستا جەمال بابان هەرچەندە بە لە چاپدانەوەی چیرۆکەکە، کارێکی گەلێ بەجێی کرد و بە پێشەکییەکەی خۆشی بەری لێدوان و لێکۆڵینەوەی بۆ فرانتر کرد، بەڵام بەم باری ئەدەبییەیدا هەقی خۆی نەداوەتێ و حەشاری داوەتە ژێر بارە سیاسی و مێژووییەکەیەوە. دیارە ئەو زیاتر بیر و هۆشی لای ئەوە بووە مەسەلەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ساغ بکاتەوە کە داخۆ بۆچی دژی شێخ مەحموود نووسراوە و چ زرووفێك پاڵی بە نووسەرەکەیەوە ناوە وەهای بنووسێ و تەقەلای داوە بەڵگە و بەهانەی مێژوویی خۆی بۆ دەسنیشان بکات کە ئەمە بێگومان کارێکی پەسند و بەجێیە. بەڵام ئەو ڕاستییە ئەدەبییە بایەخدارەی فەرامۆش کردووە کە جەمیل سائیب ئەو ناوەڕۆکەی داڕشتووەتە قاڵبی کارێکی ئەدەبیی ئەوتۆوە کە وەك لەوەبەر ئیشارەتمان پێ دا، بۆ یەکەم جار نموونەی لە ئەدەبەکەماندا پەیدا دەبێ، نەك هاتبێ بەیاننامەیەکی سیاسی نووسیبێ یا ویستبێتی ڕووداوێکی مێژوویی تۆمار بکات. ڕاستە دەگونجێ بوترێ: ڕەنگە ئەو خۆی بەو نووسینەی، داهێنانی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیەی لە ئەدەبی کوردیدا هەر مەبەستیش نەبووبێ و لە بنچینەدا مەسەلەکە بەلایەوە لەوە بەدەر نەبووبێ کە بە هەر شێوەیەك بێ، بیروڕای خۆی بە نووسین لەبارەی ئەو

---

(٨) لە خەوما – چاپی ١٩٧٥– لاپەڕە (٧٤).

بەسەرهاتانەی سەردەمی ژیانی خۆی دەرببڕێ. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو "ڕەنگە"یە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەو بەو کارەی بووە یەکەمین چیرۆکنووسی کورد لە کوردستانی عێراقدا و چیرۆکی هونەرییش لە ئەدەبی تازەماندا، بەو نووسینەی ئەو ڕەنگی ڕێژرا و سەری هەڵدا. ئەم بایەخە ئەدەبییە گەورەیەی، دەبێ هەردەم شایستەی ئیشارەت پێدان بێت و چەندە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بە باری سیاسی و مێژووییدا بهێنرێ و ببرێ، ئەم لایەنەی بە باری ئەدەبیدا نرخی هەقیانەتی خۆی بدرێتێ.

هەر ئەو کارە بەجێیەی مامۆستا جەمال بابان، مەسەلەیەکی تری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە. واتە مەسەلەی جیاوازی نێوان ئەو دەقەی چیرۆکەکە، کە لە ڕۆژنامەی "ژیانەوە و ژیان"دا بڵاو کراوەتەوە لەگەڵ ئەوەکەی لەمەڕ ئەم لە بەراوردکردنیاندا سەرنجم دا جیاوازن لە یەکتر، بەتایبەتی لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە. بۆنموونە با لەم چەند دێرەی هەردوو دەقەکە وردبینەوە. لەوەی مامۆستا جەمال باباندا نووسراوە: «ئەم جار دووانیان لاپەڕیان لێ گرتین، نەختێ سرپ و هووڕیان کرد و هاتنەوە نزیك ئێمە، کابرای کاروانچییان بانگ کردە لاوە، لەگەڵ ئەویش قەدەرێ چرپە چرپیان کرد. کابرایەکیش هات بەلای منەوە و وتی باوکم ئەمانە بە هیوای ئەوەن شتێکیان بدرێتێ، منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچا نیت و هیچیشت نییە بیاندیتێ، فەقەت ئەوان هەر دەست هەڵناگرن و چۆن لە ژێر چنگی ئەم بەدبەختانە دەرت بێنین. منیش تێ گەیشتم کە ئیشەکە ناڕەحەتە و ئەمانە تەشقەڵە دەکەن. یان دەبێ شتێکیان بدرێتێ یان ئێمە بە قەڵبەیەکدا دەدەن و منیش کێچ لە باخەڵمدا بۆ پوولێك سەوزەڵەگیانم دەڵێ. هەرچەنە سەرم هێنا و سەرم برد چارەسەرێکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە. وتم فلانی تۆ خۆت دەزانی کە من هیچم نییە بیاندەمێ و خۆمان لە شەڕیان لادەین و ئاگاشم لەم شتانە نییە کە ئەوان دەیڵێن، جا کەیفی خۆیانە ڕەزام بە قەزای خوا، دەسەڵاتم چییە؟»(٩) بەڵام لەوەی ژیانەوەدا بەم جۆرەیە: «ئەم جار دووانیان چوونە ئەولاوە، بە دزییەوە قەدەرێ سرپ و هووڕیان کرد و هاتنەوە. کابرای کاروانچییان بانگ کردە لاوە. لەگەڵ ئەویش قەدەرێ چرپەچرپیان کرد. کابراکەیش هات بەلای منەوە وتی ئەمانە مەقسەدیان ئەوەیە شتێکیان بدرێتێ، منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچا نیت و هیچیشت نییە بیاندەیتێ. فەقەت ئەوان هەر دەست هەڵناگرن. نازانم ئیتر چی بکەین و چۆن لە ژێر چنگی ئەمانە دەرت

(٩) سەرچاوەی پێشوو – ل– ٣٤ .

بێین. وتم فڵانی تۆ خۆت دەزانی کە من هیچم نییە بیاندەمێ و ئاگام لەم شتانەیش نییە. جا کەیفی خۆیانە»[١٠].

وەك دەبینین جگە لە جیاوازی نیوانیان لە زمان و شێوەی دارِشتندا، لە یەکەبیاندا چەند دێڕێك دەخوێنینەوە کە لە دووەمدا نییە و لە دێرەکانی تریشدا چەند ڕستەیەکی لێ زیاد کراوە. واتە ئەو دەقەی مامۆستا جەمال بابان بڵاوی کردووەتەوە، چ لە پوختکردندا و چ بە لێ زیادکردن دەسکاری کراوە، هەرچەندە کە لە ناوەرۆك و زنجیرەی کارەسات و ڕووداوەکانیدا هەر وەك ئەوەی یەکەمە. جا دەبێ بپرسین: ئاخۆ کێ دەسکاری کردووە و ئەمە چ ئەنجامێك دەبەخشێ؟

بێگومان یەکەم جار دەبێ ڕامان بۆ ئەوە بچێ کە بڵێین: دەگونجێ جەمیل سائیب خۆی کە ٢٦ ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی جاری یەکەمی چیرۆکەکەی کۆچی دوایی کردووە، پێیدا چووبێتەوە و دەسکاری کرد بێ. بەڵام لێرەدا دەبێ هەر زوو ئەو پرسیارەش بکەین کە ئەگەر وابووبێ، ئەی چ عەجەب نووکە قەڵەمێکیشی لە کۆتاییەکەی نەداوە کە تانەت دەیتوانی بە تەنیا رستەیەك بە یەك – دوو دێڕێك کۆتایی پێ بهێنایە وەك ئەوەی بینووسیایە: «بەدەم ئەم هاوار و داد و بێدادکرنەوە، لەو سامناکەکەم ڕاچەینم حەمد و سەنای خوام کرد کە ئەوەی دەمدی خەو بوو». یا دەیتوانی بدا بەدەمییەوە و درێژەی بێ بدا، نەك تەنیا ئەوەی لەوەبەر نووسیوێتی دەسکاری بکات و بەپێی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی ئەو ڕۆژانەی دەسکاری تێدا کردووە پوختی بکا.

کەوابێ دەگونجێ ڕامان بۆ ئەوەش بچێ بڵێین: جەمیل سائیب خۆی دەسکاری نەکردووە، بگرە لەلایەن یەکێکی ترەوە کراوە. جا ئاخۆ ئەو یەکە دەبێ کێ بێ؟ ئەو یەکە یا دەبێ کەسێکی بنەماڵەی خۆی بێ کە دەسنووسەکەیان لابووە و دەشزانین هەموو ڕۆشنبیر و ئەدیب و ئەدەبدۆستن. یا جەمال بابان خۆی بێ کە ئەگەر بهاتایە و بەو چەشنەی دوکتۆر ئیحسان فوئاد لەبارەی «مەسەلەی ویژدان» ئەحمەد موختار کردوێتی، دوو– سێ لاپەڕەی دەسنووسەکەی بەر دەستی بە زەنکۆگراف لە کتێبەکەدا بڵاو بکردایەتەوە، کلیلی مەسەلەکەی دەداینە دەست. بەڵام ئەو تەنانەت هیچ ئیشارەتێکی بەوە نەداوە کە ئایا دەسنووسەکەی لەگەڵ دەقە بڵاوکراوەکەی لەوەبەردا

---

(١٠) ژیانەوە – ژمارە (٣٢)– ٢٣/ تەمووز/ ١٩٢٥

بەراورد کردووە یان نا؟.

بەهەرحاڵ گرینگ ئەم بارەی مەسەلەکە نییە. بگرە ئەوەیانە کە چ ئەنجامێك دەبەخشێ!. ئێمە لەوەبەر هەموو لەسەر ڕێکەتبووین کە "لە خەوما" بەو دەقەی ساڵی ١٩٢٥ی، یەکەمین چیرۆکی هونەریی کوردییە. بەڵام ئەی ئاخۆ دەقە دەسکاری کراوەکەی ساڵی ١٩٧٥ی بەچی بدەینە قەڵەم؟. ئاشکرایە هەموو نووسەرێك تا لە ژیاندایە هەقی هەیە جارێك و دووان و دە، دەسکاری هەر بەرهەمێکی خۆی بکات و بیگۆڕێ. بەڵام کە خۆی لە ژیاندا نەما، هیچ کەسێك بۆی نییە بەرهەمەکانی بۆ دەسکاری بکات و جێگە و بایەخی مێژووییان بگۆڕێ، وەك لەگەڵ ئەم چیرۆکەی جەمیل سائیبدا کراوە. بۆیە من تا ئەو وەختەی ئەم مەسەلەیە ساغ دەبێتەوە، هەر دەقەکەی سەر لاپەڕەکانی "ژیانەوە و ژیان" بە دەقی ڕاستی چیرۆکەکە دەزانم.

***

چیرۆکی "لە خەوما" هەرچەندە لە ڕووی هونەرییەوە وەك هەر بابەتێکی کە تازە سەرهەڵدەدا، سادە و ساکارە و کەموکووڕیی زۆرە. بەڵام لەگەڵێ ڕووی گەشیش خالێ نییە کە تا ڕادەیەك بەهرە و وەستایی نووسەرەکەی دەسەلمێنن.

نواندنی کارەسات و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە چوارچێوەی خەوێکدا، ئەگەرچی جۆری باسەکەی سەپاندویێتی، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە یاریدەیەکی باشی نووسەری داوە کە بەر بۆ خەیاڵی هونەرمەندانەی بەرەڵڵا بکات و هەرچی مەبەستە، بە بیانووی گوایە خەوبینینەوە بێ سڵکردنەوە دەری ببرێ. جگەلەوەی ڕێگەی پێ داوە کە ئەگەر لە هەندێ شوێنا لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا زۆر زیاد بڕوا و شووڵی لێ هەڵکێشێ «واتە موبالەغە بکات» لێی نەگیرێ، چونکە لە خەوبینیندا ئەمە دەبێتە کارێکی ئاسایی. بۆ نموونە: بەندکردنی خەوبینەر "چیرۆك گێڕەوە" لە ژوورێکدا کە بەلای ڕاست و چەپدا پەنجەرەی بڕوانێ بەسەر ژووری "حەریم" و تەختی فەرمانڕەوایی گەورەی شاردا، ئەمە لە کاتێکدا کە تۆمەتی جاسووسیەیشی درابێتە پاڵ.

بەڵام وەکی تر هەر هەڵبژاردنی ئەو ژوورە بۆ بەندکردنی خەوبینەر، کارێکی گەلێ هونەرمەندانەیە و گەشترین ڕووی هونەریی چیرۆکەکەیە. نووسەر لەم ڕێگەیەوە ماوەی بۆ خەوبینەر کردووەتەوە کە بچێتە ناوجەرگەی کارەساتەکانەوە و لە بن

دەستەوە باس و خواز و نهێنییەکانیان پێ بزانێ و بیانگێڕێتەوە. لێرەدا ناچار دەبم ناوی "دۆزەخ"ەکەی هینری باربۆس بێنمە کایەوە. من دەزانم جیاوازی لە بەینیاندا ئاسمان و ڕێسمانە. بەڵام باربۆس ناچێ لەو ڕۆمانەیدا و پەنجەرەکانیشی شتێك نییە وەك کونە بچکۆڵەکەی دیواری ژوورەکەی باربۆس؟ لە یەکچوونەکە زۆر ئاشکرایە و بەڵام ئەوەتا باربۆس شاکارێکی لەسەر بنیات ناوە و جەمیل سائیب ئەوەی لە دەس نەهاتووە و هەرگیز نەشیدەزانی لەو وەختەدا ئەمە لە دەس بێت. تەنیا هێندە هەیە کە ئەگەر بهاتایە و لە سنووری ئەو ئامانج و مەبەستە سیاسییە تەنگەبەرە بیبردایە دەرەوە و بە باسێکی مرۆڤایەتیی ڕەسەن و فراوانی ئەو سەردەمەی خۆیەوە بهاتایە بەر مەیدان، ئەوا چیرۆکەکەی بە بەریەوە هەبوو گەلێ بایەخدارتر و سەرکەوتووتر بوایە.

جگە لەمانە لە دارشتن و شێوەی نواندنی کارەساتەکاندا هەرچەندە ڕاپۆرتانەیە و ساکارە، بەڵام پوخت و کاریگەرە و خوێنەر ڕادەکێشێ بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە بێ ئەوەی لێی بێزار ببێ. وەسفکردنی کەسان بە دیوی دەرەوەیاندا لە هەڵسان دانیشتن و گفتوگۆ و جلوبەرگیاندا کە پتر بە باری گاڵتە پێکردن و تیروتوانج لێدان لێیان دەدوێ، بەشێوەیەکی تایبەتی لە چیرۆکەکدا سەرنج ڕادەکێشێ. هەروەها بە کوردییەکی ڕەوان و زمانێکی پاراو نووسراوە، ئەگەرچی وەك هەر نووسینێکی تری ئەو سەردەمە وشەی بێگانەی زۆر تێدایە و بە ئیملای ئەو وەختەش نووسراوە کە خوێنەری ئێستا کەمێ زەحمەتیی پێوە دەکێشێ[١١].

## ئەحمەد موختار (١٨٩٦–١٩٣٥)

ساڵ (١٩٢٧ یا ١٩٢٨)ە، واتە دوو یا سێ ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب، ئەنیبێکی منەوەری تری ئەو سەردەمەمان کە تا ٣٥ ساڵیش دوای مردنی تەنیا بە شاعر ناسرابوو، دەستی دابووە قەڵەمەکەی و چیرۆکێکی پڕ لە ڕەخنە و تیروتوانج و هێرشبردنی وەك ئەوەکەی جەمیل سائیبی دەنووسی، بەڵام بە بارێکی جیاواز و لە ڕۆژگارێکی ئەو وەختە گەردەلووکەی ساڵانی دوای شەڕی گەورەی یەکەم کە بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی گێژدەدا (١٩١٨–١٩٢٤)، خامۆش بووبووەوە. باری سیاسی تەواو بەلای خواستی بەریتانیا و حوکومەتدا وەرگەڕا بوو. داوودەزگاکانی ڕژێمیان جێگر بووبوون و ئاسایی کاروباریان هەڵدەسووڕاند. جا ئەحمد موختار

(١١) مامۆستا جەمال بابان لە چاپکردنەوەیدا گۆڕیویێتییە سەر ئیملای نوێ.

جاف ئا لەم وەزعەدا دەستی دابووە قەڵەم و ئەو چیرۆکە پڕ ڕەخنە و تیروتوانج و هێرشبردنەی دەنووسی، کە من وای بە چاك جارێ لە چیرۆکەکە خۆی بدوێم ئینجا دوایی بگەڕێمەوە سەر ئەم باسە.

چیرۆکەکە دوای نووسینی بۆ ماوەی (٤٢-٤٣) ساڵ نووست. تا دوکتۆر ئیحسان فوئاد ساڵی ١٩٧٠ لەو خەوە دوور و درێژە خەبەری کردووە و لەگەڵ پێشەکییەك و ڕوونکردنەوەیەکی خۆیدا بڵاوی کردووە، دوکتۆر ئیحسان فوئاد لە ڕوونکردنەوەکەیدا سەبارەت بە ساڵی نووسینی چیرۆکەکە، لە زمانی باوکییەوە «کە دەسنووسەکە لە کتێبخانەی ئەودا بووە» دەگێڕێتەوە کە: «ئەحمەد موختار بەگی جاف ئەم سەر گوزشتەیەی لە دەوروبەری ساڵانی (١٩٢٧-١٩٢٨)دا نووسیوە، دەستنووسەکەش بە دەستخەتی مامۆستای شاعیر "عەلی کەمال باپیر" نووسراوەتەوە کە لەگەڵ خوا لێ خۆشبوو ئەحمەد بەگدا پێوەندییەکی دۆستایەتی گەلێ بەتینی هەبووە و کۆکەرەوەی بەشێکی گەورەی هۆنراوەیەکانێتی مەسەلەی ویژدان- ل-٦١» بێگومان عەلی مال باپیر ئەو وەختە هێشتا لە ژیانا مابوو[١٢].

سا وەك خۆی لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئیشارەتی داوە، ئەم هەڵەی لە دەس نەداوە، لە "دانیشتنیکی تایبەتیدا" لەم بارەیەوە پرسیاری لێ کردووە و ئەمیش ئەو مێژووی نووسینی چیرۆکەکەی سەلماندووە - مەسەلەی ویژدان - ل٦٢.

هەر دوکتۆر ئیحسان فوئاد خۆی سێ مەسەلەی تر دێنێتە کایەوە:

یەکەمیان: "لە پێشەکییەکەیدا" باس لەوە دەکا کە لە وەختی خۆیدا دەسنووسەکە دراوە بە چەند کەسێك و دوای خوێندنەوەی سەرنجی خۆیان لەسەر نووسیوە و لە بەشێکی کەمی ناوەڕۆکەکەی ڕازی بوون (ل- ١٠)، کە بەڕای من بڵاوکردنەوەی ئەو سەرنجانە لەگەڵ چیرۆکەکەدا، با بە دیرێك یا دووانیش بووبن، کارێکی سوودبەخش دەبوو.

دوومیان: لە ڕوونکردنەوەکەیدا دەری دەخا کە چواردە لاپەڕەی یەکەمی دەسنووسەکە بە یەکا نووسابوون و دەڵێ: «ناچار بڕیاری دەست لێدانی ئەو لاپەڕانەم دا، بە هەرچی چۆنێ بێ، سەرەتای چیرۆکەکەم دارشتەوە سەرلەنوێ لەبەر تیشکی ئەو ڕستانەی بۆم خوێندرایەوە و بەیارمەتی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە

(١٢) ساڵی (١٩٧٤) کۆچی داویی کرد.

خۆی –ل– ٦١».

سێیەمیان: سەبارەت بە کۆتاییی چیرۆکەکە لە گوماندا بووە. بەڵام کە لە عەلی کەمال باپیری پرسیووە، بۆی ڕوونکردووەتەوە: «کە چیرۆکەکەی ئەحمەد بەگ هەر ئەوەندەیە و ئەو دوا لاپەڕەیەی کە بە نیوەیی ماوەتەوە، کۆتاییی چیرۆکەکەیە –ل– ٦٢».

دوکتۆر ئیحسان فوئاد لێرەدا زیاتر ئەوەی مەبەس بووە کۆتاییی دەسنووسەکە ساغ بکاتەوە نەك چیرۆکەکە. بەڵام من زیاتر ئەمیانم مەبەستە و وای بۆ دەچم کە "ئەحمەد موختار" خۆی چیرۆکەکەی تەواو نەکردووە و لەو ئاستەدا وازی لێ هێناوە. بەڵگەشمان ئەمانەن:

١– زنجیرەی کارەساتەکان لە کات و شوێنێکدا دەوەستێنرێن کە هێشتا زۆریان بە بەرەوە ماوە چیرۆکەکە بە کۆتایی بگەیەنن.

٢– نیوەی دوا لاپەڕەی دەسنووسەکە «وەك دوکتۆر خۆی باسی کردووە»، بە سپێتی ماوەتەوە و تیاشیا نەنووسراوە: «"تمت" یا "تەواو بوو" یا "کۆتایی هات" ل– ٦١» کە ئەو سەردەمە ئەمە باو بووە. بێگومان دەتوانرێ بوترێ: ڕەنگبێ ئەوەی نووسیوێتییەوە کەمتەرخەمیی کردبێ و تاقەتی لە نووسینەوەی چووبێ. بەڵام ئێمە زانیمان ئەو کەسە عەلی کەمال باپیر بووە و خۆی وتوویە کە هەر ئەوەندە بووە.

٣–دوا دێرەکانی چیرۆکەکە وەها کۆتایی دێت:

«.. کوڕەکانی عەشیرتی ئەولا لەگەڵ کچەکاندا، بیستبوویان من لەو ڕۆژانەدا وام لەوێ. بە هەر نەوعێك بۆیان مومکین بووبوو، خۆیان نەجات دابوو. فیراریان کردبوو هاتنە لای من. ئەوەڵەن کچێکیان کە زۆر جوان و مەحبووبە بوو پێی وتم: جەنابی ڕەئیس ئەمڕۆ ئێمە زۆر بەختیارین کە جەنابی عالیتان تەشریفی هاتووە بۆ ئەم ناوە. چونکە ئومێدمان وایە و بە تەحقیق دەزانین کە هەقی مەزلووم لە زاڵم دەسێنی– ل–٥٩».

جا تکایە سەرنج بدەنە ڕستەی «ئەوەڵەن کچێکیان...» و ئەوسا لە ڕستەکانی دواییتر وردببنەوە کە بەئاسانی هەست دەکرێ هێشتا کچەکانی تر و کوڕەکانیش، قسەی تریان پێیە بیکەن. جگە لەوەی جەنابی ڕەئیسیش دەبێ زیاتر گوێ بگرێ و قسەی

تریان لێ ببیسێ و ئینجا دەبێ گفتێ هەر بدا و مەسەلەکە بەلایەکدا بخات.

جگە لەمانە سەرنجم دا دوکتۆر ئیحسان فوئاد لە هەندێ وردەکاریدا کە لە پلەی ئێستای هونەری چیرۆکنووسینماندا باو و ئاساییە، دەسکاری دەقی چیرۆکەکەی کردووە. وەك چوونە سەری دێر و دانانی داش بۆ گفتوگۆ و نوقتە و وێرگول و نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان.. هتد، کە ئەمە کارێکی پەسەندە. تکایە بۆ ئەم مەبەستە بەراوردێ بکەن لە نێوان لاپەڕە (١٢،١١) کە لاپەڕە (٤٧، ٤٨)ی دەسنووسەکەیە و لاپەڕە (٣٣، ٣٤)ی چیرۆکەکە بە چاپکراوی.

## چیرۆکەکە

زۆراب کوڕە هەژارێکە و هەر لە منداڵییەوە هەتیو دەکەوێ، دوای ئەوەی فێری کوێرەخەتێك دەبێ. خزم و خوێش ماوەیەك دەیژیەنن. بەڵام کە تۆزێ بەخۆدا دێ، بڕیار دەدات خۆی بژیەنێ. ئەمە یەکەمین نیشانەی مەردایەتی و سەربەرزییەتی و لە پاڵە تفت و تاڵی و کەساسیی ئەو چەند ساڵ ژیانی لەوەبەریدا، دەبێتە تیشکێکی گەش لە بیر و هۆشی خوێنەردا و کردار و ڕەفتارە مەردایەتییەکانی تری ڕۆژانی لەوەدوای لا خۆشەویستر دەکەن.

زۆرابی لاو دەچێتە کۆڕی ژیانەوە. سەرەتا بە شاگردیی ئاسنگەر و دارتاش و پینەچی دەس پێ دەکا ، ئینجا بەردەستەیی "دووکاندارێکی تاجیر". بەڵام هەر لە ئەوەڵەوە هەست دەکا کە دووکاندار غەلوغەشێکی زۆر دەکا، بەتایبەتی لە ڕەشوڕووتەکانی لادێ. زۆرابی هاودەرد و ئازاری ڕەش و ڕووتەکان بێدەنگ نابێ. قسە دەکا. نارەزایی نیشان دەدا و پەردە لە ڕووی غەلوغەشی وەستای هەڵدەماڵێ. ئەنجام... لای ئیدارە ناکا. دەچێتە لای تاجیرێکی تر. لەگەڵ ئەویشا هەروەها و لە ڕێگەی ئەوەوە لەگەڵ ئاغایەکی دەرەبەگیشدا تووشی گێچەڵ دەبێ. ئەمانە بە هەرجا. چونکە تیجار و ئاغای دەرەبەگ فڕوفێڵ و زوڵم و زۆر بکەن ئاساییە. بەڵام ئەی جووتیارە ڕەشوڕووتەکان بۆچی دزی و غەش دەکەن؟!.. با لە تیجار و ئاغای دەرەبەگیشی بکەن. زۆرابی دەسپاك و ڕەوشت و کردار نموونەیی، ئەم دزیکردنەی جوتیارەکانیشی لا ناپەسەندە و ڕێی لێ دەگرێ. بۆیە بە هەموو دەچن بە گژیدا و دوژمنایەتیی دەکەن. تا وای لێ دێ لە ساتێکی بێزاری و وەڕسبووندا بە خەفەتبارییەوە بڵێ: «مەعلوم بوو کە سەداقەت خیانەتەوە خیانەت سەعادەت –ل–

٢٢». ئەوسا زۆراب شاری "هـ" کە تێیدا لە دایك بووە جێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە شارێکی تری لیواکەیان. لەوێ دەس دەداتە ئەرزوحاڵ نووسین. بەڵام هەر لە نووسینی یەکەم ئەرزوحاڵەوە خراپ تووش دێ. دەردەکەوێ کە "ئیستیدعا"کەی غەڵەت نووسیووە و ڕەئیسی دائیرە بڕیار دەدا بە "قانوونی عەشایر" محاکەمەی بکا. دادوبێداد دەکا. بێ سوود دەبێ. جەنابی ڕەئیس گاڵ دەدا کەمێکیش سەر و قەپۆزی بکوتنەوە. ئەم لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «خوا قودرەت قابیلی تۆیە. یەکێ لەسەر خەت ناشیرینی موحاکەمە دەکرێت. یەکێ لەسەر خەت ناشیرینی مەسعوود بووە و بەختیارە! ل– ٢٩». ئەمە دوای ئەوەی کە جەنابی ڕەئیس جگە لە تۆمەتە گەورەکەی، تۆمەتی خەت ناشیرینی دەداتە پاڵ. لە کاتێکدا زۆراب بەچاوی خۆی دەبینێ کە خەتە پیسەکەی خۆی، زۆر لە خەتی ئەو جوانترە.

ئەحمەد موختار لەم ساتەوە «کە سەرەتای هەڵگەڕانەوەیەکی بنەڕەتییە لە ڕەوشت و کردار و ڕەفتاری زۆرابدا» ئاشنایەکی بۆ دێنێتە کایەوە کە تا سەر لە وەختی خۆیا بەفریای دەکەوێ و بە ئامۆژگارییە پڕ لە زیرەکییەکانی دەچێتە بن کلێشەیەوە و ڕێگە داخزانی بۆ خۆش دەکا بەرەو زەلکاوی پیاوخراپی. بەڵام بێ ئەوەی تەقەلا بدا، یا پێوەی دیار بێ کە نائاساییە و بە زۆرەملێ دەیەوێ ڕەقوکینە لە هەست و هۆشی خوێنەردا بەرامبەری ببزوێنێ. بگرە دەتوانم بڵێم: کارێکی وەهای کردووە کە خوێنەری چیرۆکەکە نە ڕقی لێی هەڵسێ و نەخۆشیشی بوێ.

بەهەرحاڵ کابرا «کە هێشنا نەختێ دۆستی بوو»، دەبێتە کەفیلی زۆراب و بەمە دەیانکاتە تەواو ئاشنای یەکتر و بۆ شەوێ، یەکەمینی ئامۆژگارییە بە نرخەکانی پێشکێش دەکا...

– پارەت هەیە؟.

– بەڵێ.

– ڕەئیس موعتەمیدێکی هەیە. بچۆ تەشەبوسی پێ بکە!

ل– ٣٠ .

پێکەوە دەچن سەر دەقەبڵێنێ. بۆ سبەینێ ڕەئیس زۆر بە ئیحتیرامەوە پێشوازی دەکا و: نەك هەر لە گێچەڵەکە ڕزگاری دەکا، بگرە داواشی لێ دەکا چی دەوێ بۆی جێبەجێ بکات.

بێگومـان ڕەوشت و کردار و بیروبـاوەڕی نموونـەیی لەوەبـەری زۆراب وایـان دەگەیـاند کـە نـەدەبـوو کـردەوەی وەهــا لــێ بـووەشێتــەوە. بـگـرە دەبـوو هــەر بــەردەوام بـوایـە لـە بەگژاچووندا و وەك چۆن لە سەرەتـادا لـە ڕووی ڕەئیسدا هـەگلگەڕایەوە، هـەروەهـا سوور بوایە لەسەر ئەو هەڵوێستەی و کۆڵی نەدایە، کە ئەوسا نە زۆراب ڕێبازی ژیانی خۆی دەگۆڕێ و نە کارەساتەکانی تری چیرۆکەکە بەو جۆرەی ئێستایان ڕوویان دەدا. یانی ڕەنگ بوو یا لەوێدا کۆتاییان بهاتایە. یا بەردەوام بوونایە لەسەر نیشاندانی چەند نموونەیەکی تری مەردایەتی و پاکی و بەگژاچوونی زۆراب و دوای ئەوە هەر دەوترا: ئێ.. چی تر؟.

بـۆیـە ئـەحـمـەد مـوخـتـار وای نـەکـردووە کـە ئـەمـە گـەشتـریـن تـیشکـی ئـەدەبـیـی چیرۆکەکەیە و دەچێتە ناو دیوی ئەودیوی کارەساتەکانەوە و لە نزیکەوە، لە دیوی ناوەوەی زۆرابەوە (کە دەبێ بە زۆرابەفەنی و زۆراب بەگە و زۆراب ئاغار... هتد»، زنجیرەی ئەو کارەساتانەمان دەخاتە پێش چاو.

بەودیوا، وا زۆرابی مەرد و دەس و دڵپاك و خاوەن بیروباوەڕی نموونەیی، خاو بووەوە.. شل بوو.. بەزی.. بەرتیلی دا کە لە حەپسکردن بە پێی قانوونی عەشایر ڕزگاری ببێ. زۆراب لەم حاڵەدا دەیتوانی:

١– یا واز لە بیروباوەڕە نموونەییەکەی بێنێ و ببێت بە مرۆڤێکی ئاسایی وەك ئەو هەموو خەڵکە. دەسبداتە کاسبییەك ژن بێنێ و خێزانێك پێکەوە بنێ، کە لەم حاڵەتەدا هێندەی مەسەلە پێوەندیی بە چیرۆکەکە و هونەری چیرۆکنووسینەوە هەبێ، بەچەند دێرێك دەبڕایەوە.

٢– یا وەك خۆی دەستی دابوویە هەروەها بەردەوام بێ و بە موو لەو ڕێبازە پاك و بێ گەردە لانەدات و هەر ئەو پیاوە بێ کە بووە، دیارە لەگەڵ بەردەوامبوونیا لەسەر دەرد و سزا و ئازارچەشتن.

٣– یاخۆ ببەزێ و کۆڵ بدات و ملبدا کە بچێتە ڕیزی بازرگان و ئاغا و کاربەدەستی بەغەش و غایلە و زۆردارانەوە.

کەموکووڕیی هەرە گەورەی چیرۆکەکە لەوەدایە کە بازدی بەسەر ئەم مەسەلە هەر گرینگ و ناسك و ئاڵۆزەدا داوە و لەسەری نەوەستاوە. هەرچەندە بە دیوەی دەرەوەدا کەمێ ڕێگەی بۆ خوش کراوە بەوەی زۆراب خراوەتە بەر چورتمێك.. بەر گێچەڵێکی

گەورە، کە ئەنجامە توندوتیژەکەی جیاوازە لە ئەنجامی چورتم و گێچەڵەکانی لەوەبەری. بەڵام بەدیوی ناوەوەدا "ناوەوەی زۆراب"، مەسەلەکە بە شل و شێواوی تێ دەپەڕێ و لای خوێنەر دەبێتە گۆڕانێکی کوتوپڕ.

بەهەرحاڵ، زۆراب کە هێشتا لە سەرەتای ڕێباز گۆڕینەیدایە هەست بەم هەڵگەڕانەوەیەی خۆی دەکا. جەنابی ڕەئیسی دائیرە «دوای ئامۆژگارییەکەی کابرای ئاشنای» بە کردەوە دەیخاتە سەر ڕێگەی تازەی ژیانی. فەرمان دەدا کە ئەم «ئەسڵەن خەڵکی ئێرەیە و ئێستا هاتووەتەوە و خەتی جوانە..» و جگە لەم «ئیستیدعا نووسین بۆ هەموو کەس مەمنووعە» ئەم دەزانێ دوو عەرزوحاڵ نووسی تری هەژار لە پێش خۆیدا هەبوون و ژیانیان بەندی ئەو ئیشە بووە. دەشزانێ بەو فەرمانەی ڕەئیس ئەوان نانبڕاو دەبن... «ئەمما لەبەرئەوەی وەزعی موحیت وای تەقازی دەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجنس و هاوزمانی خۆیدا دەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم لە ویژدان کردووە وتم: بە جەهەنەم دەمرن لە برسا!.. بە ئیستلاحی کوردی: بە گونی بارگیرمەوە!.. ل– ٣٢».

کارەسات لێرەوە ئیتر بە تەواوی بە پێچەوانەی جۆری بیرکردنەوە و کردار و ڕەوشتی لەوەبەری زۆرابەوە تێ دەپەڕێ، زۆرابە هەژارە چەساوە مەرد و دەس و دڵپاکەکەی جاران، دەبێتە زۆرابەفەنی مەئمووری تەحسیلات. دەس دەکاتە ڕاووڕووت و دزی و سەروەت و سامان پێکەوەنان. لەم ڕووەوە حەوت بەرد دەدا بە پشتی بازرگان و ئاغای دەرەبەگ و ڕەئیسی دائیرەی کاربەدەستدا. کارەسات بەم شێوەیە ڕوو دەدات و تێ دەپەڕێ. بەڵام جارێکی تریش ئەحمەد موختاری چیرۆکنووس، وەستایان بەهرەی خۆی دەنوێنێتەوە. نایەڵێ زینجیرەی کارەساتەکان هەروا ئاسایی و بێ کۆسپ و کەند و پێچوپەنا "کە لە ژیاندا زۆرن" تێ بپەڕن. زۆرابی لە کون هەڵگەڕاوە بەم دەیوەشدا.. بەم بارەشدا هەر تووش دێ ئەم جارەیان بە دوو بارا:

یەکەم: بە باری چینەگۆرکێدا کە زۆرابە هەژارە چەوساوە «بەڵام تێ گەیشتوو»ەکەی لەوەبەر لە ڕیزی چینەکەی خۆیەوە، شوێنی دەگوێزێتەوە بۆ ڕیزی چینێکی زۆر جیاواز.. چینێکی دژ و ئاوەژووی ئەوەکەی خۆی کە بێگومان ئەمە کارێکی ئاسان نییە و زۆرابەفەنی تووشی جۆرە گێچەڵێکی تازەبابەت دەکا... گێچەڵێکی وەها کە وەختێك مەسەلە دێتە سەر لێپرسینەوە، ئەم لەو مووچەخۆرە پایەنزمە زیاتر نییە کە جەنابی مەئمووری تەحقیقات و دادگە لە

چاوی کاربەدەستە زلەکانەوە سەیری دەکەن و هیچ بایەخێکی پێ نادەن.

دووەم: سەر لێ هەڵدانەوەی گیانی دەست و دڵپاکی و هەست و بیر و هۆشی ڕووناکی لەوەبەری. واتە گەرای پاکییەکەی جاران لەگەڵ ناپاکییەکەی ڕێبازی تازەیدا بە یەکیانا دەدا و لە ناخی زۆرابەفەنیدا زۆرانیان دەگرت. تەنانەت خوێنەر تا دوا دێرەکانی چیرۆکەکەش بەتایبەتی لە دوا پەرەگرافیدا لەو هیوایە دەسبەردار نابێ کە گوایە دەگونجێ زۆرابەفەنی دوای ئەو هەموو ڕاووڕووت و دزی و پیاوخراپییەشی کردوێتی، با یداتەوە و بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی کردار و بیروباوەڕە نموونەییەکەی ڕۆژانی لاوی خۆی. مەردانە بێتەدەست و وەك کاربەدەستێکی خاوەن ئەو هەردوو مێژووە، کچان و کوڕانی غەدرلێکراوی هەردوو عەشیرەت لەو زوڵمە ڕزگار بکا. بڕیار بدا و بڵێ: « لەبەرئەوەی نە کچەکان ڕازین شوو بە کوڕەکان بکەن و نە ئەمانیش ڕازین ئەوان مارە بکەن، منی کاربەدەست و فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیەش ڕازی نابم». ئینجا دەیوت: «بۆ ئەوەی ئەم شەڕەی نێوانیشتان کۆتایی بێت، من ڕێگەیەکی ترتان بۆ دادەنێم...»».

من نازانم ڕێگەکەی تر لەو وەختەدا دەبوایە کامە بوایە. ئەوە ئەحمەد موختار و زۆرابەفەنییەکەی «دوای گەڕانەوەی بۆ سەر باری پێشوو» دەیانزانی. بەڵام ئەحمەد موختاری چیرۆکنووس نەك بڵێی زەفەری پێ نەبردووە، بگرە وەك لەوەپێش باسمان کرد چیرۆکەکەی تەواو نەکردووە و لەو ئاستەدا وازی لێ هێناوە. لەبەرئەوە زۆراب بەگیش لەوێدا لە جووڵە کەوتووە و ئەو کارەی نەکردووە کە وەك وتمان دەگونجا بیکا. یا بە پێچەوانەوە، ئەوەشی نەکردووە کە هەر لەسەر ئەو ناپاکییەی بەردەوام بێ و با بڵێین کچە زۆر جوان و مەحبووبەکە بۆ خۆی داگیر بکا... یا هەر شتێکی تری لەم بابەتە.

کارەساتەکانی چیرۆکەکە، کە کارەساتی ژیانی زۆرابی چەوساوە و زۆرابی چەوسێنەرە، وەها ڕوو دەدەن و تێ دەپەڕن و کۆتایی ″ناکۆتایی″ یان دێت. جا لەمە دەگەینە چ ئەنجامێك؟.

بێگومان چیرۆکەکە وەك کارێکی ئەدەبی، بە ئاشکراو زۆر لە ڕوو مەبەستی ڕەخنەگرتن و تیروتوانج بووە لە کاربەدەستە دز و بەرتیلخۆرەکان و لەگەڵیاندا

بازرگانە چاوچنۆکەکان و دەرەبەگ و ئاغا خوێنمژەکان، کە ئەمە لە ئەنجامدا ڕەخنەگرتن و تیروتوانج دەبەخشێ لەو ڕژێمەی دەسگای حوکمی بەدەستەوە بووە و لە کۆمەڵدا دەسەڵاتدار بووە و ئەوانە لە ژێر سایەی ئەودا و بە ناوی ئەوەوە، ڕاووڕووت و زوڵموزۆریان کردووە. نەك هەر ئەمە، بگرە دەتوانین بڵێین: ئامانجی چاوکردنەوە و هاندانی خەڵکە زۆرلێکراوەکەش بووە بۆ بەگژاچوونی ئەو زۆردارانە و خۆ ڕزگارکردن لە زۆر و جەوریان. ئەوەتا لە شوێنێکدا دەڵێ: «ڕۆژێك دەبێت حەقیقەت جێگەی خۆی بدۆزێتەوە و ئەم میللەتە فەقیرە بێداربێتەوە و ئەم نەوعە میقرۆبانە دەفع بکەن. چونکە ئەم زوڵمە کە ئەمانە کردوویانە بە پیشە، ئاخری ئەهالی مەجبوور دەبن بە فیکرکردنەوە بۆ پەیداکردنی ڕێگەیەکی نەجات. چونکە حەپس تا زیاتر ئەزیەتی بکەن، زیاتر فیکر دەکاتەوە بۆ ڕێگەی وەسیلەی فیرار–ل– ٥٥».

″مەسەلەی ویژدان″ بەم بارەدا، شەهادەتنامەیەکی گەلێ بایەخداری ئازاریەتی و مەردایەتی ئەحمەد موختارە لە گوناهبارکرن و ڕیسواکردنی ڕژێمی کۆنەپەرستی گەندەڵی ئەو سەردەمەی خۆی و لایەنگرتنی بەرەی چەوساوەکان و پارێزگاری لێکردنیان لە ڕووی جەور و ستەمی ئەو ڕژێمەدا. ئەمە بە باری ئەدەبیدا ئاشکرا و ڕوونە و گەردی پێوە نییە، بەتایبەتی کە لەوەبەر وەك شاعیرێکیش، هەر بە ڕووناکبیرێکی کوردپەروەر ناسیبوومان و لە گەلێ شیعری نیشتمانیدا ئەو رەخنە و تیروتوانجەی چیرۆکەکەی و هەر بەو ڕەنگ و بۆیە بەدی دەکەین.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەحمەد موختار وەك مرۆڤ وەها دەناسین کە دوای شکستی هێنانی یەکەم جاری شێخ مەحموود ١٩١٩ و داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە، کراوە بە قائمقامی هەڵەبجە. کە بۆ جاری دووەم شێخ گەڕاوەتەوە سلێمانی ١٩٢٢، ئەمیش یەکێك بووە لەوانەی لەگەڵ دەستەی بەگزادانی جافدا چووە بە پیرییەوە و خۆشنوودی نیشان داوە[١٣]. ئینجا کە حکوومەت پێك هێنراوە، وەزارەتی ″شەرع و عەدل″ بەبێ وەزیر هێڵراوەتەوە ئەم بە موەقەت کراوە بە ″وەکیلی ڕەئیسی شەرع و عەدل″[١٤] واتە وەکیلی وەزارەت. بەڵام وا دیارە دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم شێخ مەحموود گرتویێتی و حەپسی کردووە، چونکە ″معروف″ ناوێك دوای ئەو بووە بە

(١٣) ڕۆژنامەی بانگی کوردستان – ژمارەی (٩)– ١٨/١٠/١٩٢٢ .
(١٤) ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان – ژمارە(٢)– ٢٢/١١/١٩٢٢.

وەکیل(١٥) و دوای ئەوەش بە مانگێك شیعرێکی لە ڕۆژنامەی "ڕۆژی کوردستان"دا دەخوێنینەوە کە لە دامێنیدا نووسیویە «ئەوسا قائمام و ئێستا مەحبووس– ئەحمەد موختار» کە تێیدا لە شێخ دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

سەبا عەرزی خلوصی و بەندەگیم و هەم دوعاخوازی
ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلەیمانی
بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی صلاح الدینی ئەیوبی
بەزۆری پەنجە وەك حەیدەر بە سیما یوسفی سانی

ئینجا دەڵێ:

لە پاش ئەم ئیحتراماتە بڵێ بەو شاهی دەورانە
چ جورمێکی هەیە أحمد کە کردووتە بە زیندانی

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

بە لوتف و مەرحەمەت ئەم بەندەیەی خۆتە عەفوو فەرموو
ئەتۆ سەرفی نەزەر فەرموو لە جورم و سەهوو نسیانی
لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نییە أحمد
بەکاری هیچ نەهاتن دۆستەکان و خزم و خوێشانی(١٦)

بەڵام دوای تێکشانی دووەم جاری شێخ محوود و سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگیزەکانەوە ١٩٢٣، ئەحمەد موختار کراوەتەوە بە قائیقامی هەڵەبجە و دوایش بووە بە نائبێکی پەرلەمانە بەناوبانگەکەی نووری سەعید، تا لە ٥ی شوباتی١٩٣٥دا کە هێشتا لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا بووە کوژراوە.

بێگومان من بەو نیازە لە مێژووی ژیانی دەکۆڵمەوە، بەتایبەتی لەو ساڵانەدا، تا وەرامی ئەو پرسیارەم دەسگیر ببێ کە ئایا ئەحمەد موختارێك کە خۆی یەکێك بووە لە کاربەدەستە گەورەکانی ڕژێم، چ عەجەب لەو چیرۆکەیدا «ئەگەر چی بڵاویشی نەکردووەتەوە» ئەو هێرشە توندوتیژەی بردووەتە سەر و لە نێوانی کاربەدەستانیەوە و بازرگان و دەرەبەگەکانی پشتیوانییەوە، بەو جۆرە گوناهبار و ڕیسواری دەکات؟ تۆ

(١٥) ڕۆژی کوردستان – ژمارە (٩)– ١٩٢٣/١/١٧.
(١٦) ڕۆژی کوردستان – ژمارە (١٤)– ١٩٢٣/٢/٢٤.

بڵێی ئەویش وەك جەمیل سائیب مەبەستێکی تایبەتیی خۆی لە نووسینیدا هەبووبێت، وەك ئەوەی دژی یەکێك یا چەندانێك نووسبێتی کە ڕقی لێیان بووبێت و بەوە ویستبێتی ڕەجاڵیان بکات و بیانشکێنێ؟ یا هەر ڕاستەوخۆ ئەوەی مەبەست بووە کە ئێستا ئێمە تێی دەگەین؟.

بۆ ئەم مەبەستە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی و بەراوردکردنی لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیدا، لە وەرامدانەوەی ئەو پرسیارەدا یاریدەیەکی باشمان دەدات. دوکتۆر ئیحسان فوئاد لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئیشارەتی بەم مەسەلەیە داوە و دەری خستووە کە لە یەکچوونێکی تەواو لە نێوان ناوەڕۆکی شیعرەکانی و چیرۆکەکەیدا هەیە و چەند نموونەیەکیشی لە شیعرەکانی بۆ هێناوەتەوە. وەك ئەوەی کە دەڵێ:

چەند کەسێکی تازە پیاوکەوتوو لە کوورە دەرچوون
پیاو کە چوو بۆ ئیش لە پێشا بۆ قلەمەی گیرفان دەکەن

یا کە دەڵێ:

مەعنای وەها لێك ئەدەنەوە بەعزێ موەظەف
قانوون ئەوەتا کەشفی بکەن باخەڵ و گیرفان

کە هەر ئەمە بەگشتی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیەتی.

بە ڕای من ئەحمەد موختار هەرچەندە ئەو کاربەدەستە گەورەیەی ڕژێم و ئەو بەچکە دەرەبەگ و "شازادەی کوردان"ە کە بووە باسمان کرد، بەڵام ئەدیبێکی ڕووناکبیری خاوەن هەست و وێژدانێکی پاك بووە و لە دڵ و دەروونەوە دژی زوڵموزۆری کاربەدەست و ئاغا و دەرەبەگە خوێنمژەکان بووە بیروباوەڕ و کردار و نەریتی کۆنەپەستانەی لا ناپەسەند بووە. هەروەکو لە هەست و بیروباوەڕی کوردایەتیشیدا، ڕاستگۆ و سەرڕاست بووە و بۆی دڵسۆز بووە. بۆیە ئەو ئەگەرچی ئەوەی لە ناخی بیر و هۆشیدا باوەڕی پێی هەبووە بۆی نەلواوە بەکردار پێی لەسەر داگرێ و ڕاستەوخۆ کۆششی بۆ بکات، کە دەبێ بە هەردوو باری "زاتی و مەوزووعی"دا لەم ڕووەوە وەزعیمان لە بەرچاو بێ، بەڵام بە ئەدەب و بەشێوەیەکی تایبەتی لە چیرۆکەکەیدا زۆر بە ئاشکرا و لە ڕوو ئەو ئەرکەی بەجێ هێناوە. واتە دەتوانین بڵێین: لە مەیدانی چالاکیی ئەدەبیدا، ئەحمەد موختاری هەست و وێژدان پاکی کوردپەروەری دڵسۆز و ڕاستگۆ دەبینین کە وەك ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز قەڵەم دەخاتە سەر قاقەز و دەنووسێ، نەك بەچکە

دەرەبەگێك و كاربەدەستێكی گەورەی ڕژێم.

بەم پێی من پتر ڕام ئەوە دەچێ كە ئەحمەد موختار خۆشی، مەبەستی لە نووسینی "مەسەلەی ویژدان" ڕاستەوخۆ هەر ئەوە بووبێ كە ئێستا ئێمە تێی دەگەین. واتە ڕەخنەگرتن لە پەراگەندەیی ڕژێمی سەردەمی خۆی و ڕیسوا و ڕەجاڵكردنی نموونەی چەندین كەسانی دز و بەرتیلخۆر و تەڵەكەباز و خوێنمژ و كۆنەپەرست... هتد، كە دەسنێژی ڕژێمەكە خۆی بوون و لە سایەی ئەودا ئاشیان گەڕاوە.

## پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)

سەرەتای كۆششی پیرەمێردی شاعیر و وتار و شانۆگەری و ڕۆژنامەنووس و فۆلكلۆریست و وەرگێڕ لە گۆڕی چیرۆكنووسینیشدا، لە سەرەتای سییەكاندا لە ڕۆژنامەی "ژیان"دا بووە. لە ژمارەكانی «٣٣٠- تەمووزی ١٩٣٢ تا ٣٧٦- ئەیلوولی ١٩٣٣»، لەم ڕووەوە دوو كۆششی دەخوێنینەوە یەكەمیان "ئاواتی دڵ- گەشنێ بەسەر باڵی پەڕندەی خەیاڵەوە" كە لە ژمارەكانی «٣٥٥-٣٥٧»دا سێ ئەڵقەی لێ بڵاو كردووەتەوە. لە دامێنی سێیەمیاندا نووسیویە "ماوێتی" و بەڵام ئیتر لەویدا قرتاوەوە و پاشماوەكەی نابینین.

نووسینەكە بریتییە لە گەشتێكی نووسەرەكەی "پیرەمێرد" بە سواری باڵی پەڕندەی خەیاڵ بۆ ئاسمان بۆ بارەگای پەروەردگار. لەوێ دەبینێ كار گەرانی بارەگا "فریشتەكان" سەریان هێجگار قاڵە... وەك كوورەی هەنگ بە یەكا دێن و فرك و، هووڕیانە لە فڕیندا بۆ سەر ئەرز و گەڕانەوەیان بۆ بەربارەگا. هەریەكەیان بە پێی ئەو ئەركەی پێی سپێردراوە، دەدا لە شەقەی باڵ و دەفڕێ بۆ سەر ئەرز، ڕاپۆرتی خۆی دێنێ و پێشكێشی پەرەوردگاری دەكا. ئەم كە لەوێیە و لە نزیكەوە ئاگای لێیە فریشتەكان لە ڕاپۆرتەكانیاندا چی بە پەروەردگار ڕادەگەیەنن، بە وردی سەراپای كارەساتی هەژاری و برسێتی و زۆروجەور و پیاوخراپی و دەرد و ئەندێشەی ئادەمیزادی سەرزمین پێ دەزانێ كە هەریەكەیان لە نێوانی بەسەرهاتێكەوە بە چەند دێڕێك دەنوێنێ و ئەمیش لەلای خۆیەوە دڵی پێیان دەگوشرێ و خەمیان بۆ دەخوا.

نووسینەكە نەك تەنیا تەواو نەبووە، بگرە ئەو سێ بەشەی بڵاو كراوەتەوە زیاتر لەوە دەچێ سەرەتایەك بێ بۆ نووسێنێكی دوور و درێژ. چونكە كە لە خوێندنەوەی بەشی سێیەمی دەبینەوە، وا هەست دەكەین تازە لە سەرەتای باسەكەداین و هێشتا زۆری بە

بەرەوە ماوە نووسەر ئەو ئامانجە بدا بەدەستەوە کە نیازی بووە بۆی بچێ. واتە دەبێ گەلێ کارەسات و ڕووداوی تر لە بارەگای پەروەردگاردا ببینێ و ئەنجامێکیشی دەسگیر ببێ، پێش ئەوەی باڵندەی خەیاڵ بیگەڕێنێتەوە سەر ئەرز.

پیرەمێرد بەپێچەوانەی ئەدیبەکانی تری ئەو ڕۆژانەمانەوە وەزعێکی لەباری بۆ هەڵکەوتبوو کە لە وەختی خۆیدا ئەوەی دەیهێنێتە بەرهەم بڵاوی بکاتەوە، چونکە چاپخانەیەك و ڕۆژنامەیەکی لە بەردەستدا بوو کە لە ڕێگەیانەوە هەرچی بنووسیایە دەیتوانی یەکسەر لە چاپی بدا و بڵاوی بکاتەوە و وەك دەزانین وەهاشی کردووە. بۆیە سەبارەت بەم نووسینەی دەبێ بپرسین: ئایا بۆچی پاشماوەکەی بڵاو نەکردووەتەوە و لەوێدا وەستاندۆیتی؟ من ڕام وایە کە لەبەر هەر هۆیەك بووبێ، خۆی نووسینەکەی تەواو نەکردووە و لەوێدا دەستی لێ هەڵگرتووە، نەك بڵێی گوایە ماوەی لە چاپدانی لێ بڕاوە. من بەدووری نازانم لە سەرەتادا کە دەستی داوەتە نووسینی، بە پەرۆشەوە بۆ ئەوە چووبێ شتێك لە بابەتی "کۆمیدیای خواوەندی"ی دانتی لە ئەدەبی کوردیدا بهێنێتە بەرهەم. بەڵام بەشێك و دووان و سیانی لێ نووسیوە و ئیتر لەوێدا وەك وتم لەبەر هەر هۆیەك بووبێ، وازی لێ هێناوە. من بە ڕادەی یەکەم وەهای تێ دەگەم. بەڵام لە هەمان کاتدا دەگونجێ بوترێ: نەء... پیرەمێرد لە بنەڕەتەوە ئەو گەشتەی تەنیا وەك وتارێك و بۆ مەبەستێکی "ئەخلاقی" نووسیوەونە نیازی ئەوەی هەبووە زۆر درێژی پێ بدات و نە مەبەستیشی چیرۆکنووسین بووە.

کۆششی دوومیان "دوانزە سوارەی مەریوان"ە کە لە ژمارەکانی «٣٦٦-٣٧٦»دا لە دە ئەڵقەدا بڵاوی کردووەتەوە. جا هەرچەندە بۆ ئەمیش لە دامێنی بەشی دەیەمیدا نووسیویە "ماوێتی" و کەچی دوای ئەوە پاشماوەی نابینین، بەڵام لە ساڵی **١٩٣٥دا** بە نامێلکەیەك دووبارە بڵاوی کردووەتەوە(١٧)، بێ ئەوەی لەگەڵ دەقەکەی پێشووی سەر لاپەڕەکانی "ژیان"دا جیاوازی هەبێ یا لێی زیاد کرابێ، کە بەوە "ماوێتی"یەکەی پێشوو حسابی نامێنێ.

چیرۆکەکە وەك هەموو دەزانین، داستانی قارەمانێتی دوانزە سواری ئازا و دلێری لەشکری بابانەکان دەگێڕێتەوە بەرامبەر بە دوانزە هەزار سەربازی لەشکرێکی عەجەم کە هاتبوون پەلاماری ئەمارەتی بابان بدەن و بەڵام ئەمان بوونەتە پێشەنگ و بەر

(١٧) ساڵی (١٩٥٩) چاپخانەی "ژین" بۆ دووەم جار لە چاپی داوەتەوە.

لەوەی لەشکریان بگاتە کۆڕی شەڕ لە ناوچەی مەریوان، بەپێی نەخشەیەکی تایبەتی خۆیان هەڵمەتیان بردووەتە سەر لەشکرە دوانزە هەزارییەکە و بەزاندوویانە.

چیرۆکەکە « وەك خۆی پیرەمێرد خۆشی ئیشارەتی پێ داوە»، لە بنچینەدا داستانێکی فۆلکلۆری بووە و بە بەیت و مەقام خەڵکی دەماودەم گێڕاویانەتەوە. بەڵام ئەم هاتووە لە قاڵبی چیرۆکێکی هونەریدا تۆماری کردووە و خۆی هەر لە ناواخنی چیرۆکەدا لە بەینی دوو کەوانەدا نووسیویە: «ئەگەر حەقتان ئەوێ، ئەوەڵ پاروو بەر من دەکەوێ، من زیندوویان دەکەمەوە- پیرەمێرد»، لە خۆی بە ئاگا بووە کە بەو کارەی ڕووداوێکی مێژوویی کە بووبووە بەیتێکی فۆلکلۆری بەسەر دەمی خەڵکەوە، دەکاتە چیرۆکێکی نووسراو و بەوە ڕزگاری دەکا لە فەوتان و لە بیرچوونەوە و لە کۆڕی ئەدەبی نەتەوەییدا نەمریی دەداتێ. پیرەمێرد ئەوەی سەبارەت بە دوانزە سوارەی مەریوان کردویەتی، دوایی لەبارەی دوو ڕووداوی مێژوویی- فۆلکلۆری تریش کردویەتی کە بەسەرهاتی "مەحموود ئاغای شیوەکەڵ".

ئەم ئاوڕدانەوەیەی پیرەمێرد لە کارەسات و ڕووداوی مێژوویی و بەتایبەتی فۆلکلۆرییەکانی کە هێندە ناوبانگیان دەرکرووە ببنە وێردی سەر زمانی خەڵکی و نەوە لە دوای نەوە بە بەیت و مەقام بیانگێڕنەوە و داڕشتنیان لە قاڵبی چیرۆکدا، لە کۆڕی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیەدا کە ئەو وەختە تازە لە ئەدەبەکەماندا سەری هەڵدەدا و دەهاتە کایەوە، وەك دەسپێشکەرییەك بایەخێکی تایبەتی هەیە. بەم مانایە دەتوانین بڵێین: وەك چۆن جەمیل سائیب بە "لە خەوما"کەی بووە یەکەمین چیرۆکنووسمان، پیرەمێردیش بەو بەرهەمانەی بووە یەکەمین چیرۆکنووسمان کە مێژوو بکاتە کەرەستەی چیرۆکەکانی.

لە پاڵ ئەم کۆششانەیدا، بە درێژایی ئەو ساڵانە "سییەکان" و لە دواییتریشدا، لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا بە مانای سەرەتا و سەرهەڵدانی لە ئەدەبەکەماندا، دەورێکی تریشی گێڕاوە.. دەوری نووسینی دەیەها پارچە پەخشانی ئەدەبی کە من لە وەختی خۆیدا، لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرپێییدا لەبارەی چیرۆکی کوردی ناوم بردبوون بە پەخشانی چیرۆکاوی(١٨). مەبەستم ئەوەیە بڵێم: پیرەمێرد لەو نووسینانەیدا هاتووە سەر گوزشتەیەك یا ڕووداوێکی ڕابردوو یا کارەساتێکی سەردەمی ژیانی خۆی گرتووە

---

(١٨) کۆواری بڵێسە- ژمارەی نیسان ومایسی ١٩٦٠.

و لە شێوەی پارچە پەخشانێکی ئەدەبیدا کە هێندەی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی وەك "ژیان و ژین"دا جێگەی ببێتەوە تۆماری کردوون، کە بە ڕای من زۆربەیان کەرەسەیەکی باش بوون بۆ چیرۆك و دەتوانرا گەلێ چیرۆکی هونەریی سەرکەوتوویان لێ بهێنرایەتە بەرهەم، بەڵام ئەو بەم بارەدا زەفەری پێ نەبردوون و لەوە زیاتری لە دەسەڵات و وزەدا نەبووە. بەهەرحاڵ پیرەمێرد مەبەستی لەو نووسینانە زیاتر دەربڕینی بیروڕای خۆی بووە سەبارەت بە دەردێکی کۆمەڵایەتی یا ڕەوشت و ڕەفتارێکی چەوت یا ڕاگەیاندنی پەند و ئامۆژگارییەك لەبارەی ژیان.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین: بەرهەمەکانی پیرەمێرد لە کۆڕی چیرۆکنووسیندا بە ناوەرۆك دوو بابەتن. یەکەمیان سێ چیرۆکە مێژوویییەکەی و چەندانێك لە پەخشانەکانی کە ڕووداوێك یا سەرگوزشتەیەکی مێژوویی دەگێڕنەوە. بێگومان ئەمانە بایەخی گەورەیان لەوەدایە کە میراتێکی مێژوویی– فۆلکلۆرییان تۆمار کردووە لە فەوتان پاراستوویانە. جگە لەوەی لە قاڵبی چیرۆکدا داڕێژراون و بەوە لەو پلەی سەرهەڵدانەی چیرۆکی کوردیدا، دەوری سەرەتایی خۆیان گێڕاوە. دوومیان نووسینەکانی تری کە بە مەبەست و ئامانجیاندا دەتوانین لە خانەی کۆمەڵایەتیدا دایان بنێین.

واتە سەرئەنجامی کار سەبارەت بە پیرەمێرد لە کۆڕی چیرۆکنووسیندا ئەوەیە کە بەپێچەوانەی جەمیل سائیب و ئەحمەد موختارەوە، ئەم خۆی بە دوور گرتووە لە ڕژێم و باری سیاسیی سەردەمی خۆی و هەڵوێستێکی ئاشکرای بە چاك و خراپ لەبارەی نەنواندووە. بگرە وەك لەوەبەر باسمان کرد ڕووی کردووەتە مێژوو و فۆلکلۆر و تەقەلای داوە لێیان هەڵبهێنجێ، یا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیکی گشتی دواوە.

***

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسەی پیرەمێرد بهێنم، بە پێویستی دەزانم ئیشارەتێك بە "کەمانجەژەن"ەکەی بدەم کە هەر لەو ساڵانەدا لە تورکییەوە کردوێتی بە کوردی. ڕاستە فائیق زێوەر زۆر پێشتر لە ژمارە «٢٣–٢/نیسان/١٩٢٥»ی "ژیانەوە"دا، چیرۆکی "حیکایەتێکی خۆش"ی بڵاو کردووەتەوە و خۆی وەك تێبینییەك نووسیویە: «ئەمەم لە کتێبێکدا دی و لام خۆش بوو، وا بە کوردی نووسیمەوە»، واتە لە زمانێکی بێگانەوە کردوێتی بەکوردی. بەڵام لە تای تەرازووی ئەدەبیدا لەگەڵ "کەمانچەژەن"دا

جیاوازییان زۆرە. ئەویان بە دەسکارییەوە کراوە بە کوردی و ئامانجی هاندانە بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری. لە کاتێکدا ئەمیان ڕۆمانیکە و کارێکی ئەدەبیی ڕەسەنە و بە زمانێکی پوخت و ڕەوانیش کراوە بە کوردی. کەوابێ پیرەمێرد بەم کارەی یەکەمین چیرۆکی بێگانەی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی.

## محەمەد عەلی کوردی

هەرچەندە لە ڕۆژنامە و گۆوارە کوردییەکانی ساڵانی سییەکان و چلەکاندا گەلێ جار و بە نووسینی جۆراوجۆر ناوی محەمەد عەلی کوردی "م٠ ع٠ کوردی"مان بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە کۆڕی چیرۆکنووسیندا «یا ڕاستتر وایە بڵێین لە کۆڕی تەقەلادانا بۆ چیرۆکنووسین»، من تەنیا دوو بەرهەمیم بینیوە کە هەردووکیانی لە ناوەڕاستی سییەکاندا بڵاو کردووەتەوە بەوە ناوی دەچێتە ڕیزی ناوانی تری پلەی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریمانەوە و کەم و زۆر شوێنی هەقیانەتی خۆی دەگرێ.

یەکەمیان: چیرۆکی "دوای سەرخۆشی زۆر شێتییە" کە ساڵی **١٩٣٤** لە "دیاری لاوان"دا بڵاوی کردووەتەوە. چیرۆکەکە ڕاستەوخۆ ڕوو لە ئامانجێکی کۆمەڵایەتیی ساکار دەکا و کەمتەرخەمی و ڕەوشتی چەوتی مرۆڤێك نیشان دەدا ڕەخنەی لێ دەگرێ کە مەیخۆرێکە.. ژنەکەی نەخۆشە و لە جێگەدا کەوتووە و پێویستی بە چاودێریکردنە. بەڵام ئەم گوێی ناداتێ و دەچێ بۆ مەیخواردنەوەی شەوانەی خۆی. شەویش دەرنگ وەختێك دەگەڕێتەوە ماڵەوە و بێ ئەوەی لێی بپرسێتەوە، دەخەوێ، بەیانی کە خەبەری دەبێتەوە، دەبینێ ژنەکەی مردووە. دوایی خۆشی لە خەم و خەفەتدا شێت دەبێ.

دوومیان: چیرۆکی "نازدار- یان- ژنی کورد لە لادێ"یە کە لە گۆواری "ڕووناکی"دا بڵاوی کردووەتەوە و خۆی لە ژێریا نووسیویە: «ڕۆمانێکی کوردییە لە -١٠٠- لاپەڕەدا نووسراوە». ئینجا هەر خۆی لە پێشەکییەکەیدا نووسیویە: «مەبەستم لە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئەمەیە: لە ژیانی قەومی کورد لاپەڕەیەك نیشان بدەم کە بەچاو بێ ئەهمیەت و فەقیرە، بەڵام لە (نفس الامر)دا زۆر بە قیمەت و گەورەیە». تا دەڵێ: «نازدار پێمان نیشان دەدات کە ژنی کورد لە لادێ چەند سەربەخۆ و سەربەرزە». هەروەکو لە پێشەکییەکەدا چەند مەبەستێکی تریشی ڕوون دەکاتەوە.

یەکەم ئەڵقەی چیرۆکەکەی لە ژمارە «٧-٢٨/ئادار/١٩٣٦»ی کۆوارەکەدا بڵاو کراوەتەوە. بە دوایدا ئەڵقەی دووەم و سێیەمی لە ژمارە «١١،٩»دا بڵاو کراونەتەوە و ئیتر بەهۆی دەرنەچوونی کۆوارەکەوە ئەویش لەوێدا قرتاوە.

بەو سێ ئەڵقەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر چیرۆکەکەی بەش بەش کردووە و ناوی لێناون. بەشی یەکەمی بە ناوی "ئاشتی"یەوەیە کە چوار چاپتەرە: ١-منظرەی لادێ. ٢- شەو ڕابواردن "شەوچەرە". ٣- زۆرەبانی. ٤- ڕۆژێ لە بەهار. بەشی دووەمی بەناوی "شەڕ و تالان"ەوەیە کە دەکەوێتە دوا ژمارەی کۆوارەکەوە و لێرەوە ئیتر دەقرتێ.

ڕووداوەکانی ئەو ئەڵقەیە لە دێیەکدا ڕوو دەدەن کە دانیشتوانی بریتین لە: «جووتێر و ئاودێر و شوان و گاوان، ساحێبی گەل و گاران، خاوەنی مەڕ و بزن و زۆر بە کەیفن. چونکە لە ژێر ئالای ئێمنی و سەربەخۆییدا، وە لە عەردی پان و درێژی خولادا دەگەڕێن و رزق پەیدا دەکەن»(١٩). وەرزیش بەهارێکی تەڕ و ڕەنگینە.. کات نزیکی خۆرئاوایە. چیرۆکگێڕەوە سەرنج دەدا و دەبینێ پۆل پۆل کوڕ و کچ و منال و پیاو و ژن بە پیری ڕانەمەڕەوە دەچن. هەموو دڵشاد و بە دەم قاقان. لە کار و فرمان دەبنەوە و بە کەیف و خۆشی دەگەڕێنەوە.

ئەوسا دێتە سەر باسی ڕابواردنی شەوان کە چۆن پیاوان لە دیواخانی "میر زەینەدین"ی ئاغای دێ کۆ دەبنەوە و هەمان دەستوور بە کەیف و زەوق کات بەسەر دەبەن. بەڵام کوڕان و کچانی دێ لە دەشتایی پێش دیواخاندا گرد دەبنەوە.. «چونکە لە شەرمی باب و برا گەورانیان ناچن بۆ دیواخان، دەشیانەوێ بۆ خۆیان بە سەربەستی یاری بکەن، و پێ بکەنن»(٢٠). سا وا ئەمشەویش کوڕان و کچان کۆڕی خۆیان بەستووە. بەڵام "نازدار"ی کچی میر زەینەدین لەگەڵ "دینۆ"ی میری لاوان لەسەر ئەم میرێتییە لێیان دەبێتە مشتومڕ. لە ئەنجامدا لە حزووری هەمووواندا ڕێك دەکەون کە زۆرابی لەسەر بگرن و هەرکامیان زاڵ بوو، ئەویان دەبێتە میری لاوان. ئینجا دەنێرن میر زەینەدین و هەموو دانیشتوانی ئاوایی ئاگەدار بکەن بێن بۆ سەیر. کە هەموو کۆ دەبنەوە، نازدار و دینۆ دەس دەکەن بە زۆران گرتن. لە ئەنجامدا نازدار زاڵ دەبێ.

---

(١٩) نازدار - کۆواری ڕووناکی - ژمارە (٧).

(٢٠) سەرچاوەی پێشوو.

بۆ بەیانی لەسەر بڕیاری شەوێ، کوڕان و کچان دەچن بۆ کنگر. بە دەم گەمە و گاڵتەگەپ و قسەی خۆش و قاقای پێکەنینەوە "کوتومت وەك لە بەهەشتێکدا بن!!."، ڕۆژ بەسەر دەبەن و ئێوارە دەگەڕێنەوە.

لێرە بەدواوە دەچێتە سەر باسی شەڕ و تالان. عەشیرەتی "ناودەشت" لەسەر کۆنەقین بە لەشکرێکی بێ شومارەوە، دێنە سەر "بەهەشتەکەی میر زەینەدین!". بە پێی نەخشەیەکی "نازەنینی دایکی نازدار و ژنی میر"، پیاوانی گوند دەس دەدەنە چەك و بەرەنکاری دوژمن دەبن. ژنانیش بە سەرکردایەتی نازەنین، خۆیان ئامادە دەکەن کە ئەگەر پیاوان لە شەڕدا شکان، ئەمان ماڵ و منداڵ بگەیەننە سەرکێو. ئەنجام.. لە شەڕدا شکستی دێنن. بەپێی نەخشەکە هەموو شەو لەسەر کێو یەکدگیر دەبنەوە. ئەوسا میر زەینەدین لەگەڵ پیاوانی گوندا دەکەوێتە ڕاوێژکردن. دوایی بڕیار دەدرێ بنێرێ بەدوای هەموو خزم و کەساندا، کە «ئەوانیش زۆر کەمن»، بۆ ئەوەی سەبارەت بەم وەزعە ڕاوێژیان پێ بکات.

ئاشکرایە ئەم سێ ئەڵقەیەی چیرۆکەکە، بەشێکی کەمە ١٠٠ لاپەڕەی دەسنووسەکەیەتی و ناتوانین وەك "لە خەوما"ی جەمیل سائیب و "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جاف کە تەواوی مەبەستیان داوە بە دەستەوە، حوکمی بە سەردا بدەین و بزانین ئاخۆ کارەسات دوای ئەوە ڕوو لە کوێ دەکات و چۆن دەسووڕێ؟ ڕاستە ناونانی چیرۆکەکە بەناوی "نازدار– یان ژنی کورد لە لادێ" مەغزای خۆی دەبەخشێ و وەك نووسەر خۆشی لە پێشەکییەکەیدا ئیشارەتی داوە، ویستوویێتی نیشانی بدا «ژنی کورد لە لادێ چەند سەربەخۆ و سەربەرزە» و لەو سێ ئەڵقەیەدا بەردەوام ئەمەی نواندووە. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە داخۆ لەو بەشە گەورەیەیدا کە مابووی بڵاو بکرێتەوە، لەم ڕووەوە چی تری دەنواند و تا کوێ دەیدا بە دەمیەوە؟ دەگونجێ بڵێین: ڕەنگە لەوە بە دواوە "نازدار"ی وەك جەنگاوەرێکی چاپووك و چالاك.. وەك ژاندارکێکی کورد هێنابێتە بەر مەیدانی شەڕی دژ بە عەشیرەتی "ناودەشت"ی داگیرکەر و سەرکەوتنی بۆ گوندە "بەهەشتەکەیان!" پێ وەدەس هێنابێ. یا ڕەنگە لەگەڵ یەکە پاڵەوانی ئەو عەشیرەتەدا زۆرانی پێ گرتبن و ئەمی زاڵکردبێ و بەوە کۆتایی بە دوژمنایەتییان هێنابێ و کردبنییە دۆستی یەکتر. یا بە "دینۆ"ی میری لاوانی دابێ بە شوو، و هەردووکیانی خستبێتە کۆڕی شەڕەوە و پێکەوە سەرکەوتن بەدی بێنن یا پێکەوە بکوژرێن. یا هەر شتێکی تری لەم بابەتە کە لە ڕێگەی نازدارەوە "وەك

نموونەیەك″، سەربەخۆیی و سەربەرزی و چاپووکی و کارامەیی ئافرەتی کوردی لادێیی پێ بنوێنێ. هەروەکو دەگونجێ بڵێین: نووسەر کارەساتی چیرۆکەکەی لەوە بەدواوە، هیچ بارێك لەمانەدا نەسووڕاندووە. بگرە سەربەخۆیی و سەربەرزیی ″نازدار و ژنی کوردی لە لادێ″ بە جۆرێکی تر سەلماندووە و لە پاشماوەی چیرۆکەکەدا باسەکەی بە بارێکی تردا خستووە. بڵاوکردنەوەی ئەو بەشە کەمەی چیرۆکەکە و مانەوەی بەشی زۆری لە حەشاردا، تووشی ئەم چەندوچۆنەمان دەکات و ناچار دەبین هیوا بخوازین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە چاپکراوی هەمووی بخوێنینەوە و ئەوسا وەڵامی ئەم پرسیارانەمان دەسگیر ببێ.

بەڵام بەهەرحاڵ، لەو بەشە کەمە شتێك لە چیرۆکەکە هەر تێ دەگەین و بەر لە هەمووش دەتوانین ئەوە دەسنیشان بکەین کە محەمەد عەلی کوردی هاتووە لە بیر و هۆشی خۆیدا، لە گوندێکی کوردەواریی سالآنی سییەکان یا لەوەبەردا کە لە پشتاوپشتەوە لە ژێر سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا چەوسێنراوەتەوە و بەردەوام لە گەرداوی دەرد و سزا و ئازاردا بووە، ساوێلکانە یۆتۆبیایەکی دروست کردووە و وەك بەهەشتێکی سەر ئەرز نیشانی داوە. خەڵکەکەی هەموو بەختیار و شادمان و بە کەیف و زەوق.. خاوەن مەڕوماڵات و کارمەند.. لە ژێر ئاڵای هێمنی و سەربەخۆییدا، لە باوەشی سروشتێکی جوان و ڕەنگیندا بە یەکسانی دەژین. ژن و پیا و کوڕ و کچ هیچ جیاوازییەکیان لە بەیندا نییە، پێکەوە کار دەکەن و ئاسایی تێکەڵی یەکتر دەبن و ژیان ڕادەبوێرن و ئاسایی نازداری کچی میر زەینەدین لە حزووری باوکی و دایکی و هەموو دانیشتوانی گونددا، لەگەڵ ″دینۆ″ی میری لاواندا زۆران دەگرێ و بەسەریشیدا زاڵ دەبێ. میر زەینەدینی ئاغای گوندیش، نە میرە و نە ئاغا!. بگرە برایەکی گەورەی دڵسۆزی هەمووانە و بۆ بەختیاری و شادمانی ئەوان بووەتە میر و بە ڕەزامەندیی خۆیان.

بە داخەوە «عەشیرەتی ناودەشتی کۆنە دوژمن» لێ ناگەڕێن هێرش دێننە سەر یۆتۆبیاکەی محەمەد عەلی کوردی و هەوڵی هەرەس پێهێنان و فەوتاندنی دەدەن. ئەمان لە پارێزگاریکردندا لە بەهەشتەکەیان درێغی ناکەن. ژن و پیاو، یەك دڵ و یەك دەست و یەك زمان، بەرەنکاری دوژمن دەوەستن و هەرچەندە لە شەڕدا شکستی دێنن، بەڵام بەهەشتەکەیان لە ناخیاندایە.. لە هەڵاتینشیاندا بۆ سەرکێو هەر لەگەڵیاندایە.

محەمەد عەلی کوردی خۆی لە پێشەکییەکەیدا نووسیویە «نازدار ڕۆمانێکی

خەیاڵییە. بەڵام لە ڕاستی وەرم گرتووە کە خۆم دیتوومە»[٢١]. ئاخۆ کام ڕاستی مەبەست بووە؟. کوتومت ئەو ڕاستییەی مەبەست بووە کە گوایە ئافرەتی کورد لە لادێدا بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتی کوردی شاری سەربەستترە. چونکە ئەو عەبا نادا بەسەریدا و لە ئیش و کاردا یاریدەی پیاو دەدا و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ یەکتردا ئاساییترە و ئاسانتر ناسیاوی لەگەڵ یەکا پەیدا دەکەن و پێوەندیی دەبەستن. ئەم باسە لە دێرزمانەوە لەلایەن هەندێ لە ڕۆشنبیرانمانەوە، بەم بارە ساکارەدا نوێنراوە و بەردەوامیش شانازی پێوە کراوە. سا محەمەد عەلی کوردیش، تەنانەت لە ساڵی **١٩٣٦دا**، بە باری هەرەساکاریدا بە شەوارەی ئەم باوەڕە کەوتووە و بەرەو دروستکردنی ئەو یۆتۆبیا شێواوە ساوێلکەیە، بەم لارێیەدا جڵەوی بۆ خەیاڵی سادەی خۆی شل کردووە کە من هەرگیز گومانم لە نیازی پاکی نییە و لەوە دڵنیام کە مەبەستی پشتگیریکردنی سەربەستی و سەربەخۆیی ئافرەتی کورد بووە و بەڵام ڕادەی تێگەیشتن و باری ئەو سەردەمەی لە ڕووی ئایدۆلۆجی و سیاسییەوە تەنیا هێندە بڕی کردووە.

(٢١) سەرچاوەی پێشوو.

بەشی دووەم

# نەشونماکردن

١٩٣٩–١٩٥٠

## پلەیەکی نوێ

تەنیا بیست و یەك ساڵ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی گەورەی یەکەم، شەڕێکی گەورەی جیهانگیری گەلێ سامناکتر مرۆڤایەتی لوول دا و ئەمسەر تا ئەوسەری ڕووی زەمینی گرتەوە کە «٧٢ دەوڵەت تێکەڵی ئەم شەڕە بوون "لە شەڕی یەکەمدا ٣٣"، ١١٠ ملیۆن کەس بە چەکەوە تێدا بەشدار بوون (لە شەڕی یەکەمدا ١٣٨٤،٧٤ ملیار دۆلاری تێ چوو لە شەڕی یەکەمدا ٢٠٨)، دوروبەری ٥٠ ملیۆنی تێدا کوژرا (لە شەڕی یەکەمدا ١٠)، نزیکەی ٢٨ ملیۆنی تێدا سەقەت و کەفتەکار بوو "لە شەڕی یەکەمدا ٢٠"»(١).

ئەم ژماردانە بە ڕوونی دەردی دەخەن کە ئەو شەڕە بەسەرهاتێکی سامناك و وێرانکەری ئەوتۆ بووە کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵەی بەخۆیەوە نەدیبووبێ. داستانی پڕ لە ستەمکاریی شەڕەکە بەم بارەدا، سەدەها کتێبی لەسەر نووسراوە و ئێمەش وەنەبێ لێرەدا ئەم لایەنەیمان مەبەس بێ تا لەسەری بڕۆین، بگرە پتر ئەوەمان مەبەستەو زۆر بە کورتی کە بزانین ئاخۆ چ کارێکی کردووەتە سەر باری سیاسی و لەگەڵیا باری ئەدەبی و ڕۆشنبیریش لە عێراقدا بەگشتی و بۆ کورد بەتایبەتی.

بێگومان ئەگەر یەکێك لە ئەنجامە هەرە گرینگ و بایەخدارەکانی شەڕی گەورەی یەکەم بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری و ئازادیخوازیی گەلانی ژێردەستەی ئیمپریالیزم لەلایەك و تێکۆشانی بەرەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهان لەلایەکی تر، شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەری مەزن بووبێ کە زحمەتکێشە چەوساوەکان و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە ڕووسیای قەیسەریدا حوکمی وڵاتیان گرتە دەست و بە کردەوە کەوتنە بنیاتنانی ڕژێمی سۆشیالیستی، ئەنجامی هەرە بایەخداری شەڕی دووەم لەم لایەنەوە، تێکشانی شاڵاوی درندانەی ڕژێمی فاشیزمی و جێگیربوون و تەشەنەسەندنی ڕژێمی شۆشیالیستی و هەڵچوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ژێردەستە و توندوتیژبوونی خەباتی چینایەتیی کارێکارانی وڵاتە سەرمایەدارەکان بوو.

---

(١) دکتۆر کەمال مەزهەر – کورد و پریشکێکی دووری ئاگری شەڕی دووەم – کۆواری بەیان– ژمارە ٢٩/ئەیلوول/١٩٧٥.

لەوەلاوە حەوت وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵەمانیای نازی و بە دوایاندا چینی شەش سەد و پەنجا ملیۆنیی "ئەوسا"، ئەنجامی خەباتی سەخت چینە زەحمەتکێشە چەوساوەکانیان حوکمی وڵاتەکانیان گرتەدەست و ڕێگەی بنیاتنانی ڕژێمی سۆشیالیستییان گرتەبەر. لەولایترەوە لە چەندین وڵاتی تردا وەك ڤێتنام و ئەندەنووسیا و کۆریا و بۆرما و مەلایۆ و... هتد، گڕی شۆڕشی ڕزگاریخوازی لە ژێردەستەیی ئیمپریالیزم هەڵگیرسا و زۆربەیان لە ئەنجامدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. هەروەکو هیندستانی چوار سەد ملیۆنیی "ئەوسا" بە ڕێگەیەکی تر ڕێگەی هێمنییەکەی "گاندی" لە ژێردەستەیی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم دابڕا.

لەم لایشەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بزووتنەوەی نیشتمانی لە سەرانسەری ناوچەکەدا لە نەشونما و هەڵچووندا بوو، لە ڕووی دەستە و تاقمە حوکمڕانە ئەڵقە لە گوێکانی ئیمپریالیزمدا، بەتایبەتی لە سالآنی دوای شەڕدا. ئەو بزووتنەوەیە لە عێراقی ئێمەدا بەخێرایی پەرەی دەسەند و بەرەو توندوتیژی و تەقینەوە دەچوو، بەتایبەتی کە چەند حزبێکی سیاسی نیشتمانی و شۆڕشگێڕ لە کایەدا بوون و هەموو چالاکیی خۆیان بەرەو ئامانجێکی سەرەکی دەخستە کار.. ئامانجی ڕزگارکردنی وڵات لە ژێردەستەیی ئیمپریالیزم و هێنانەدی حوکمێکی دیموکراتیی میللی کە عێراقێکی ئازاد و سەربەخۆی پێشکەوتوو پێك بهێنێ. ئەمە لە عێراقدا بەگشتی. بەڵام لە کوردستانیشدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد، شان بەشانی بزووتنەوە نیشتمانییە گشتییەکە، بە دروستبوونی پارتێکی سیاسی تایبەتیی خاوەن پرۆگرامێکی ئاشکرا و ڕوون سەبارەت بە مەسەلەی کورد، ڕووی لە ڕێکوپێکی و گەشەسەندن دەکرد، دوای ئەوەی چەند دەستە و تاقمێکی تر لە سالآنی پێشووتردا دەوری سەرەتایی خۆیان لەم کۆڕەدا بەجێ هێنابوو. هەروەکو کارەساتەکانی بارزان «١٩٤٣–١٩٤٥» و پێکهاتنی کۆماری مەهاباد و تێکشانی، دوو ڕووداوی مێژوویی تری باری سیاسیی ئەو سالآنەن.

ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٨، لووتکەی گەشەسەندن و توانا و دەسەڵاتداریی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو کە توانی سەر بە ڕژێمی پاشایەتیی سەر بە ئیمپریالیزم شۆڕ بکا و وازی پێ بێنێ لە مۆرکردنی پەیمانی "پورتسموٚث" و بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت هەندێ سەربەستیی دیموکراتی لە چەنگ دەربێنێ. بەڵام دوای ئەوەی ئەنجامی هێرش و

شالاوی پێچەوانەی ڕژێم ١٩٤٩، ڕووی لە لاوازی کرد و لەوێدا ئیتر ماوەی پلەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئیستامان کۆتایی دێت و پلەیەکی تر دەس پێ دەکات.

***

ئاشکرایە باری سیاسی بەو شێوەیەی باسمان کرد، وەزعێکی "موضوعی" لە باری بۆ نەشونماکردنی باری ڕۆشنبیریمان دەخولقاند. بەڵام وەزعی "ذاتی"، واتە دواکەوتوویی ئەو باری ڕۆشنبیرییە خۆی تا ڕادەیەك دەبووە کۆسپ و ئەو هەلەی لە دەس دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هێندەی بۆی لوا، بزوا و نەشونمای کرد و پەرەی سەند. بەتایبەتی لە ڕێگەی ئەو کۆوار و ڕۆژنامانەوە کە لەو ساڵانەدا دەرچوون، وەك "گەلاوێژ و نزار و ژین و دەنگی گێتیی تازە و پەیام"، کە لە ناویاندا "گەلاوێژ" سەرقافڵە و پێشەنگێکی ئەوتۆ بوو کە بەدرێژایی هەر دە ساڵەی تەمەنی، شانبەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی و بەڵام ئەم بە وشەی پاك و شەرەفمەند دەجەنگا و لە ڕێگەی شیعر و چیرۆك و وتاری ڕەخنەگری و لێکۆڵینەوە و نووسینی کۆمەڵایەتی و زانستییەوە، پەردەی لە ڕووی ڕەشی ڕژێمی کۆنەپەرستی و چەوساندنەوە و زۆروجەوری فەرمانڕەوا دز و جەردەکانی هەڵدەماڵی و چاوی خەڵکی بەسەردا دەکردنەوە و هانی دەدان بۆ تێکۆشان و بە گژداچوونی ئەو ڕژێمە گەندەڵە.

چەندە گەلاوێژ بەم بارەدا کۆوارێکی جەنگاوەری بێ هاوتا بووە و ئەو ناوبانگەی، لای نەوە لە دوای نەوەی خوێنەرانی کورد نەمر دەبێ، لە کۆڕی ڕۆشنبیری ئەدەبیاتیشدا بەگشتی و هونەری چیرۆکنووسین بەتایبەتی، دەبێتە ئەستێرەیەکی گەش و کوژانەوەی نابێ. چونکە لاپەڕەکانی ١٥٠ ژمارەکەی دە ساڵەی تەمەنی، دەبنە دایکێکی دڵسۆز و سەدەها پارچە شیعر و وتاری کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕەخنەگری و لێکۆڵینەوە و ١١٤ چیرۆکی وەرگیراو و خۆماڵیش «ئەگەر بە هەڵە نەچووبم» دەگرن بەسەر سنگەوە و بە شانازییەوە پێشکێشی خوێنەری کوردیان دەکەن.

***

لێرەدا بە چاکی دەزانم پێش ئەوەی بێمە سەر باسی دەوری گەلاوێژ لە کۆڕی هاندانی چیرۆکی خۆماڵیماندا «کە لە نێوانی لێکۆڵینەوەکەمدا دەری دەخەم»، ئەو دەورە کاریگەرە بایەخدارەشی بخەمە ڕوو کە لە کۆڕی وەرگێڕانی چیرۆکی بێگانەدا بو کوردی دیویێتی. با سەرنجێك بدەینە ئەم ژمارانە:

لە لاپەڕەکانی ١٠٥ ژمارەکەیدا ٨٢ چیرۆکی وەرگێڕاو دەخوێننەوە، بەرامبەر بە ٢٣ چیرۆکی هونەریی خۆمان. ئەوانە هەرچەندە ٢٨ یان ناوی نووسەرەکانیان دیاری نەکراون، بەڵام ئاشکرایە کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ئەوروپایین و بەرهەمی چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانیانن وەك "موپاسان و ئۆسکار وایلد و بلزاك و ئەناتۆل فرانس و شێکسپیر و هانز ئەندرسن و چیخۆف و گۆرگی و تۆلستۆی و ئیلیا ئەهرنبۆرگ و هتد...". هەروەکو چواریەکی چیرۆکەکان لە ئەدەبی ڕووسی و سۆڤێتییەوە وەرگیراون کە ئەمە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێتە نیشانەیەك بە ڕێبازی ئەدەبیی کۆوارەکەوە. سەبارەت بە وەرگێڕەکانیش، ئیبراهیم ئەحمەد سەرلیستەی هەمووانە کە ١٥یان ئەو وەری گێڕاون و بە دوایدا حامد فەرج و ئەحمەد شاڵی و فائیق هۆشیار و جەمال خفاف و عوسمان مستەفا و ع٠ ج٠ و فازل محەمەد دێن کە هەریەکەیان «٢–٥» چیرۆکیان لەوانە وەرگێڕاوە بۆ کوردی. هەروەکو ١٥شیان ناوی وەرگێڕیان دیاری نەکراوە.

بێگومان وەرگێڕانی ئەم ژمارە زۆرە بەتایبەتی کە لە بەرهەمی نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەوروپان و بەو زمانە کوردییە پوخت و ڕەوانە، نەك تەنیا کارێکی بایەخدار بووە بۆ پلەی خۆی، بگرە دەتوانین بڵێین: بۆ ئەوەی پلەی دوایی تر «١٩٥٠–١٩٦٠» گەلێ بایەخدارتر بووە، چونکە ئەمان زیاتر سوودیان لێ بینیوە.

***

هەر لە ساڵانی دەرچوونی "گەلاوێژ"دا کۆوارێکی تریش چالاکانە باوەشی بۆ هونەری چیرۆکنووسین کردبووەوە و لە هاندانیدا درێغی نەدەکرد، ئەویش کۆواری "دەنگی گێتی تازە" بوو کە لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیاوە دەردەکرا و وەك دەزانن ئامانجی سەرەکی لە دەرکردنی، داکۆکیکردن بوو بۆ بەریتانیا بەتایبەتی و بەرەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژ بە ئەڵمانیای نازی بەگشتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی باشی زمان و ئەدەبی کوردی دەکرد و لە سنووری ئەو وەزعە تایبەتییەیدا لەم بارەیەوە سوودێکی گەورەی دەگەیاند.

بێگومان ئەگەر بمانەوێ بە چاوی بەراوردکردن بڕوانینە ئەو بەرهەمانەی لە هەردوو کۆواردا بڵاو کراونەتەوە، بە ئاسانی هەست بە جیاوازی دەکەین لە نێوانیاندا ئەنجامی جیاوازیی ئامانج و ڕێبازی هەریەکەیان لەوی تر. دیارە من مەبەستم لەوە

نییە بڵێم: ڕێباز و ئامانجی بەرهەمەکانی "دەنگی گێتی تازە" تەواو بەپێچەوانەی ئەوەکانی "گەلاویژ"ەوە بوون. واتە چەندە ئەمانە پێشکەوتنخواز و خزمەتگوزاری هیوا و ئاواتی بەرەی جەماهیری چەوساوەی گەل بوون، هێندەش ئەوان لەگەڵ دوژمندا بووین و دژ وەستابن. هەرگیز نەء... ئەمە مەسەلەیەکە ئێستا لە ئەستۆی مێژوودایە و دەبێ وەك ڕاستییەکی مێژوویی باسی لێوە بکرێت و بەرهەمەکان خۆیان بکرێنە شایەت.

بەڵێ.. چیرۆکەکانی سەر لاپەڕەکانی "دەنگی گێتی تازە" وەك ئەوەکانی "گەلاویژ" ڕاستەوخۆ پەنجە ناکەن بە چاوی بەرەی زۆردار و خوێنمژاندا و وەك ئەوان جەنگاوەر نین و هانی بەگژداچوون نادەن. هەروەکو بە تەکنیکیش بەرهەمی چیرۆکنووسێکی لێ دەرچێ کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین، ناگەنە ڕادەی ئەوان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم: چ لە ناوەڕۆك و چ لە شێوەدا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان ناکەوێتە بەینەوە و هێندە لە یەکتر دوور ناکەونەوە کە لە سنووری پلەکەدا لە یەکتریان دابڕین، یا چەپەرێك بخەینە بەینیانەوە. من وای بەباش دەزانم لە وەختی خۆیدا لە نێوانی باسکردنی چیرۆکەکانی هەردوو کۆوارەوە، ئەو جیاوازی و لە یەکچوونەیان پێکەوە ڕوون بکەینەوە.

# چیرۆك و چیرۆكنووسەكانی "گەلاوێژ"

## شاكر فەتاح

«... بەڵام مدیر بەگ بە كاری مدیرەكانی تر هات، چونكە بەم سەرئەنجامە ناشیرینەی، چاوی گەلێك مدیرانی تری ترساند. لە گەلێكیشیانی گەیاند: كە ئەگەر گەل و نیشتمان ئاوارە و بێ چارەش بێ، خوایەك بەو سەرەوە هەیە كە لە ڕۆژی تەنگانەدا بكەوێتە فریای. دەستی پیرۆزی نیگەهبانیی بە سەرا بكێشێ. تەخت و تاج و ئازادی و زیندەگانیی دووبارە پێ ببەخشێ و تۆڵەی چەند ساڵانەی لە ناكەسبەچە و زۆرداران و نەیاران بۆ بكاتەوە».

ئەم مدیر بەگە، كاربەدەستێكی دز و بەرتیلخۆر و داوێنپیسی جەربەزە بوو. بە هەزار و یەك جۆر خەڵكی ناوچەكەی ژێر دەستی خۆی دەڕووتاندەوە. تا بووە خاوەنی سەروەت و سامانێكی زۆر. بەڵام ساڵ دێت و ساڵ تێ دەپەڕێت... «چەرخی فەلەك بە باری ڕاستی و دروستیا سووڕایەوە. گلۆڵەی مدیر بەگ كەوتە لێژی» و... ئیتر نووسەر بە چەند دێڕێك تەواو ڕیسوا و ڕەجاڵی دەكا و تەنانەت.. «خێزانەكەی لێی دەتەكێتەوە. كچەكەی دەستی كرد بەدەستبازی لەگەڵ ئەم و ئەو..».. تا.. «ئەمانە دەم سەردارەكانی مدیر بەگ كەوتنەوە و ئێوارەیەك لە تەنگی بانگی شێواندا، لە ناكاو مدیر بەگ بە فرمانێكی كوتوپڕ دەستی لە كار كێشرایەوە..». تۆ مەس خوایەك بەو سەرەوە هەبوو.. «تۆڵەی چەند ساڵانەی لە ناكەسبەچە و زۆرداران و نەیاران– بۆ گەل و نیشتمان بكاتەوە»(١).

شاكر فتاح لەم چیرۆكەیدا بە زەقی و لە زۆربەی چیرۆكەكانی تریشدا كەم و زۆر، چاوی بڕیووەتە عەدالەتی ئاسمان و بە تەنگەوەیە لەسەر ئەرز بسەلمێنرێ و جێگیربكرێ. ئەم مدیر بەگە و گشت مدیر بەگە ناكەسبەچە زۆردارەكان، چەندە زۆروجەور بكەن.. بەرتیل بخۆن.. بڕووتێننەوە.. داوێنپیسییان لێ بووەشێتەوە، ئاخری عەدالەتی ئاسمان قورتمیان دەگرێ.. تۆڵەیان لێ دەسێنێ و بە سزای هەقیانەتی خۆیانیان دەگەیەنێ.

گومان لەوەدا نییە كە شاكر فەتاح لەم چیرۆكەدا، دژی زۆروجەوری ئەم مدیر بەگە و هەموو مدیر بەگەكانی تری وەك ئەم بووە و بەو گیانەوە قەڵەمی بۆ ختسووەتە سەر

(١) چیرۆكی – مدیر بەگ– گەلاوێژ– ژ ١٠– س– ٤.

قاقەز، بەڵام ئایا باوەڕی سەرەکیی بە کام هێزە کە شکستی بەو زۆروجەورە بێنێ و کام هێزە لەو زۆرانبازییەی نێوان شەڕ و خێرا، شەڕ دەدا بە زەویدا و خێر سەردەخا؟. ئاسمان.. تەنیا ئاسمان و عەدالەتی ئاسمانە کە لە ساتی خۆیدا دەستی تۆڵە لە زۆردار دەخاتە کار.. گلۆڵی دەخاتە لێژی.. ڕیسوا و ڕەجاڵی دەکا و ئەوسا بە سزای هەقیایەتی خۆی دەگەیەنێ.

لە نێوانی کارەساتەکانی چیرۆکەکەدا و پێش گەیاندنیان بەو سەرئەنجامە، دووانیان سەرنج ڕادەکێشن و لە سەرەتای هەر یەکەیاندا خوێنەر وا هەست دەکا کە مدیر بەگ خەریکە لەلایەن عەدالەتی سەرزەمینەوە سزا بدرێ و بەو دوارۆژە ڕەشەی بگەیەنرێ. یەکەمیان کاتێ لە پڕ خوا مووچەخۆرێکی بچووک "کاتبێک"ی بۆ ڕەوانە دەکا. «نووسەر– کاتب– دەس و دامێنپاك و سەرڕاست. تورت وتوند. بلیمەتێك بوو بۆ خۆی»(٣). کاتب هەرزوو هەست دەکا کە ئەم مدیر بەگە چ پیاوخراپ و بەدفەڕێکە. کەچی کاتبە سەرڕاست و تورت و توند و بلیمەتەکە، لە باتی ئەوەی لە مدیر بەگ راپەڕێ و بەگژیدا بچێ و تەقەلا بدا بە خۆی و خەڵکەکە، بەو سزا هەقیانەتەی خۆی بگەیەنن وەك خوێنەر بە تەما دەبێ، هەرزوو داوای نەقڵکردنی دەکا و هەڵدێ!. دووەمیان: «شەوێکی تۆف و باران، کابرایێکی زۆرزان» دەعوەتی مەدیر بەگ دەکا و بەو نیازی گوایە داوێکی بۆ ناوەتەوە. بەڵێ وایە ومدیر بەگ پێوە دەبێ. بەڵام داوەکە چی بێ باشە؟ کابرای زۆرزان مدیر بەگ هەڵدەدا کە بەو شەوە تۆف و بارانە، سوارچاکیی خۆی بنوێنێ و ئەنجام بەوە دەشکێتەوە مدیر بەگ بگلێ و «دەست و پلی تێك بشکێ». بەڵام دوای ئەوە چیی تر؟!. «.. زۆری پێ نەچوو ئەسپەشێی مدیر بەگ تۆپی. لە ترسا فەرمانبەر و خەڵکەکە دەستەبەدەستە دەهاتن بە پرسەیەوە..»(٤). خۆ دیارە کە دەبێ کابرای زۆرزانی پیلانگێڕیش یەکێك بووبێ لەوان.

***

هەر ئەم جۆرە بۆچوونەی شاکر فەتاح سەبارەت بەچۆنیەتی تێڕوانین و باری سەرنجی لەبارەی ژیان، لە چیرۆکی "سەرێکی هەیە و هەزار سەودا"(٥). دا دووپات دەبێتەوە، با لە شێوەیەکی جیاوازیشدا بێ.

(٣) سەرچاوەی پێشوو.

(٤) سەرچاوەی پیشوو.

(٥) گەلاوێژ –ژ ١٢–س–٤–.

میرزا غەفووری خورماڵی، مرۆڤێکی هەژارە و لە ڕۆژێکدا حەوت جۆر ئیش و کار دەکا. بەشەو حەسحەسە. بەڵام نە تفەنگی لە شاندایە و نە چرای ناو بازاڕ دادەگیرسێنێ و کە خەویشی هات بێ خەم لێی دەنوێ. بانگێڕە و بەڵام تا خۆشی نەکاتەوە بانی هیچ خانوویەك ناگێڕێ. بەنایە و بە دەستییەوەیە خانوویەك بۆ خۆی بکا. کەچی تا ئەم دیوار تەواو دەکا، ئەویان هەرەس دێنێ. تا ئەویشیان هەڵدەچنێتەوە، ئەمیان دادەتەبێ. پینەچیشە.. کەبابچیش.. نانەواش.. ئاوکێشیش و لە هەموو ئەمانیشا وەك ئەوانی ترە. سەرباری ئەمانە هەموو، ژنێکی ناشیرینی بڵحیشی هەیە. کە لێی دەپرسن ئایا بۆچ ملی خۆی بەم تەوقەوە کردووە. لە وەڵامدا دەڵێ: «چی بکەم.. لە کۆڵم نابێتەوە.. تا من بەرەڵڵای دەکەم، ئەو مارەم دەکاتەوە».

من لێرەدا بەچاکی دەزانم بپرسم: ئایا بە بەریەوە نەبوو شاکر فتاحیش لەم میرزا غەفوورە و بەم وەزعە عەنتیکە دانسقەییەیەوە شێوە ″مەنووچەرێکی″ لێ دروست بکردایە؟ با... بەڵام شاکر فەتاح ئەم هەلە بەنرخەی لە دەس خۆی داوە و ئەو بەرفراوانی و پەلهاویشتنە جۆراوجۆر و پڕ و چڕەی کە لە نێوانی شەخسیەتی میرزا غەفوورەوە تەقاندوێتی، هەر زوو دای دەمرکێنێتەوە، کپ و خامۆش و دەستەمۆی دەکا و وەك مرۆڤێکی چوختی و بێفەڕ و زەرەربەخش دەینوێنێ، کە ئیتر لەوە بەدواوە دەیداتەوە دەس ئاسمان تا میرزا غەفوور لەو چوختێتییە ڕزگار بکا و بیخاتەوە سەر ڕێگەی ڕاست... ڕێگەی بە دەستەوەگرتنی تەنها ئەو کارەی ئاسمان لە ″لەوحی وجود″دا بۆی دەسنیشانکردووە و پێی ڕەوا بینیوە و واز لە کارەکانی تر بێنێ. ئەنجامیش هەر بەوە دەشکێتەوە... «بەڵام لە سایەی خواوە میرزای خورماڵی کەوتە سەر ڕێی ڕاست». وازی لە هەموو ئیشەکانی تری هێنا. تەنیا حەسحەسییەکەی گرتە دەست و لە دوا دێرەکانی چیرۆکەکەدا دەڵێ: «.. وە باشتر ئاگام لە دووکانەکان دەبێ. دڵنیابن هاکا تفەنگیشم کڕی. وە هاکا چرایشم لە گوزەری دووکانەکاندا داگیرساند...»

***

شاکر فەتاح ئەم بیروباوەڕە ئاینییە ″اصلاح″ییەی هەروەها بە زەقی لە دوو چیرۆکی تریشیدا دەردەبڕێ. ئەگەرچی لەمانیشدا وەك لە″مدیر بەگ″ەکەیدا، باری ڕەخنەیان تێدا زاڵە و لە زۆرانبازیی نێوان چاکە و خراپەدا، هەر چاکە بەسەر خراپەدا سەردەکەوێ. لە یەکەمیاندا ″مام شیخ″(٦) کە لە بنچینەدا سەرگوزشتەیەکی فۆلکلۆرییە

(٦) گەلاوێژ– ژ٦– س–٦–.

و بەناوی شێخی کەرەشینەوە بەناوبانگە، ساختەکاریی پیاوە درۆزنەکان دەردەخا و ڕیسوایان دەکا. سەرئەنجامیش وەها دەبێ کە بەسەرێك خەڵکەکە وەختێك بە تەڵەکەبازیی هەردوو شێخی کەرەشینی بچووك و گەورە دەزانن، هەڵدەکوتنە سەریان. پارچە پارچەیان دەکەن و سەروەت و سامانیان تالآن دەکەن. بە یەرێکیش کاتێ دێنە سەر دابەشکردنی ئەو سەروەت و سامانە لە ناو خۆیاندا، کابرای ڕاوێژ پێکراو لە ئامۆژگاریکردنیاندا دەڵێ: «من ناڵێم شێخێتی خراپە. بەڵام دەڵێم پێویستە شێخێتی ڕاست لە شێخێتی درۆ جیا بکرێتەوە..– تا دەڵێ–.. ئینجا کە بۆتان دەرکەوت شێخێتییەکەی تەنیا بۆ خوایە، لە سایەی شێخێتییەکەی ئەوەوە ڕۆژ بەڕۆژ هەژاری و نەخوێندەواری و زۆرداری و نالەباری لە ناو گەل و نیشتمانەکەتاندا کەم دەبێتەوە... ئەوا بە شێخێتییەکەی بڕوا بکەن...». ئەگەر واش نەبوون، ئەوا هەقیانە وەك ئەو دوو شێخی کەرەشینانەیان لێ بکەن.

لە دووەمیشیاندا ″گرامەفۆنەکەم چۆن کڕی″(٧)، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە دین و ئاین ڕێگە لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ناگرن و دژی زانیاری نین. بۆ ئەم مەبەستە کڕینی گرامەفۆنێکی کردووەتە دەسکەلا کە بەرهەمێکی زانیارییە. برای بچووك و دایکی و نەنکی کە بەواتەی نووسەر «هێزی کۆمەڵی دیموکراسیی ڕاستەقینەن»، سوورن لەسەر کڕینی ئەو گرامەفۆنەی برای گەورە لە ژێر پەردەی دینا دژی کڕینێتی و ئەمان باوەڕیان وایە کە دژی و دین و ئاین نییە. لێرەشا ئەنجام سەرکەوتنی هێزی کۆمەڵی دیموکراسی دەبێ بەڕێگەی ئاشتی و ″اصلاحی″دا و برای گەورە باوەڕ دێنێ و دێتە ژێر بار. بەڵام ئەوسا سێ قۆڵی هێزی کۆمەڵی دیموکراسی پێکەوە بە داخ و خەفەتەوە دەڵێن: «ئاخ ئاین و دین و ڕەوشتی چاکی بەسزمان، چەندە خراپە و دزی و درۆزنی و شەڕوشۆڕ و جنێو و خوێن و زۆر و ستەم لە ژێر پەردەی پاکی ناسکی ئێوەدا دەکرێ.».

***

شاکر فتاح هەر ئەنجامی ئەو جۆری بیرکردنەوە و باری سەرنجەی ناو چوار چیرۆکەکەی پێشووی، لە سێ چیرۆکی تریدا ″مامۆستا بیژەن″(٨) و ″بووك و

(٧) گەلاوێژ –ژ– ٢–س–٦–.

(٨) گەلاوێژ– ژ٢–س–٥–.

خەسوو"(٩) و "دەسپاکی "(١٠)، دەبێتە ئامۆژگاری کەر و بانگ هەڵدەرێك بۆ ڕەوشت و کردار و خووی پاك و چاك و هانمان دەدا چاکە بکەین و خراپە نەکەین. لە "مامۆستا بیژەن"دا لە پێوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی دەدوێ وئامۆژگاری مامۆستا دەکا کە جنێوفرۆش و چیکڵانە تەنگ نەبێ و مامەلەی لەگەڵ قوتابییەکانیدا باش بێ. هەروەکو ئامۆژگاری قوتابیانیش دەکا کە ڕێزی مامۆستاکانیان بگرن و تاعەتیان بکەن و ئازاری دڵیان نەدەن. لە "دەسپاکی"دا دەیەوێ لە منالاّن و لاوانی بگەیەنێ کە دەسپاك بن و دزیکردن کردەوەیەکی خراپە و نەیکەن. لە "بووك و خەسوو"دا کە ئەویش لە بنچینەدا سەر گوزشتەیەکی فۆلکلۆرییە، لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا ئازیزخانی مێرد بە دایکی دەڵێ: «... چەند جارم پێ گوتیت ژنهێنان بە هەڵپەوگوڵپە ناکرێت. بێ بینین و چاو پێکەوتن و تاقیکردنەوە و لێ وردبوونەوە و پرس و ڕا پەشیمانی لە دوایە!...».

بێگومان ئێمە لێرەدا جۆری ئامۆژگارییەکانمان مەبەس نییە. ئامۆژگارییەکان وەك ئاشکرایە لەلایەنی چاکەوەن و دژ بە خراپەکارییین. بگرە مەبەسمان ڕوونکردنەوەی ڕێبازی ئایدۆلۆجی و فەلسەفی چیرۆکنووسە و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە چیرۆکەکانیدا. شاکر فەتاح بەم بیروباوەڕە ئایدیالیزمییەوە، نموونەیەکی تایبەتییە لەناو چیرۆکنووسەکانماندا، کە لە سەرجەمی بەرهەمەکانیدا ئەو بیروباوەڕەی خۆی بە ڕوونی دەردەبڕێ و بە خوێنەریان ڕادەگەیەنێ. دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ڕای وایە کە شاکر فەتاح لە نووسینەکانی ئەم ماوەیەیدا: «.. بیروباوەڕەکانی، دوودڵی و ڕاڕایی بورجوازیی بچووك دەنوێنێ بەرامبەر بە بەگژداچوونێکی توندی نوێ بە ڕووی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستیدا، لەبەرئەوە دەیبینین هەندێ جار شۆڕشگێڕە و هەندێ جاری تر"اصلاحی". یا جارێك– توفیقی–یە و جارێکی تر وەڕسی دای دەگرێ. بەلاّم شاکر فەتاح بەردەوام گیروگرفتەکانی گەل و کەموکووڕییەکانی کۆمەڵ و دیاردە چینایەتییە گەندەڵەکان دەردەخات و ڕەخنەیان لێ دەگرێ، ئەگەرچی جارێك بە هێمنی و جارێکی تر بە توندوتیژی و ڕەقییەوە ئەمە دەکات و چارەسەریشیان وەها بۆ دادەنێ کە یا ئامانج دەپێکی و چارەسەرەکەی شۆڕشگێڕانە و لە ڕەگوڕیشەوە دەبێ، یا بە نیوە و نیوەچڵێ و تەوفیقی، یا خەیاڵییەکی لە ڕادەبەدەر»(١١).

(٩) گەلاوێژ– ژ٥–س–٥–.

(١٠) گەلاوێژ –ژ٧–س–٥–.

(١١) ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا.

دەتوانین بڵێین: چیرۆکەکانی عەلائەدین سەجادی سێ جۆرن:

یەکەمیان: باسەکانیان لە بنەڕەتدا سەرگوزشتەیەکی ڕووداو یا فۆلکلۆرین و لە قاڵبی چیرۆکدا تۆمار کراون. وەك "جەوهەر ئاغا"(١٢) کە باسی لە ڕووداوێکی مێژووییە. واتە کوشتنی جەوهەر ئاغای برای سمایل خانی سمکۆ بە پیلانێك لە تەورێز. یا "ڕاوەژیشك"(١٣) سەر گوزشتەیەکی – ئەحەی جاو– دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی ساوێلکەی کەم عەقل بوو لە شاری سلێمانیدا دەژیا و تا ساڵەکانی پەنجاش لە ژیاندا مابوو. یا "لە پێناوی ئافرەتا"(١٤) کە چیرۆکێکی شێوە ئەفسانەیی فۆلکلۆرییە و باسی لە دڵدارییەکی "اسطوری"یە.

دووەمیان: چیرۆك بۆ منداڵان وەك "گورگ و بەرخەکە"(١٥) و "بزن و مەیموونەکە"(١٦) و "ڕێوییەکەی قەمچووغە"(١٧) "دوو براکە"(١٨) و "سێوەنگ و مام ڕێوی"(١٩)، کە ئەمانیش زۆربەیان باسەکانیان شێوە فۆلکلۆرین و مەبەست لێیان پەروەردە و ئامۆژگاریکردنی منداڵانە.

سێیەمیان: چیرۆکی هونەری کە ئێمە لێرەدا پتر ئەم بابەتەمان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستە و بایەخی زیاتر پێ دەدەین وەك "شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو"(٢٠) و "ڕۆنەزەنگی حەمەسەن"(٢١) و "بۆچی نەچووین بۆ کوێستان"(٢٢). جگە لە مانە "کاڵای

(١٢) گەلاوێژ– ژمارە ٦– ساڵی ١٠.
(١٣) گەلاوێژ – ژمارە ٥– ساڵی ١٠.
(١٤) گەلاوێژ – ژمارە ٩– ساڵی ٧.
(١٥) گەلاوێژ – ژمارە ٤– ساڵی ١٠.
(١٦) گەلاوێژ – ژمارە ٥– ساڵی ١٠.
(١٧) گەلاوێژ – ژمارە ٦– ساڵی ١٠.
(١٨) گەلاوێژ – ژمارە ٧– ساڵی ١٠.
(١٩) گەلاوێژ – ژمارە ٨– ساڵی ١٠.
(٢٠) گەلاوێژ – ژمارە ١٢– ساڵی ٧.
(٢١) گەلاوێژ – ژمارە ٣– ساڵی ٨.
(٢٢) گەلاوێژ – ژمارە ٣– ساڵی ٨.

بـاڵای شا"[٢٣] یشی بـەنـاوی خـۆیـەوە بـڵاو کـردووەتـەوە کـە چـیـرۆکـی نـووسـەری بەناوبانگی دانیمارك "هانز ئەندرسن"ە، بێ ئەوەی ئیشارەت بدا بەوەی کە لە زمانێکی ترەوە وەری گێڕاوە بۆ کوردی. لە کاتێکا فائق هوشیار هەر هەمان چیرۆکی بە ناوی "بەرگی نوێی شا"[٢٤] وە بڵاو کردووەتەوە ئیشارەتی داوە کە هی نووسەری ناوبراوە و وەری گێڕاوە بۆ کوردی.

***

لە "شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو"دا، ئاغای دەرەبەگ کە "نائب"ە لە پەرلەمانا، گوایە هێندە بە تەنگ خێر و خۆشی و شادمانیی جووتیارە زەحمەتکێشەکانەوەیە، کە بە بۆنەی شاییەکی یەکێك لە ئاوایییەکانی ناوچەکەی خۆیەوە، بۆ هاوبەشیکردنیان لـەو زەمـاوەنـدەیـانـدا و لێپرسینـەوەی ئـەحـواڵـیـان دێت بـە سـەردانـیـان!. بـە زمـانـێکـی شیرینی باوکانەی پڕ هەست و سۆز و بە ڕوویەکی گەش و خۆشەوە لەگەڵیاندا دەدوێ و لە گیروگرفت و تەگەرەی ژیانیان دەپرسێ و بۆیان دەبێتە مامە خەمە!. کەچی دوایی هۆی ئەم کردارەی ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێ کە ئاغا هەرچەندە خۆی دەخاتە پێستی مەڕەوە، بەڵام هەر گورگەکەی جارانە و مەسەلە بریتییە لە تەقەلادانی بۆ غـافـڵـکردن و هـەڵخـەڵـەتـانـدنـی جـووتـیـارەکـان، چـونکـە وەخـتـی هـەڵـبـژاردنـی نـوێـی پەرلەمان نزیك بووەتەوە.

بێگومان عەلائەدین سەجادی لەم چیرۆکەیدا، هەر باسی لە زۆروجەوری ئاغای دەرەبەگ و ژیانی کولەمەرگیی پڕ ئەندێشەی جووتیارانە. بەڵام لێرەدا دوو شت سەرنج ڕادەکێشن. یەکەمیان جۆری بۆچوون و نواندنی باسەکە... لە ناوجەرگەی ئەشکەنجە و دەرد و مەینەتییەوە زەماوەندێك و هاوبەشیکردنی ئاغای خوێنمژ تێیدا کە ئەمە نیشانـەی زیرەکـی و هـوشیـاریـی نـووسـەرە لـە چـنـیـنـی کـارەسـاتـەکـانـی چـیـرۆکـەکـەدا. دووەمـیـان ئـەو حـاڵـەتـە دووفـاقـیـیـەی ئـاغـای دەرەبـەگ کـە بـە سـەرێك "نـائب"ە لـە پەرلەماندا و ئەمە ناچاری دەکا هەر وەختێك هەڵبژاردن بێتە کایەوە، جۆرە مەراییەك "با ساختەش بێ" بۆ مسکێنەکان بکا و خۆی بە دڵسۆز و پیاوچاك نیشان بدا «کە ئـاشکرایـە دەرەبـەگـەکـانـی تـر پێویستـیـان بـەمـە نـیـیـە و نـاکـەونـە ئـەم حـاڵـەتـەوە». بـە

---

(٢٣) گەلاوێژ – ژمارە ٢ – ساڵی ٥.

(٢٤) گەلاوێژ – ژمارە ٢ – ساڵی ٦.

سەرێکیش هەر ئەو دەرەبەگەیە کە بووە و ئامانجی چیرۆکەکەش لە کۆتاییدا سەلماندنی ئەم ڕاستییەیە.

***

بەڵام لە ″ڕۆنەزەنگی حەمەسەن″دا، جارێکی تریش ″مەنووچەر″مان دێتەوە بەرچاو، چونکە هەمان بەسەرهاتی تێدا دەبینینەوە. حەمەسەنیش جووتیارێکی زەحمەتکێشە و ژیانێکی کولەمەرگی دەژی. بەری ڕەنجی شانی ئاغای دەرەبەگ دەیبا. دوای ئەو سۆفی کەریمی سووخۆر و کاربەدەستانی بەرتیلخۆر دێنە گیانی. سەرباری ئەمانەش، ئەو کەمەکە ڕۆنە زەنگەی بە یارمەتی حەمەڕەشی پوورزای و لە ڕێگەی ″گیاسالمە″ و فرۆشتنییەوە بۆ خێزانە کەساسەکەی وەدەستی هێنابوو، بە دەردی کەرەلۆتییەکەی مەنووچەر دەچێ و دەدزرێ، کە ئەوسا خۆی و خێزانەکەی دەکەونە سەر ساجی عەلی و دەردی هەژاری و برسێتی تەواو دەیانهاڕێ و ئەو ترووسکەی هیوا و ئاواتەی لە دڵیاندا بوو دەکوژێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ″ڕۆنەزەنگی حەمەسەن″ لەوەدا لە ″کەرەلۆتیی مەنووچەر″ جیا دەبێتەوە، کە کارەساتەکانی ئاساییتر ڕوو دەدەن و بەسەرهاتەکە بەگشتی ڕاستەقینەتر دەنوێنرێ. هەروەکو چیرۆکنووس لێرەدا زیاتر لە نزیکەوە و شارەزایانەتر، تەرزی ژیان و جۆری ئەرك و ئازاری زەحمەتکێشە چەوساوەکانی لادێ دەخاتە ڕوو. یا وەکی تری بڵێین تەقەلای داوە بە باری کۆمەڵایەتیدا ئەو ئامانجە بپێکێ.

جیاواز لە هەردوو چیرۆکی پێشووی، لە «بۆچی نەچووین بۆ کوێستان″دا، باسی لە گیروگرفتی ناوەخۆی خێڵێکی کۆچەرە کە دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر وا دەشکێتەوە ئەو ساڵە نەچن بۆ کوێستان!. بایەخی باسەکە بەر لە هەر شتێکی تر لەوەدایە کە خێڵێکی کۆچەر و پشتاوپشت پیشەیان گەرمیان و کوێستانکردن بووبێ کەچی ئەمساڵ ″ئەمساڵی ناو چیرۆکەکە″، کار وا بێتە پێشەوە کە نەچن بۆ کوێستان!. بەڵام ئاخۆ بۆچی نەچوون بۆ کوێستان؟. بە ڕای من نەپرسیارەکە و نەوەرامەکەی، هێندەی هەڵبژاردنی باسەکە بە سەرێك و ئەو شارەزایییە وردەی چیرۆکنووس لەبارەی ژیانی ئەو خێڵە کۆچەرە گرینگ نین. هەر ئەمەش بە چەشنی ″شاییەکەی رەشەی خەجەلاو″، دەبێتە نیشانەیەکی تایبەتی بە چیرۆکەکەوە و شێوەیەکی تایبەتی دەداتێ.

***

ئەگەر لە ڕووی هونەرییەوە سەرنج بدەینە ئەم سێ چیرۆکەی عەلائەدین سەجادی

بەتایبەتی و ″چیرۆکەکانی تریشی بەگشتی″، دوو تیشکی گەشیان پێوەبەدی دەکەین کە پتر لە هەر شتێکی تر دەیاندرەوشێننەوە. یەکەمیان: پوختی و پاراویی ئەو زمانە کوردییە ڕەوانەی پێیان نووسراوە. دووەمیان: ئەو شێوە میللییە کاریگەرەی باسەکانیانی پێ نوێنراوە. ئەم دوو نیشانە سەرەکییەش هەرچەندە هەریەکەیان خۆی لە خۆیدا ڕوویەکی گەشی چیرۆکەکانە لە تەکنیکدا و بە پێوانەی پلەی خۆیان دەبێ جێگەی ستایش بێ، بەڵام وەکی تر هەردووکیان پێکەوە بوونەتە دوو یاریدەدەری گەورەی پێکهێنانی شێوازێکی سەرەکی لە چیرۆکەکانی عەلائەدین سەجادیدا، واتە شێوازی «ئاوێنەی ژیانی میللی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەتایبەتی لە لادێدا کە شارەزایانە و بەوردی تەرزی ژیانیان و گیروگرفت و ئەشکەنجە و نیاز و خوازیان دەخرێتە ڕوو».

عەلائەدین سەجادی لە ساڵانی دوایی تریدا، هێندەی مەسەلە پێوەندیی بە هونەری چیرۆکنووسینەوە هەبێت، دەتوانین بڵێین: واز لە نووسینی چیرۆکی هونەری دێنێت و لە بریتیدا ″ڕشتەی مراوی″ دێنێتە بەرهەم کە بۆ خۆی جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبییە و شایانی لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆیەتی.

## ڕێبوارەکان: تەنیا چیرۆکێك

لە سەرجەم لاپەڕەکانی ١٠٥ ژمارەی کۆواری گەلاوێژدا ٧ ناوی تر لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا بۆ تەنیا جارێك دەبینرێن و ئیتر «ئەگەر بە هەڵە نەچووبم!» ببڕایبڕ نابینرێنەوە!... ئەوانیش ئەمانەن: نوری. س لە ″ژانی ژیان″[٢٥]دا کە باسی لە بەزۆر بەشوودانی کچە. فائیق کاك ئەمین لە «چیرۆکی ئەم مانگاندا– واتە چیرۆکەکە بێ ناونیشانە»[٢٦] کە لە دەردی قومارکردن و عارەق خواردنەوە دەدوێ چۆن ئەنجامیان سەرگەردانییە. سەلامی شاعیر «١٨٩٢–١٩٥٩» لە ″نەمەنە نەهۆقە یامەنە یاهۆقە″[٢٧]دا، چیرۆکێکی کۆمێدیی بە مەغزامان دەخاتە پێش چاو. ف. محەمەد لە ″شیربایی″[٢٨]دا باسی لە دڵدارییەکی ڕۆمانسیی پڕ جەخارە. مستەفا سائیب لە

(٢٥) گەلاوێژ – ژمارە ١ – ساڵی ٤.

(٢٦) گەلاوێژ – ژمارە ٦ – ساڵی ٤.

(٢٧) گەلاوێژ – ژمارە ٧ – ساڵی ٥.

(٢٨) گەلاوێژ – ژمارە ١١ – ساڵی ٥.

″دز″[29]دا شێخـێکـی خـواپـەرسـتـمـان نـیشان دەدا کـە دوایـی دەردەکـەوێ دزێکـی پـەتـیـارەیـە٠ –ع٠ج– لـە ″چوار هـەژار″[30]دا بـاسی لـە دەردی هـەژاریـیـە. مـحـەمـەد بەدبەخت لە ″تاقە گەوهەریك″[31]دا چیرۆکێکی ڕەمزی – ئەفسانەییمان پێشکێش دەکات.

هەموو چیرۆکەکان وەك دەبینین بە ناوەرۆك لە گیروگرفت و دەردەکانی ناو کۆمەڵ دەدوێن و لە زۆربەیاندا مەبەستی نووسەرەکانیان ڕەخنەگرتنە لە دواکەوتوویی کۆمەڵەکە و لەوانەی دەبنە هۆی ئەم دواکەوتنە. بەڵام لە تەکنیکدا زۆر لاوازن و هەموو گیرۆدەی شێوەی ڕاپۆرتنووسی بوون. جگە لەوەی زۆربەیان کەوتوونەتە گێژاوی ڕۆمانسییەتێکی خەیاڵاوی سەکارەوە، بەتایبەتی لە چیرۆکە دڵدارییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناویانا ″نەمەنە نەهۆقە، یامەنە یاهۆقە″کەی سەلامی شاعیر، گەشتر لە هەریەکێکی تریان وەك چیرۆکێکی هونەری خۆی دەنوێنێ و سەرنج ڕادەکێشێ. چیرۆکەکە وەك وتمان کۆمیدییەکی بەمەغزایە. مەلا مەحموود بە درێژایی ژیانی شاری نەدیوە. بۆ پێوان و پێوانە تەنیا مەن و هۆقە پێ دەزانێ. دەچێ بۆ شار بۆ کڕینی کەلوپەل. دەیەوێ هەموو شت بەمەنە یا بەهۆقە بکڕێ. بەڵام سەیر دەکا ″کیسە و گەز و دانە و کەللە و قاڵب″یش هەن. سەر لەم کارە دەرناکا. وای دادەنێ شارەکە سەری لێ شێواوە و ژیانی ئاڵۆسکاوە. چونکە ئەو پێوانانە بە «.. قانوونی کلیە و بە قیاسی منطق و بە قواعدی نحو هەمووی غلطە». ئەگینا وشك هەیە و تەڕ هەیە. وشك بەمەنە و تەڕ بەهۆقە و بڕایەوە. ئیتر بۆ ئەبێ ئەم شارە ئاوەها سەر لە خۆی بشێوێنێ و ژیانی خۆی بئاڵۆزێنێ؟ لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ: «.. بەخوا وا چاکە تا تینم تیا ماوە، تا پێم بڕ دەکا، سەری خۆم هەڵگرم و بۆی دەرچم. شاری چی؟ شار شاریان لێ نابوومەوە.».

لێرەدا دەگونجێ بڵێین: مەغزای چیرۆکەکە باسی لە پێوەندی یا بەراوردکرنی نێوان شار و لادێیە یاخۆ باسی لە ئاڵۆسکاوی ژیانی ناو شار و سادە و ساکاریی ژیانی لادێیە.. یا هەر شتێك لەم بابەتە، کە ڕەنگە سەلام خۆی بە ڕادەی یەکەم ئەمەی مەبەس

---

(٢٩) گەلاوێژ – ژمارە ٣ – ساڵی ٦.

(٣٠) گەلاوێژ – ژمارە ٦– ساڵی ٦.

(٣١) گەلاوێژ – ژمارە (١٠،٩)– ساڵی ٨.

نەبووبێ و تەنیا لایەنە کۆمیدییەکەی لا بایەخدار بووبێ، بەتایبەتی کە شەقلێکی فۆلکلۆریی میللی پێوەیە و بەوە چیرۆکەکە کاریگەرتر و بەهێزتر و دەبێ.

بەهەرحاڵ مەلا مەحمووش، وەك "حەمەسەن- یا- ئاغای دەرەبەگی نائیبی پەرلەمان"ی عەلائەدین سەجادی و "میرزا غەفوور"ی شاکر فەتاح، دەبێتە شەخسیەتێکی خاوەن نیشانە و قەوارەی تایبەتی خۆی لەناو کەسانی چیرۆکی ئەو پلەیەماندا(٣٢).

(٣٢) لە دامێنی چیرۆکەکەدا نووسراوە "ماوێتی". کەچی پاشماوەکەی لە ژمارەکانی دوای گەلاوێژدا نابینین. بەڵام بە ڕای من چیرۆکەکە خۆی وا دەگەیەنی کە کۆتایی هاتبێ و بە هەڵە نووسراوە "ماوێتی".

## چیرۆك و چیرۆكنووسەكانی «دەنگی گێتی تازە»

### حوسێن حوزنی

ئەوی ڕاستی بێ حیكایەتی حوزنی لەگەڵ چیرۆكنووسیندا، لە ساڵانی دەرچوونی "دەنگی گێتی تازە" زۆر كۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ وەختی دەرچوونی كۆواری "زاری كرمانجی -١٩٣٥" و دوای ئەویش "ڕووناكی - ١٩٣٥" كە چەندین بەرهەمی تێدا بڵاوكردوونەوە و خۆی بە "چیرۆك" ناوی بردوون كە بەڕای من ئەمە خۆی لە خۆیدا دەلالەتی هەستكردنی بووە بە پێویستیی بایەخدان بە هونەری چیرۆكنووسین.

بێگومان ئەو بەرهەمانەی لە "دەنگی گێتی تازە"دا بڵاوی كردوونەتەوە، پێشەكەوتووترین نموونەی تەقەلادانین لەم مەیدانەدا و دەهێنن وەك چیرۆك بۆ "حوزنی"ی مێژوونووس و ئەدیب و ڕۆژنامەنووسی بكەین بە ماڵ.

باس و خوازی سەرجەم چیرۆكەكانی "حوزنی" بریتین لە پەندوباوی فۆلكلۆری، یا سەرگوزشتە و حیكایەتی دەماودەمی خەڵكی و قسە و باسی ناو كۆڕ و كۆمەڵیان، وە یا ڕووداوی تایبەتی ژیانی خۆی كە هەموویانی لە قالبێكی سادە و ساكاری بێ فەنتازیدا نووسیوە.

بۆ نموونە لە "سەپان و جووتیار"[٣٣]دا باسی لە جووتیارێكە و لە ساڵێكی نەهاتدا لێی دەقەومێ. هاوار دەباتە بەر ناسیاوێكی لە دێیەكی تر. ناسیاوەكەی لە سەرەتادا یاریدەی دەدا و دەستی دەگرێ. بەڵام دوایی دەردەكەوێ كە كابرایەكی چاوچنۆكی نامەردە و مەبەستی چەوساندنەوەی جووتیارە لێقەوماوەكەیە.

لە "وشیار و، كچە پیرێژنی گوند"دا[٣٤]، زیرەكیی كچە هەژارێك دەردەخا كە كوێخای دێ بەسێ پرسیار تاقی دەكاتەوە تا بزانێ وشیار هۆشمەندە یان نا. كە بۆی دەردەكەوێ وەهایە، لە كوڕەكەی مارە دەكات و ناوبانگی ژیری و وشیاریشی بە هەموو لایەكدا بڵاو دەبێتەوە و خەڵكی ناوچەكە بۆ چارەسەركردنی گیروگرفتەكانیان دێن پرسی پێ دەكەن.

---

(٣٣) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٢، بەرگی ١، ساڵی ١٩٤٣.

(٣٤) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٥، بەرگی ٣، ساڵی ١٩٤٥.

لە "میوان پەزیری و دڵنەوازی"دا[٣٥]، دوو ڕێبواری ماندوو بە لای ساباتێکدا ڕادەبوورن. لەلایەن خاوەن ماڵەوە میواندارییەکی حاتەمییانە دەکرێن، ئاشکرایە مەبەستی لە چیرۆکەکە میوان پەرەوەرییە لەناو کوردەواریدا.

لە "خاوەن زەوی وریا"دا[٣٦]، ئاغایەك و مەلایەك و سەیدێك دەکەونە ناو باخێکەوە و بەبێ ڕەزامەندیی خاوەنەکەی دەس دەکەنە میوە خواردن. خاوەن باخ پیلانێك دەهۆنێتەوە بۆ تەمێکردنیان کە جارێکی تر دەسدرێژی نەکەنە سەر بەروبوومی زەویوزاری خەڵکی. دیارە دەتوانین بڵێین: کردنی ئاغا و مەلا و سەید بە نموونەی دەسدرێژیکەران بێ مەغزا نییە. بەڵام نموونەی خاوەن زەوییە وریاکەش، نیشانەی پارێزگاریکردنە لە مۆڵکیەت.

لە "مام پیاو"[٣٧]، پەیڕەوی شێوەی "نەمەنە نەهۆقە، یا مەنە یا هۆقە"کەی سەلام دەکا، بەڵام بە باسێکی جیاواز. هەردووکیشیان هەر لە یەك ژمارەی کۆوارەکەدا بڵاو کراونەتەوە[٣٨]. ئەوەی ڕاستی بێ لەم چیرۆکەیدا بە پێچەوانەی ئەوانی تریەوە، تا ڕادەیەك لەو شێوە فۆلکلۆرییەی لادەدا و بە جۆرێکی تر دەدوێ. "مام پیاو" کابرایەکی بە خەیاڵ دروست کراوە و "نەبووە و نەهەیە". دایك و باوکی پیرۆت و پەریزدا لە وەختی خۆیدا بۆ مەبەستێکی تایبەتی گیانیان بە بەرداکردوو ئەم ناوەشیان بەسەردا بڕی و ئیتر لەو وەختەوە لەناو خێزانەکەیان و خزماندا ئەم مام پیاوە لە نەبوو هاتە بوون. پیرۆت لە چیرۆکەکەدا ئەمە بۆ "گەوهەر"ی کچی دەگێڕێتەوە.

لە "خاوەن دارستان و پشیلە"دا[٣٩]، باسی لە بێ ئەقڵی کابرایەکە لە پیشلەکەی کەللەیی دەبێ و بۆ ئەوەی بیکوژێ، ئاگر لە دارستانەکەی بەردەدا. هەروەها "پاشا و کراس" و[٤٠] "جووتبەند و دێو"[٤١] دوو چیرۆکی فۆلکلۆرین و ئەم تۆماری کردوون.

ئەمانەی ئیشارەتم پێ دان، چەند نموونەیەکی هەڵبژاردە بوون لە نووسینەکانی

(٣٥) دەنگی گێتی تازە – ژمارە ٦ بەرگی ٤ – ساڵی ١٩٤٥.

(٣٦) هەر هەمان ژمارە.

(٣٧) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٣، بەرگی ٢ – ١٩٤٤.

(٣٨) لە ژمارەی ٧ی ساڵی ١٩٤٤ی (گەلاوێژ)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(٣٩) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ١، بەرگی ١– ١٩٤٣.

(٤٠) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٥، بەرگی ٢– ١٩٤٤.

(٤١) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ١، بەرگی ٣– ١٩٤٤.

حوزنی کە خۆی ناوی چیرۆکی لێناون. بێگومان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری تری ئەو بەرهەمانەی بە درێژایی هەر سێ پلەکە بە ناوی چیرۆکەوە بڵاو کراونەوە ناچارم دەکەن لێیان بدوێم، منیش لاریم نییە لە لەناوبردنی ئەمانەی حوزنی بە چیرۆك. بەڵام هێندە هەیە کە لەلای ئەم، سەرجەم چیرۆکەکانی چ بەشێوە و چ بە ناوەرۆك لە یەك قاڵبدان و یەك جۆر باس و خواز دەجوونەوە کە وەك لەوەبەر وتم، بریتین لە کۆمەڵێك پەند و ئامۆژگاریی فۆلکلۆری و حیکایەت و قسە و باسی سەر دەمی خەڵکی لە کۆڕ و کۆمەڵی ناو مزگەوت و دیواخان و ڕووداوی ژیانی خۆی.

## دڵسۆز

هەر لە ژمارەکانی "دەنگی گێتی تازە"دا، "دڵسۆز" ناوێکمان بەرچاو دەکەوێ کە چەند بەرهەمێکی لێرەدا بڵاو کردووەتەوە و بەڵام ئیتر بەم ناوەوە من لە هیچ چاپکراوێکی تردا چیرۆکیم نەدیوە.

سەرنجم دا ئەمیش هەندێك لەو بەرهەمانەی لە بنچینەدا فۆلکلۆرین و بگرە تێیاندا هەیە کە لەناو خەڵکیدا زۆر باون. بۆ نموونە: «چاکە لەگەڵ ناکەسبەچە خراپەیە» و(٤٢) "شێرۆ و نازدار" و(٤٣) «هەر کەس بە خەیاڵی خۆی ئەدوێ»(٤٤) کە ئەمەیان چیرۆکی خێزانە کەرەکەیە و لام وایە کە وترا خێزانە کەرەکە هەرزوو دەزانرێ کام چیرۆکە.

بەڵام لەوەکانی تریدا. لە ڕووداوێکی ڕۆژانەی ژیان دەدوێ و لە قاڵبی چیرۆکدا دەیگێڕێتەوە. وەك "خوایە حەقین وەکەی"(٤٥) کە باسی لە چەند لادێی یەکی ڕەشوڕووتی برسییە و هاتوونە شار "قەڵادزێ" بۆ وەرگرتنی ئازووقەی "تەموین"، بەڵام ئەمرۆ بە سبەینێیان پێ دەکرێ. سکاڵای حاڵی خۆیان بۆ ئەفەندییەك "چیرۆك گێڕەوە" دەکەن کە لە چابخانەیەکدا تووشی دەبن. بەڵام ئەفەندی هەرچەندە دڵێ پێیان دەسووتێ، دڵنیایان دەکا کە قایمقام پیاوێکی باشە و ئیشیان مەیسەر دەکا.

لە "ئاش میزتوویەتی"دا(٤٦)، هەر ئەو ئەفەندی و هەر لە وەختی تەمویندا، چوار

(٤٢) دەنگی گێتی تازە- ژمارە١٠، بەرگی ٥ - ١٩٤٦.
(٤٣) دەنگی گێتی تازە- ژمارە ٢٢، بەرگی ٦ - ١٩٤٦.
(٤٤) دەنگی گێتی تازە- ژمارە ٣ بەرگی "٤ - ١٩٤٥.
(٤٥) دەنگی گێتی تازە- ژمارە ٣، بەرگی ٣- ١٩٤٤.
(٤٦) دەنگی گێتی تازە- ژمارە ٣، بەرگی ٤ - ١٩٤٥.

تەنەکە و نیو گەنم دەنێرێ بۆ ئاش. بەڵام نیوەی بە ئاردی بۆ دێتەوە. کە دەپرسێ، ئاشەوانی "دز" زۆر ڕاووڕێوی بۆ دێنێتەوە و دەیەوێ بیسەلمێنێ کە باراشەکەی ئەو "ئاش میزتوویەتی". ئەفەندی لێی خۆش دەبێ. بەڵام ئامۆژگاری دەکا کە جارێکی تر ئەمەی لێ نەوشێتەوە و سەرڕاست و دەسپاك بێ.

لە "کورد بە ڕەحمە"دا[٤٧]، شوێن پێی "میوان پەزیری و دڵنەوازی"یەکەی حوزنی هەڵگرتووە و چیرۆکەکە ناوی خۆی بە خۆیەوەیە. "مستەفا" دەگەڕێتەوەماڵەوە. "مەحموود" لەلای خێزانەکەی دەبینێ. دەیکوژێ و هەڵدێ. حەمەدبەگی کوڕ کوژراو دوای دەکەوێ. زستانە و بەفر و زوقمە. سێ شەو و سێ ڕۆژ چیاکانی بەدوادا دەگەڕێ. بە ڕێکەوت لە ئەشکەوتێکدا دەیبی کە لە سووچێکدا خۆی گرمۆڵە کردووە و نووستووە. دەیەوێ بیکوژێ. ڕەحم و بەزەیی لە دڵیدا دەجووڵێ. نایکوژێ. ئاشت دەبنەوە و پێکەوە دەگەڕێنەوە ئاوایی. تەنیا داوای ئەوەی لێ دەکا لە بەرچاوی نەمێنێ و بار بکا.

دیارە باسەکانی ئەم سێ چیرۆکە دەسیاندەدا سێ چیرۆکی سەرکەوتوویان لێ پێك بهێنرێ. بەڵام لە ڕاستیدا وەك سێ ڕاپۆرتی وشك و بێ گیان نووسراون کە بەوە لە ڕووی هونەرییەوە تەواو پووکاونەتەوە.

## ئیحسان مەستەفا

ئیحسان مەستەفا تەنیا بە دوو چیرۆك هاتووەتە کۆڕەوە. بەڵام بەهرەداری و وەستایی خۆی وەها سەلماندووە کە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەردەوام بوایە لەسەر چیرۆکنووسین و دەستی لێ هەڵنەگرتایە، لەوەبوو لە کۆڕی چیرۆکی کوردیماندا ببوایەتە چیرۆکنووسێکی لێهاتووی گەورە و خزمەتێکی زۆری بکردایە.

لە "دایك"دا[٤٨] لە باسێکی ئاسایی دەدوێ کە سۆزی دایکایەتییە. بەڵام ئەم ئەو ڕووەی دەنوێنێ کە وەك هەستێکی مرۆڤانەی نەمر، چەندە درك و داڵی کارەساتی سەخت و ستەمکاری ژیانیشی تێ بئاڵێ، قەت بەری لێ ناگیرێ و بڵێسەی لە کوژانەوە نایەت.

«ئێستاش لە بیرمە. هەرچەندە ساڵەکانی پێشوو دێنمە پێش چاوم دێتە بیرم....

(٤٧) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٢٢ بەرگی ٦– ١٩٤٦.

(٤٨) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٤، بەرگی ٢ – ١٩٤٤.

چۆن لە بیری کەم.. ها چۆن لە بیری کەم؟ من خۆم بەدەستی خۆم عەرزوحاڵەکەم بۆ نووسی»[٤٩]. چیرۆکەکە وەها دەس پێ دەکا. واتە بە مۆنۆلۆج کارەساتێکی ڕابردوو دەگێڕدرێتەوە کە کەرتی یەکەمی چواردە ساڵ لەوەبەر ڕووی داوە و کەرتی دووەمی شەش ساڵ. لە کەرتی یەکەمدا، ڕۆژیکیان چیرۆکگێڕەوە کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پیرێژنێك دەبینێ لای دایکی دانیشتووە چاوەڕوانی ئەم دەکا. تێ دەگا کە دەیەوێ عەرزوحاڵێکی بۆ بنووسێ بۆ داواکردنی "نفقە" لە کوڕەکەی. کە ڕەنجی فەرهادی بۆ داوە تا پێی گەیاندووە و کردوێتی بە "تیجار" و ژنی بۆ هێناوە، کەچی لە چوار مانگ لەوەبەرەوە دەری کردووە و سەرگەردان و کەساس کەوتووە.

دیارە لێرەدا دەپرسرێ کە ئاخۆ پیرێژن چۆن بیری بۆ ڕێوشوێنی ئەم عەرزوحاڵ نووسینە چووە؟.. چۆنیش ڕێی کەوتووەتە ماڵی ئەمان؟. چیرۆکنووس زیرەکانە وەڵامی پرسیاری یەکەمی داوەتەوە کە دایکی کوڕە ئەم نەخشەیەی بۆ پیرێژن کێشاوە. هەروەکو زیرەکانەش وەڵامی پرسیاری دووەمی دیاری نەکردووە، بۆ ئەوەی لای خوێنەر ببێتە باسی چیرۆکێکی تر کە خۆی دروست بکات و بیخاتە سەر ئەوەی دەیخوێنێتەوە وەك ئەوەی پیرێژن ناسیاوێکی کۆنی دایکی کوڕە بێ یا ناسیاوێك ناردبێتییە ماڵی ئەمان، یا بەدەم سواڵکردنەوە ڕێی تێ کەوتبێ... هتد.

پێرێژن عەرزوحاڵەکەی بۆ دەنووسرێ و دەڕوا بەلای دەردی خۆیەوە. بەمە کەرتی یەکەمی کارەساتەکە کۆتایی دێ. بەڵام دوای ئەوە بە هەشت ساڵ، چیرۆکگێڕەوە لەگەڵ چەند برادەریکیدا بەلای گۆڕستاندا ڕادەبووری. بیرێژن دەبینێتەوە، لەسەر گۆڕی کوڕەکەی شین دەکا و دەلاوێنێتەوە. بێگومان ئەم کەرتەی چیرۆکەکە، چەندە لە بەدەستەوەدانی مەبەستی سەرەکیدا "سۆزی پیرۆزی دایکایەتی" کاریگەر و سەرکەوتووە، هێندەش لە ڕووی هونەرییەوە کەلێنی تێ دەکەوێ. وەك ئەوەی بوترێ: دەگونجێ کوڕە هەرزوو پیرێژنەکەی دایکی بردبێتەوە لای خۆی و لەو کردەوە ناپیاویەی بەرامبەری کردبووی پەشیمان بووبێتەوە. لە کاتێکا چیرۆکنووس ئەو کۆتاییی چیرۆکەکەی لەسەر باوەڕێك بنیاتناوە کە ئەمە ڕووی نەدابێ، چونکە ئەگەر وانەبێ کۆتاییەکە لە بنەڕەتدا هیچ مەغزایەکی نائاسایی تێ ناکەوێ و مەبەستی سەرەکیی چیرۆکەکەش پووچ دەبێتەوە.

---

(٤٩) دەنگی گێتی تازە– ژمارە ٥، بەرگی ٢– ١٩٤٤.

لە چیرۆکی دووەمیدا "سکالای مردوو"(٤٩)، باسی لە چەوساندنەوە و زەبوونی ئافرەتە بە دەس پیاوی کەللەڕەق و بێ ویژدانەوە. شەوێکی هاوێنە.. چیرۆکگێڕەوە لە حاڵەتێکی دەروونیی ڕۆمانسیپانەدایە. ئاوازی شمشاڵی دراوسێکەیانی دێتەوە بەرگوێ. بەڵام ئاوازی ئەمشەو خەمناکە ئەم خامۆش دەبێ و خەیاڵ هەڵی دەگرێ. خۆی لە کەناری دەریاچەیەك بەدی دەکا. تارماییی کیژێکی دەردەکەوێ. سکالای حاڵی خۆی بۆ خۆی دەکا. دوکتۆر وتوویە سکی ببێ دەمرێ. حەبی داوەتێ کە منداڵی نەبێ و بەڵام مێردەکەی ڕازی نەبووە. لە سکالاکەیدا دەردەکەوێ کە سکی نۆ مانگانە و مردنی نزیکە. دوو تارماییی تر پەیدا دەبن. پەلی دەگرن و دەیبەن. دەڵێن: بێ چارەیە لە خانووی مردووانەوە ڕای کردووە. ئەوسا ئیتر ئەم لە خەیاڵەکەی بە ئاگا دێتەوە. دەنگەدەنگی ژنان دەبیسێ. کە دەپرسێ: چی قەوماوە؟ دەڵێن: پیاوێکی دراوسێیان ژنەکەی تەڵاق داوە، چونکە چێشتەکەی سوێر بووە.

هێمنی و ئاسایی لە هەڵسووڕاندنی کارەساتدا و نواندنی لە بەرگێکی ڕۆمانسیانەی کاریگەدا.. خۆپاراستن لە درێژەپێدان و لەقوپۆپ لێکردنەوەی ناپێویست.. زمانێکی پوخت و ڕەوان.. هەروەها بۆ چوونی هونەرمەندانەی لە بەدەستەوەدانی ئامانج و مەبەستدا کە ڕەخنەگرتنە لە باری ناهەمواری ئافرەتی کورد و زوڵم لێکردن و مامەڵەی بێ ویژدانانەی پیاو بەرامبەری.. ئەمانە هەموو نیشانەی سەرکەوتوویی ئەم چیرۆکەی دووەمی "ئیحسان مەستەفا"ن کە بەداخەوە وەك لەوەبەر وتم و هێندەی من پێ بزانم، جارێکی تر لە کوڕی هونەری چیرۆکنووسیندا بەرهەمی نابینینەوە.

## فائیق زێوەر ١٩٠٨–١٩٥٢

فائق زێوەری بە چەشنی ئەحمەد موختار جاف، تاقە یەك چیرۆکی نووسیوە و وەك ئەویش مەبەستی ڕاستەوخۆ ڕەخنەگرتن بووە لە کۆمەڵ، بەتایبەتی لەو لایەنانەوە کە پتر پێوەندییان بە شەخسی خۆیەوە هەبووە و کاریان کردووەتە سەر هەست و بیر و هۆشی. بەڵام لە شێوەدا زیاتر پەیڕەوی چیرۆکەکەی جەمیل سائیبی کردووە، چونکە ئەمیش نەك بەخەو، بگرە لە ڕێگەی خەیاڵێکەوە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. هەروەکو سەرنجتان ڕادەکێشمەوە بۆ "گەشتە"کەی پیرەمێرد «بەسەر باڵی پەرندەی خەیاڵەوە» کە لە شێوەدا جیاوازی نێوانیان تەنیا هێندەیە کە پیرەمێرد گەشتەکەی بۆ

بەر بارەگای پەروەردگار کردووە لە ئاسمان و ئەم بۆ ناو کۆبوونەوەیەکی هەفتانەی پیاوچاکانی سەر ئەرز لەسەر لووتکەی ئەڤرێست. بەهەرحاڵ، ئەوان هیچیان چیرۆکەکەی خۆی تەواو نەکردووە و وازی لێ هێناوە. لە کاتێکدا ئەم تەواوی کردووە.

کە دەس دەکەین بە خوێندنەوەی «شەوێك لەسەر لووتکەی ئەڤرێست»(٥٠)، کات شەوی (١٥/١٢/١٩٤٤)ە. یەکێکە لە شەوە ساردەکانی زستان. فائق زێوەر "خۆی" لە ماڵەوە دانیشتووە و دەخوێنێتەوە. لە دەرگە دەردێ. کابرایەکی نەناسیاو داوای لێ دەکا لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە، چونکە ئیشێکی پێی هەیە. ماڵەوە ئاگەدار دەکا و دەڕۆن. دەگەنە گردی سەیوان. کابرا خۆی لێ ئاشکرا دەکا کە "خدری زیندە"یە. دڵنیای دەکا کە ترسی نەبێ و چی لێ داوا دەکا وەها بکات. داوا دەکا چاو بنووقێنێ. کە چاو دەکاتەوە لەسەر شاخی "هامالایا"ن. سەردەکەونە سەر لووتکەی ئەڤرێست. دەڕوانێ کۆڕ گەرمە. کوبوونەوەیەکی "هەهەینوان"ی پیاوچاکانی هەموو سەرزەمینە. هەندێکیان دەناسێتەوە. ناوی هەندێکیشیانی بیستووە. «.. زۆربەیان لەو ئەفەندییانە بوون کە زۆر کەس بەبێ دین و زەندیقیان دەزانن، وە گەلێکیان لەوانە بوون کە مەلا فەتوای دابوو هەر کەس بیانکوژێ دەستی سەوز دەبێ». گوێی لە دەنگێك دەبێ دەکرووزێتەوە. دەچێ بزانێ چییە. دەبینێ "ئەهریمەن"ی خوای شەڕە و کۆت و پێوەند کراوە. دەگەڕێتەوە ناو کۆبوونەوەکە، پیاوچاکێکیان دەفتەرێك دێنێتە پێشەوە و ناو دەخوێنێتەوە. هەموو دەڵێن "بژی". ئەمانە پیاوە خێرخوا بەناوبانگەکانی مێژوون و کۆبوونەوەکە بڕیار دەدا ئیدامە بە نەمرییان بدرێ. هەندێ ناوی تر دەخوێنێتەوە. دەڵێن "نەژی". ئەمانە شەڕخوا و زۆردارەکانن و ڕیسوا دەکرێن. ئەهریمەن لەوێوە دەقیژێنێ "هایل" و دەیکا بە هاوار و نەڕەنەڕ. بۆ بێدەنگکردنی ، ورچی سپی دەکەن بە یاساوڵی. پیاوچاکێکی تر دەفتەرێکی تر دێنێ. ناو دەخوێنێتەوە. هەندێك بۆی دەنووسن "مەرگی کوتوپڕ". ئەمە بۆ دەڵەمەندە چاوچنۆکەکانە کە پیشەیان هەر کەڵەکەکردنی سەروەت و سامانە. هەندێك بۆیان دەنووسن "جوانەمەرگ". ئەمە بۆ گەنجە تەوەزەلە بێفەڕەکانە کە ژیانیان بە فیڕۆ دەدەن و هیچ سوودێك بە گەل و نیشتمانەکەیان ناگەیەنن. بۆ هەندێکی تر دەنووسن "بابە عەمرە". ئەمەش بۆ ئەو پیرە پیاوچاکانەیە کە لە ژیانیاندا خێرخوا و کارمەند بوون و خزمەتی خەڵکیان کردووە. ئینجا دەفتەرێکی تر دەهێنرێ. ئەمیان بۆ زۆرکردن و کەمکردنی پارە و دەسکەوتە. پیاوباش بۆی زۆر دەکرێ، چونکە

(٥٠) دەنگی گێتی تازە- ژمارە (٢ تا ٧) بەرگی ٥- ١٩٤٥.

یاریدەی خەڵکی دەسکورتی پێ دەدا. پیاوخراپ بۆی کەم دەکرێ، چونکە یا کەڵەکەی دەکا یا بۆ سەفاهەت سەرفی دەکا. ناو دەخوێنرێتەوە. تا نۆرە دێتە سەر فائق زێوەر خوێ. ڕووبەڕوو لەگەڵیدا دەدوێن. لە خۆی دەپرسن. داوای هیچ ناکا. دەیداتەوە دەس خۆیان. باس دێتە سەر مووچەخۆری و شەهادە و شەهادەکاری. دەردەکەوێ پیاوچاکانی سەر ئەڤریستیش بەپێی شەهادە هەڵبژێراون... «.. گەورەکەیان وتی: چاوت پێ کەوت؟. وتم: بەڵێ. وتی: ئێمە کە پیاوچاکین و پیاوچاکیش ئیشەکەی دنیاییە، کاتێ کە هەڵیان بژاردین بۆ ئەم کاروبارە هەتا شەهادەتی عالی و تەقریری توبی و شەهادەی حەسەنلسلوك و گەلێ شتی ترمان پێ نەبێ، لێرەشدا دانامەزرێین. دنیا نموونەی قیامەتە. ئەم فەرمانە وەکو بۆ ئێرە هەیە، بۆ دنیاش هەروایە چونکە لێرەوە دنیا تێ دەگەیەنرێت».

پیاوچاکان بۆ یاریدەدانی، داوای لێ دەکەن کاسبی بکا و ئەوان خێروبێری بەسەردا دەبارێنن. ئەم وەرامیان دەداتەوە کە تاقەتی کاسبی نییە و حەز بە وەزیفەکەی خۆی دەکا. لێرەدا خدری زیندە پێی دەڵێن: «فائق.. تۆ لەو پیاوانە نیت ڕێت بکەوێتە ئێرە. بەڵام دایکت خوا لێی خۆش بێ، ئەوەتەی مردووە گیانی هەموو ڕۆژی هەینوانێ لە بارەگای یەزدانا دەس دەکا بە پاڕانەوە، وە دەڵێ خوایە کوڕەکەم لات و بێ پوول نەکەی، خوایە کوڕەکەم بکەی بە پیاوێ هەموو کەس خۆزگە بە کردەوە و ڕەوشتی بخوازێ». ئەوسا خدری زیندە بۆ یاریدەدانی سێ ئیشی دەخاتە بەردەم کە یەکێکیان هەڵبژێرێ. یەکەمیان دەس بکا بەدووعا و نوشتەنووسین و ئەوان لەم کوڕەدا بازاڕی گەرم دەکەن. ئەم دەڵێ: «گەورەم.. ئەوە هیچ بە من ناکرێ دەسی پڕوپیریژن ببڕم». دووەمیان: دووعایەکی بۆ بخوێنن کە بچێ داوای هەرچی شتێ لە ئاغا و بەگ و دەوڵەمەندەکان بکا، دەسبەجێ بیدەنێ. ئەم دەڵێ: «قوربان ئەو شتخواستن و خوازەڵۆکییە بۆ من دەس نادا». سێیەمیان: هەموو شەوێکی دووشەمان لە پەردەی غەیبەوە کائیناتی نیشان دە و بەنهێنییەکانی ژیانیان بزانێ و پارەی پێ پەیدا بکا. ئەم لە سەرەتادا نازانێ مەبەستی چییە. بۆیە خدری زیندە دەییا، پەردەی غەیبی نیشان دەدا و "با بڵێین!" وەك تەلەفزیۆن بۆی دەخاتە ئیش. گەشتێکی سەرزەمینی پێ دەکا. زۆر شت دەبینێ و دەبیسێ. تەنانەت لە زمانەکانی هەموو نەتەوەکانیش حاڵی دەبێ و لە ناخدا تێ دەگا چی دەڵێن. لە چین بووك و زاوایەك دەبینێ. بووك لە زاوا زویرە و پێی ڕادەگەیەنێ کە شوورەییە بۆ ئەو لە وەختێکدا ژاپۆنە

داگیرکەرەکان هێرشیان هێناوەتە سەر وڵاتەکەی و دەیانەوێ گەلەکەی بخەنە تەوقی عەبدایەتییەوە، ئەم بووکی بۆ بکرێتە پەردە و ڕابوێرێ. دەبینێ زاوا وەك شێر پەلاماری چەك دەدا و ڕوو دەکاتەوە کۆڕی شەڕ. لە ئێران دوو کەسی دەکەوێتە بەرچاو گفتوگۆ دەکەن. یەکەمیان ئاوات دەخوازێ دینا هەموو ببێ بە بۆشەویك "بۆڵشەویك"... «.. چونکە لە بۆشەویکدا گەورە و بچووك نییە. هەموو وەکو یەك دەخۆن و دەپۆشن. ژنان سەربەستن. هەژار و بێ دەسەڵات نییە. ئیتر بەڕاستی دینێکی بێ وێنەیە». دوای ئەوە شەهیدێك دەبینێ لەناو گۆڕستانێکەوە بەرەو ئاسمان دەبرێ. لە غەیبەوە دوای لێ دەکرێ داخوازیی چییە بۆی جێبەجێ بکرێ. شەهید داوای هیچ بۆ خۆی ناکا. دەخوازێ وڵاتەکەی بەختیار و سەربەخۆ بێ. لە ئەنجامد فائق زێوەر بەم ئیشەش ڕازی نابێ. دەڵێ: «من لام شوورەیییە ئەو شتانەی کە چاوم پێ دەکەوێت لە نهێنی ئەم و ئەو لەم پەردە پیرۆزەدا، بچم ئاشکرای بکەم».

ئەوسا پیاوچاکان ڕادەمێنن. پرسیار لە خۆی دەکەنەوە کە ئایا چی بۆ بنووسن. ئەم داوا دەکا بۆی بنووسن "مام ناوەندی". دوای ئەوە ئیتر داوودەزگای کۆبوونەوەکە دەپێچرێتەوە و بڵاوەی لێ دەکرێ. ئەمیش بە دەم گفتوگۆوە لەگەڵ خدری زیندەدا بەڕێ دەکەون بگەڕێنەوە. لە ناکاو شەقەیەکی قایم ڕای دەچڵەکێنێ. کە دەڕوانێ سەیر دەکا وا تەوژمی با پەنجەرەی ژوورەکەی خستووەتە سەرپەشت. نووسیویە: «گورج چووم پەنجەرەکەم داخستەوە. ئینجا تێ گەیشتم کە ئەمە دەریای خەیاڵات بوو تێی کەوتبووم و سەفەرەکەشم خەیاڵ بوو. ئەگینا من لە کوێ و چاوپێکەوتنی حەزرەتی خدر و پیاوچاك و چوونە سەر لووتکەی ئەڤرێست لە کوێ».

ئەمە کورتەیەکی پوختی چیرۆکەکە بوو. بەڵام ئاخۆ چ مەغزایەك دەگەیەنێ؟ وەك بینیمان چیرۆکەکە سادە و ڕەوانە و نیاز و مەبەستی شاراوە نییە... فائیق زێوەری شاعیر و ڕۆشنبیری دەسکورت و ژیان پڕ لە ئەندیشە، بە دەوروپشتی خۆیدا هەڵدەڕوانێ.. لە کۆمەڵگەکەی ورددەبێتەوە و بیری لێ دەکاتەوە. هەست دەکا مەینەتی و ئەرك و ئازار، ئەنجامی ناعەدالەتی و نایەکسانی لە کۆمەڵدا، ئەم و هەزاران هەزاری وەك ئەم لوول دەدەن و ژیانیان دەکەنە دۆزەخ. لە کاتێکدا تاقمێك ئاغا و بەگ و دەوڵەمەندی خاوەن سەروەت و سامان، بە بەری ڕەنجی شانی ئەمان بەختیار و شادمان دەژین. بۆیە دەس دەداتە قەڵەم و دەیەوێ ئەم جارەیان بە چیرۆك نەك بەشیعر، بیروڕا و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو وەزعە ناهەموارە دەرببڕێ و ئاوات و

ئامانجی خۆی لەم بارەیەوە بخاتە ڕوو.

یەکەم شت لە چیرۆکەکەدا کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەو چوارچێوە ئاینییە کە بۆی هەڵبژاردووە و ڕووداوەکانی تێدا نواندووە. واتە خدری زیندە و ئەنجوومەنی پیاوچاکان و دەفتەرەکانی خێر و شەڕ و جۆری لێدوان و بڕیاردان لەبارەیان و... هتد، کە بە ڕووکەش شێوەیەکی میتافیزیکی دەدەن بە چیرۆکەکە و وەها دەگەیەنن کە مەسەلەی خێر و شەڕ و بەدەست هێزێکی نەبینراو و نەناسراوەوەیە. دیارە تەرزی پەروەردەی ئاینیی نووسەر لە ژیانی لەوەبەریدا، دەوری هەبووە لە پاڵپێوەنانیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەو چوارچێوەیە بۆ چیرۆکەکەی. بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە هەر لەناو ئەو چوارچێوەیەدا، بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی فائق زێوەری ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر دەخوێنینەوە کە ڕمی ڕەخنە و تیروتوانجی ئاراستەی بەرەی چەوسێنەران دەکا و دەداتە پاڵ بەرەی چەوساوەکان و پشتیان دەگرێ. تەنانەت پەنابردنە بەر ئەنجوومەنێك لە پیاوچاکانی سەر ئەرز، با بەفەرمانێکی ئاسمانیش دانرابێ، لەو مەغزایە بەدەر نییە کە چواچێوە ئاینییەکەی بۆ ئامانجێکی دنیایی هەڵبژاردووە. چونکە ئەوەتا خۆی ئیشارەتی داوە کە زۆربەیان لەو ئەفەندییانە بوون کە زۆر کەس بە زەندیقیان دابوونە قەڵەم و مەلا فەتوای دابوو ئەوەی بیانکوژێ دەستی سەوز دەبێ. ئەمە بۆ ئەو سەردەمە کە پیاوانی ئاینی کۆنەپەرست و بازرگانیکەران بەدینەوە، بە بەهانەی لە دین دەرچووەن و لادان لە شەریعەت و بڵاوکردنەوەی کفر و ئیلحادەوە، پەلاماری ڕووناکبیرە پێشکەوتنخوازەکانیان دەدا و بەریان لەو بزووتنەوە ئازادیخوازییە دەگرت کە ئەمان گڕیان خۆش دەکرد، لەلایەن فائیق زێوەرەوە پشتگیریکردنێکی ئازایانەی ئەو ڕووناکبیرانە و بزووتنەوەکەیان بووە «کە ئەمیش خۆی یەکێك بووە لەوان» و ویستوێتی ڕاستەوخۆ هەر لە ڕێگەی ئەنجوومەنی پیاوچاکان خۆیانەوە کە بەفەرمانی پەروەردگار دامەزراوە، ئەو مجەووره ساختانەی دین و ئاین بە درۆ بخاتەوە و بەو شایەتییەی بۆ "ئەفەندییە زەندیقەکان!"، لە کۆڕی دینداریی ڕاستەقینەی پاکی دوور لە مەبەستی بازرگانی پێوەکردنەوەدا ڕیسوایان بکات.

وەکی تر فائق زێوەر هەر لەم چوارچێوەیەدا، تیروتوانجی دەگرێتە دەوڵەمەندە چاوچنۆکەکان و پیاوخراپ و شەڕخواهان و... هەر لە زمانی ئەنجوومەنی پیاوچاکانەوە، گوناهباریان دەکات و سزایان دەدات بە مەرگی کوتوپڕ، یا بە

نابووتکردنیان، یا بە ڕیسواکردنیان لە ئاستی مێژوودا و لە بیربردنەوەی ناویان. لە کاتێکدا پیاوچاکان و خێرخواهان و خزمەتگوزاران، تەمەنی درێژ و پایەبڵندی و نەمرییان بۆ دەنووسێ. دیارە ئەنجوومەنێك ئەنجوومەنی پیاوچاکان بێ و بەفەرمانی پەروەردگار پێك هاتبێ، بۆ پشت شکاندنی ببڕاییبڕی شەڕ و سەرخستنی هەتاهەتایی خێر، لە وزەیدا نابێ بڕیارێکی بنەڕەتی بدات. بگرە تەنیا هێندەی لە دەس دێت، تەقەلا بدا دەستی درێژی ئەو کورت بکاتەوە و دەستی کورتی ئەم درێژ کات. چیرۆکنووس لەم کەرتی دەفتەر و دەفتەرکارییەی چیرۆکەکەیدا، توانا و دەسەڵاتی هونەریی تەنیا هێندە بڕی کردووە نەیتوانیووە لەوە زیاتر بۆ ئەنجوومەنی پیاوچاکان بلوێنێ.

فائق زێوەر کە لێرەوە ئیتر باسی هێناوەتە سەر لێپرسینەوەی ئەنجوومەن لە ئەحواڵی خۆی، چیرۆکەکەی کردووەتە ئاوێنەی باری ژیانی ڕۆژانە و جۆری بیروڕا و ڕەوشت و کردار و شێوەی بیرکردنەوەی خۆی سەبارەت بە ژیان. ئاشکرایە خۆی شەهادەی خوێندنی بەرزی نەبووە و لەبەرئەوەشی کە شاعیرێکی پێشکەوتنخوازی نیشتمانپەروەر بووە، بەرەی کۆنەپەرستانی فەرمانڕەوا ڕێگەی وەزیفەیەکی وایان نەداوە کە "مامناوەندی" پێی بژی. بۆیە ئەم مەسەلەیەی هێناوەتە کایەوە کە بێگومان مەسەلەی زۆر کەسانی تری وەك خۆی بووە. بەڵام ئەو لێرەدا دوو شتی تێکەڵاو کردووە و بەوە مەسەلەکەی تا ڕادەیەك لێ ئاڵۆزاوە. یەکەمیان: ڕەخنەگرتن لە ڕژێم لە زمانی ئەنجوومەنەوە و «بەڵام بەشێوەیەکی نایەکسەری" کە شەهادە بەلایەوە هەموو شتێکە و فائیق زێوەرێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر و شاعیری بێ شەهادەی عالی، نابێ وەزیفەیەکی باشی بدرێتێ. دووەمیان: کەچی پیاوچاکان خۆشیان هەتا «شەهادەی عالی و تەقریری توبی و شەهادەی حەسەنلسلوك»یان نەبێ، ناکرێنە ئەندامی ئەنجوومەن. ڕەنگە ئەو لەمەدا مەبەستی هاندان بووبێ بۆ خوێندەواری و زانیاری. یا مەبەستی تەنانەت ڕەحنەگرتن بووبێ لە ئاسمانیش لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بەم مەسەلەیە. بەڵام بەهەرحاڵ چیرۆکەکە بەو وەزعەیەوە وای پێویست دەکرد کە مەسەلە بەپێچەوانەوە بوایە... کە هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەن بەپێی هیچ شەهادەیەك تەنیا شەهادەی پیاوچاکی نەبێ.

هەرچۆنێك بێ لە بریتی وەزیفەی میری کە ئەوەتا وەك پێیان ڕاگەیاندووە شەهادە و شەهادەکاری تێ دەکەوێ کە دەسەڵاتیان بە سەریدا ناڕوات، پیاوچاکان چەند کار

و فرمانێکی تری دەخەنە پێش دەم بۆ یاریدەدانی، بەتایبەتی سێ ڕێگەکەی خدری زیندە کە ئەم لە وەڵامدا بە «سواڵکردن و دەسبڕین و جاسووسیکردن»ی دانە قەڵەم. بەڵام هیچیان قبوڵ ناکا، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕەوشت و ڕێبازی نموونەییی ژیانیدا ناگونجێن و دەزانێ ئەگەر پێیان قایل ببێ، ناپاکی دەکا و خۆی بەدرۆ دەخاتەوە. بێگومان ئەم ڕێگایانەی کە ئەنجوومەنی پیاوچاکانی سەر لووتکەی ئەڤرێست لە چیرۆکەکەدا بۆیان داناوە، هەر ئەو ڕێگایانەن کە ئەگەر لە ژیاندا بیگرتنایەتە بەر.. واتە ئەگەر دەستی ئەم و ئەوی ببڕیایە، یا مەراییی ئاغا و بەگ و کاربەدەست و سەردارە زاڵمەکانی بکردایە، یا ببوایەتە سیخوڕ و نۆکەری ڕژێمی کۆنەپەرستی... هتد، وەها هەژار و بێ دەرەتان و گیان بە ئازار نەدەبوو، بگرە وەك ئەوان بە ڕەفاهیەت دەژیا و وەك ئەوانیش سەروەت و سامانی کەڵەکە دەکرد. بەڵام فائق زێوەر بە حوسن و ڕەزای خۆی و لە تێگەیشتنەوە، ئەمەی نەکردووە و فەزڵی ژیانە کولەمەرگییەکەی بەسەردا داوە. چونکە لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە «دەبێ دنیا هەمووی ببێ بە بۆڵشەویك» و تەنیا ئەو وەختە ئەم و ئەو ملیۆنەها زەحمەتکێشە چەوساوە هەژارانەی وەك ئەم، هەموو پێکەوە لە زۆروجەور و دەرد و سزا و مەینەتی ڕزگاریان دەبێ و ئەوسا گەورە و بچووك نامێنێ.. هەموو وەك یەك دەخۆن و دەپۆشن.. چونکە هەموو وەك یەك ئیش دەکەن و ئارەق دەڕێژن و کەس بەری ڕەنجی کەسێکی تر ناخوات. هەروەکو ژنانیش سەربەست دەبن و لە کۆمەڵدا شانبەشانی پیاوان دەوەستن و هەڵدەسووڕێن و... هتد.

فائق زێوەر تا مردنی بەو شێوە بەجەخارەی دوا ڕۆژانی ژیانی، لەم بیروباوەڕ و ڕەوشت و کردارە نموونەیییەی لای نەدا و تا مێشك و هەست و هۆشی لەسەر باری ئاسایی بوون، لە ڕێگەی وشەی سەربەست و ئازاوە و بە کردەوەش، لە ڕووی زۆروجەوری خوێنمژاندا و بۆ ڕزگاری و ئازادی زەحمەتکێشان تێ دەکۆشا.

بەشی سێیەم

# بەرەو پێگەیشتن

١٩٦٠ - ١٩٥٠

## کاروان بەرەو شۆڕەشی تەمووزی ١٩٥٨ هەنگاو دەنێ

ئەوە بوو لە وتەی پێشەکیی پلەی پێشوودا، ئیشارەتمان بەوە دا کە بە شاڵاوی پێچەوانەی ڕژێم (ساڵی ١٩٤٩) دژی بزووتنەوەی نیشتمانی کە گەیشتبووە لووتکەی هێز و توانا و پەرەسەندنی و بەرەی کۆنەپەرستان و نۆکەرانی ئیمپریالیزمی تەواو تۆقاندبوو، پلەیەك لە کاروانی پێشکەوتنی چیرۆکی کوردی لە ڕووی سیاسی و ئەدەبییەوە کۆتایی هات و پلەیەکی تر دەستی پێ کرد.

لەو ساڵەدا بەرەی کۆنەپەرستان و نۆکەران لە ڕێگەی دەسگای حوکمەوە کە لە ژێر ڕکێفاندا بوو، لە سەرانسەری وڵاتدا دڕندانە پەلاماری هەموو ئەو حزب و دەستە و تاقمە نیشتمانپەروەرانەیان دا کە بەشداری ڕاپەڕینەکەی کانوونی ١٩٤٨ بەتایبەتی و خەباتی ساڵانی لەوەبەری دژ بە ڕژێم بەگشتی بووبوون و بەوپەڕی ڕقوکینەی ڕەشیانەوە، هەرچی توانا و دەسەڵاتێکی سامناکیان بەدەستەوە بوو، بۆ دامرکاندنەوە و تەفروتووناکردنی ئەو بزووتنەوەیە خستیانە کار. سێدارەیان بۆ پێشەوا شۆڕشگێڕە بەجەرگەکانی هەڵخست. بە سەدانیان لە زیندانەکانی "تحقیقاتی جنائیدا" کە بە گەستابۆی عێراق ناوبەنگی دەرکرد، خستەبەر ئازاردانێکی جانەوەرانەوە. هەزارانیان فڕێدایە بەندیخانەوە و هەزارانی تریان سەرگەردان و دەربەدەر کرد. ئەو نیمچە سەربەستییە دیموکراتییانەی بە تێکۆشانێکی سەختی ساڵەهای لەوەبەر و بەتایبەتی بە زەبری ڕاپەڕینی کانوون سەپێنرا بوون بە سەریاندا، زەوتیان کردنەوە. حزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییە ئاشکراکان لە چالاکی و بزووتن خران.

نهێنییەکان خراپ دەستیان لێ وەشنراو جەزرەبەیەکی کاریگەریان لێ درا. کۆوار و ڕۆژنامە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکان داخران و لەگەڵیاندا ئەسێترە گەشەکەی ئاسمانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد "گەلاوێژ". بە کورتی بەرەی کۆنەپەرستان نۆکەرانی ئیمپریالیزم توانییان بەو شاڵاوەیان جەزرەبەیەکی کاریگەر لەو بزووتنە نییشتمانییە ڕزگاریخوازە هەڵچووە بدەن و تەواو بەرەو لاوازی و دامرکاندنەوەی بەرن.

بەڵام کارەساتەکانی نێوان تەنیا ٩ساڵی دوای ئەو شکستییە، ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە ڕژێمی پاشایەتی کۆنەپەرستی نۆکەری ئیمپریالیزم لە وزەیدا نەمابوو چ

بەو شاڵاوە و چ بە چەندین شاڵاوی دوایی دوایی تریشی، بتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات و خۆی لە هەرسهێنان ڕزگار بکا.

لە یەك– دوو ساڵی دوای ئەو شکستییەدا، بزووتنەوەی نیشتمانی توانی سەرلەنوێ خۆی کۆ بکاتەوە... برینەکانی خۆی سارێژ بکات و بە عەزم و ئیرادەیەکی پتەوتر و گیانێکی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژترەوە بچێتە بەر مەیدان و بەهیچ کلۆجێك بواری دەسوەشاندنی چەشنی ساڵی ١٩٤٩ی بەرەی کۆنەپەرستان نەدات و تەنانەت دەرفەتی پشوودانیشیان لێ ببەستێت.

ساڵی ١٩٥٣ جووتیارە کوردەکانی دەشتی دزەیی و ناوچەی هۆرێن و شێخان رادەپەڕن بە ڕووی دەرەبەگان و ڕژێمی پاشایەتیی کۆنەپەرستی پاڵپشتیاندا. ساڵی ١٩٥٢ جووتیارە عەرەبەکان "ئال زێرج" بە ڕووی دەرەبەگە زۆردارەکانیاندا دەقەقنەوە. هەر ساڵی ١٩٥٢ کرێکارانی "مینا" لە بەسرەمان دەگرن و مانگرتنەکەیان دەبێتە راچەنینێکی ئەوتۆ کە بەئاگر و ئاسن دادەمرکێنرێتەوە. تشرینی ساڵی ١٩٥٢، قوتابیانی بەغدا ڕاپەڕینێکی تری چەشنی ئەوەکەی ١٩٤٨ ئاگر دەدەن و لە چەند ڕۆژێکا سەراپای عێراق دەگرێتەوە. ڕژێم شاڵاوێکی فراوان و توندوتیژی تر دێنێ. بەڵام ناتوانێ وەك جاری پێشووی دەس بوەشێنێ و ئەو جەزرەبەیە بداتەوە لە بزووتنەوەکە. ئەم جارەیان سەرەتا حەپسە سیاسییەکان جەرگی ڕژێم دڕکێئاژن دەکەن. لەناو زیندانەکانیشییەوە بەگژیدا دەچن. ساڵی ١٩٥٣ لە بەندیخانەی "بەغدا و کووت"دا گوللەباران دەکرێن و ئەمە دەبێتە لەکەیەکی ڕیسواریی تر بە ناوچەوانی ڕژێمەوە کە زۆر دەکەوێ لە سەریان. ساڵی ١٩٥٤ ساڵی هەڵبژاردنە بۆ دەورەیەکی تری پەرلەمانە ساختەکەیان. بزووتنەوەی نیشتمانی بە هەلی دەزانی. لە سەرانسەری وڵاتدا دەبێتە دەرفەتێك بۆ خۆنیشاندان و کۆبوونەوە و پێکهێنانی مەهرەجانی خوتبەدان. ساڵی ١٩٥٥ فەرمانڕەوا کۆنەپەرستەکان وڵاتی عێراق دەبەستن بە پەیمانی بەغدای شەڕانییەوە. گەل لە ڕوویدا ڕادەپەڕێ و دەسگای حوکم دێنێتە ژەنگ و ژار. ساڵی ١٩٥٦ لە شاری "حي" ڕاپەڕینێکی چەکدارانە دژی دەرەبەگایەتی ڕژێمی پاڵپشتی ڕوو دەدات. ئەنجام.. ڕاپەڕینەکە بە ئاگر و ئاسن دادەمرکێنرێتەوە دوو پێشەواشی لە سێدارە دەدرێن. هەر ساڵی ١٩٥٦، بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل پەلاماری "مصر"ی شۆڕشی ئازادیخوازی "یۆلیۆ"ی ١٩٥٢ دەدەن. عێراقی نووری سەعید لایەنی دەسدرێژیکەران دەگرێ و دژی "مصر"ی ئازاد دەوەستێ. گەلی عێراق بە

کورد و عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکانییەوە، مەردانە ڕادەپەڕن و جارێکی تر لە سەرانسەری وڵاتدا بە ڕووی ڕژێمی ناپاك و نۆکەری بێگانەدا دەتەقنەوە ساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار زۆربەی هێزە نیشتمانییەکان، لەسەر پرۆگرامێکی دیار و ئاشکرای هاوبەش لە نێوانی هەموو لایەکیدا ڕێك دەکەون و بەرەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو پێك دێنن، کە ئەمە ڕاستی بێ بووە بەردی بناغەی پتەوی دوا هەڵمەتبردنی گشتی بۆ هەرەس پێهێنانی ڕژێمی گەندەڵ و کۆنەپەرەستی پاشایەتی سەر بە ئیمپریالیزم، کە (١٤ی تەمووزی١٩٥٨)دا بەدی هێنرا و لەوە بەدواوە ئیتر پلەیەك کۆتایی دێت و پلەیەکی تر سەرلەنوێ دەس پێ دەکات.

***

بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە من سەبارەت بە ساڵانی پلەکە وتوومە (١٩٥٠–١٩٦٠) و نەموتووە (١٩٥٠–١٩٥٨). بۆچی؟ چونکە من ڕام وایە هێندەی مەسەلە پێوەندیی بە هونەری چیرۆکەوە هەبێ، لە ساڵانی (١٩٥٨–١٩٦٠)دا گۆڕانێکی ئەوتۆ نەهێنراوەتە کایەوە کە شێوازێکی تایبەتی وەربگرێت و خۆی لە پلەکە جیا بکاتەوە بگرە سەرەڕای ئەو گۆڕانە سیاسییە بنەڕەتییەش، ئەو لە ڕووی ئەدەبییەوە هەر درێژەپێدانی پلەکە بووە و هیچ شتێکی نوێی نەهێناوەتە کایەوە. بگرە دەتوانم بڵێم: ئەگەرچی بە ناوەڕۆك زەقتر و لە ڕووتر دەدوێ و ئاشکراتر مەبەست دەدا بەدەستەوە، بەڵام بەشێوە و تەکنیك لاواز دەبێت و لە داهێنان دەکەوێت، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا باسێکی جیاوازە و لێدوانێکی تایبەتی دەوێت.

## ڕەنگدانەوەیەکی گەش

لێرەوە کە باس دێنینە سەر بەرهەمی چیرۆکی ئەو پلەیەمان، بێ دوودڵی دەڵێین: سەرجەمی چیرۆکنووسەکانمان لەو پلەیەدا وەك مرۆڤ... وەك ئەندامێکی کۆمەڵەکەیان کە ڕۆژانە بە چاوی خۆیان دەیانبینی چ چەوساندنەوە و ڕاووڕووت و زوڵم و زۆرێکی تێدا دەکرێت و چەندە کارەساتی پڕ ئەشکەنجە و دەرد و مەینەتیی بە جەخاری تێدا ڕوو دەدات، بە بیروباوەڕ و زۆربەیان بەکرداریش لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانیدا بوون و کەم و زۆر وەك هەر نیشتمانپەروەرێکی لە ڕیزیدا جەنگاون. ئەو سەردەمە دوور نییە و هەموو ئەوانەی من لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناویان دەبەم، مێژووی

ژیانیان ئاشکرا و لە ڕووە. کەسێکیان تێدا نابینین سەر بە بەرەی کۆنەپەرستان بووبێ، یا تەنانەت لە نێوان هەردوو بەرەدا بێلایەن ڕاوەستابێ.

دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ سەبارەت بە باری ئەدەبی کورد لە پلەی دوای ١٩٤٩دا نووسیویە: «... وە لە کۆڕی خەباتی گەلدا دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئیمپریالیزم هیچ ئەدیبێکی ڕەسمیی بەدەستەوە نەما پڕوپاگەندەی بۆ بکات و تەنانەت هیچ کەسێکیش لەوانەی لەوەبەر بە باری سیاسیدا تا ڕادەیەك هاوکارییان لەگەڵدا کردبوو، جەسارەتی نەدەکرد ئەدەب بۆ خزمەتکردنی ئەو بەکار بهێنێ(١)».

ئەمە سەبارەت بە چیرۆکنووسەکان خۆیان. بەڵام سەبارەت بە چیرۆکەکانیشیان، هەروەها ڕەنگدانەوەیەکی گەشی ئەو هەڵوێستەیان بووە و زۆربەی هەرە زۆریان بە ناوەڕۆك لە خزمەتی ڕێبازی گشتیی بزووتنەوەی نیشتمانیدا بوون. بە چەکی وشە جەنگاون و پەردەیان لە ڕووی ڕەشی پڕ لە زۆر و جەور و ستەمکاریی ڕژێم هەڵماڵیوە و چاوی خەڵکیان بە سەردا کردووتەوە. نموونەمان بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە هێندە زۆرە کە دەتوانین بەشی هەرە گەورەی بەرهەمی ئەو ساڵانەی بۆ ڕیز بکەین باری کەنەفت و ناهەمواری ژیانی زەحمەتکێشان کە دەردی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری لوولی دەدان و ڕۆژانی ژیانیانی دەکردە زنجیرەیەك دەرد و سزا و ئازاری لەبن نەهاتووی ئەوتۆ کە مەگەر تەنیا مەرگ کۆتایی پێ بهێنایە، بەشێکی زۆری بەرهەمی چیرۆکنووسەرکانی ئەم پلەیەیان بۆ تەرخان کراوە و هێندە بەدڵێکی پڕ لە جەخار و خەم و خەفەتەوە و هێندە بە بەزەیی و سۆزەوە لەربارەیان نووسراوە کە دەبنە شەهادەتنامەیەکی مێژوویی زیندووش بۆ ئەو سەردەمە و نەوەکانی داهاتوو لە نێوانیەوە پێ دەزانن باووباپیرانیان لە ڕۆژانی ژیانیاندا چ تفت و تاڵییەکیان چەشتووە و چ ئەشکەنجە و ئازارێکیان دیووە. ئەو چیرۆکنووسانەمان لە تێگەیشتنەوە و بە ئەنقەست وەهایان دەنووسی. چونکە مەبەستیان بوو چیرۆکەکانیان نەك تەنیا ببێتە ئاوێنەی ئەو بارە کەنەفت و ناهەمواره، بگرە ببێتە مۆرێکی گوناهبارکردنیش بەناوچەوانی بەرەی چەوسێنەرانەوە و ئەو دەرد و سزا و ئازارەی زەحمەتکێشانیانی پێ بخرێتە ئەستۆیان.

محەرەم محەمەد ئەمین لە "مام هۆمەر–١٩٥٤"دا کە باسی لە دزیکردنێکی

(١) ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا– لاپەڕە١١٠.

جانفالْجانانەی مام هۆمەرێکی برسی و هەژاری ناو کۆمەڵگەی کوردەوارییە "نەك فەرەنسای سەردەمی هۆگۆ"(٢) لە زمانییەوە لە بەردەمی دادگەی ڕژێمدا دەڵێ: «بۆ من ئەگەر قاپێك چێشت بەرم لەو چێشتەی بە ڕەنجی ڕەش و ڕووتی گەلێ کەسانی وەکو من هاتووەتە بەرهەم، بە دز ئەدرێمە قەڵەم. ئەی بایز بەگ بۆ بە دز نادرێتە قەلەم کە بەری ڕەنجی هەزاران هەژار بە زۆرەملێ دەخوا؟ –ل١٢».

مام هۆمەر یەکێك بووە لەو ملیۆنەها هەژار و برسییە چەوساوانەی ویستوێتی خۆی و ماڵ و منداڵی "با بۆ تەنیا ژەمێکیش بێ" لە برسێتی قورتار بکات. ئەو ئەم پێویستییە قورتمی گرتووە و ناچاری دزینی ئەو قاپە چێشتەی ماڵی بەگی کردووە. بەڵام لە نێوانیدا، نێوانی مام هۆمەر و جێبەجێکردنی خواستەکەیدا، ڕژێم و یاسایەکی وەها لە چەقی ڕێگەدان کە بەلایانەوە دزی هەر دزییە و بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و ئەمن و ئاسایشی کۆمەڵ، دەبێ بەدەستێکی ئاسنین دزی تاوانکار سزا بدرێ و تەمێخواردوو بکرێ.

محەمەد مەولوود "مەم" لە بەشی زۆری ئەو بەرهەمە کەمەی سەردەمی ئەوسایدا، لە ئەندێشە و ئازاری هەژاران و چەوساوەکان دەدوێ و ژیانی پڕ مەینەتی و دەرد و سزایان دەنوێنێ. لە "پەنجا فلس"(٣)دا باسی لە ژیانی کولەمەرگیی دوو قوتابییە.. دوو نموونە لەو دەیەها هەزارەی دەردی هەژاری و نەدارایی کەسوکاریانی دەهاڕێ و ئەنجامی ئەوە، ئەمانیش دەبوو بە سکی برسی و بەرگی شڕ و گیرفانی بەتاڵەوە بچن بۆ قوتابخانە و لەسەر کورسی خوێندن دانیشن. یا لە "کارمان ئەوێت"(٤)دا لە دەردی بێ کاری دەدوێ کە هەزارەها لاوی وەك "ئازاد" گیرۆدەی بووبوون و لە دەریای کەساسی و کڵۆڵیدا گێژی دەدان و لە خۆشی و بەختیاری ژیان بێ بەشی دەکردن. یا لە "بەڵام ژیانە"(٥)دا باسی هەر لە دەردی هەژاری و نەخۆشییە کە کەسانی چیرۆکەکەی بە ناخی سزا و ئازاردا دەبەنە خوارەوە و بەردەوام تارماییی مردنیان دەخاتە بەرچاو.

---

(٢) ڕۆمانی کڵۆڵان– فیکتۆر هۆگۆ.

(٣) کۆواری هیوا– ژمارە ٤، ساڵی ١.

(٤) کۆواری بڵێسە– ژمارە ١٠، مایسی– ١٩٦٠.

(٥) کۆواری بڵێسە– ژمارە ٧، شوباتی– ١٩٦٠.

مستەفا ساڵح کەریم لە "چەنەم لێ ئەسێنێت"(٦)دا بەسەرهاتی ژیانی حەماڵێکی کەساس دەگرێتەوە کە هەموو هیوایەکی لە ژیاندا هاتووەتە سەر تاقە منداڵەکەی کەچی ئەویش کە نەخۆش دەکەوێ، دەبێتە قوربانیی هەژاری و دەسکورتی خۆی بە سەرێك و ناپاکی و بۆگەنیی ڕژێم و کاربەدەستانی بەسەرێکی تر.

ساجد ئاوارە لە "کێ گوناهبارە"(٧)دا نموونەی منداڵێکی هەژاری هەتیوی بێ کەسمان نیشان دەدات کە لە شەوێکی سەرما و تۆفی زستاندا، لە لاپاڵێکدا بە دیار ئاگرێکەوە دانیشتووە و دەیەوێ شەوگار بەسەر بەرێ. یا لە "هێزی برسێتی"(٨)دا باسی لە سواڵکەر و سواڵکردنە کە ڕووی هەرە بەجەخار و تەڵخی دەردی هەژاری تێدا دەردەکەوێ و لە گەلێ چیرۆکی تری ئەو سەردەمەشدا باسی لێ کراوە، وەك "دەروازەکەر"(٩)ی عەبدوڵا میدیا کە ئەم کیژێکی بۆ دەکاتە نموونە و هەڵخزانی کچەشی دەخاتە پاڵ بۆ زەلکاوی ڕەوشتخراپی.

هەر مەسەلەی منداڵ و دەردی هەژاری کە بە باری کاریگەرتردا هەستی چیرۆکنووسەکانی بزواندووە، لە چەند بەرهەمێکی تردا ڕەنگی داوەتەوە. لای محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە "حەسەنۆك"(١٠)دا و محەمەد ئەحمد تەها "کامەران موکری" لە "نانی سیلاوی"(١١)دا و فازل نیزامەدین لە «لەتێ نان و شیشێ کەباب»(١٢)دا، تێکەڵ بە هەست و سۆزێکی مرۆڤایەتیی گەلێ باڵا کراوە. هەرسێکیان نموونەی سێ منداڵیان نیشان داوە کە هەژاری و نەبوونی و برسێتی، وەك سێ خونچە دەیانپروێنێ و بەهەشتی تەمەنی منداڵییان لێ دەکاتە دۆزەخ.

دەتوانم بڵێم: ئەم دەردی هەژاری و برسێتییەی سواری کۆڵی جەماهیری زەحمەتکێشی گەل بووبوو، دەبووە یەکەمین دیاردەیەکی زەق کە سەرنجی چیرۆکنووسانی ڕادەکێشا و ڕاستەوخۆ قەڵەمیان لێ دەخستە کار و بەر لە هەرشتێکی

---

(٦) کۆواری شەفەق –ژمارە

(٧) ژین– ژمارە ١٣٣١، ساڵی ١٩٥٦.

(٨) کۆواری هیوا– ژمارە ٩، ساڵی ١٩٥٧.

(٩) کۆمەڵە چیرۆکی "خەبات"– ١٩٥٨.

(١٠) ژین– ژمارە ١١٠٥، ساڵی ١٩٥٢.

(١١) ژین– ژمارە (١١١٩–١١٢٠) ساڵی ١٩٥٢.

(١٢) بڵێسە– ژمارە ٥، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩.

تر هەڵوێستی خۆیان سەبارەتی دەنواند و بەوە هەڵوێستی سیاسیشیان دیاری دەدا. کاکە مەم بۆتانی "ڕاپەڕ بۆتانی" لە «تاوانم چی بوو»[١٣]دا و کاووس قەفتان لە "ئەمەیە بەشمان"[١٤]دا و ئەمین میرزا کەریم لە "دز"[١٥]دا و جیهان عومەر لە «نان بە ڕەنجی شان»(١٦)دا و أ. ب. هەوری لە «منیش هەژار بووم»(١٧)دا و عوسمان عوزێری لە "ژیانی هەژاری"[١٨]دا و کامەران موکری لە "ئەم ئینسانانە"[١٩]دا، هەموو هەر باسیان لەو دەردی هەژاری و برسێتییەیە و هەر یەکە لە سووچێکییەوە و بە نموونەیەکی هەڵبژاردەی تایبەتی خۆی لێی دەدوێ.

بەڵام چەند چیرۆکنووسێکی ترمان، ڕوویان کردووەتەوە زەحمەتکێشانی لادێ و هەر لەو دەردی هەژاری و برسێتییەیان دواون کە ئەنجامی زۆروجەوری ئاغا و دەرەبەگەکان دووچاری بوون. عەبدوڵا میدیا لە «لە پێناوی نانا»[٢٠] بەسەرهاتی جووتیارێك دەگێڕێتەوە کە ئاغا لە ئاوایی قاوی دەدا. ئەویش سەرخۆی هەڵدەگرێ دەڕوا و لە ئەنجامی برسێتی و سەرما و سۆڵە بەخۆی و خێزانییەوە لەناو دەچن.

جەمال بابان لە "سەید کەڵەك"(٢١) و "جومعە جامع"[٢٢] و «زەوییەکەی خۆم ئەوێتەوە»[٢٣]دا، نیشانی دەدا کە چۆن یا بە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی و یا بە زۆرداری زەویی جووتیارە هەژارەکان داگیر کراوە و چۆن لە ئەنجامدا سەرگەردانی و مەینەتییان بۆ ماوەتەوە.

جەمال نەبەز لە "لالۆ کەریم –١٩٥٦"دا و مەحموود ئەحمەد لە "جوان– ١٩٦٠"دا

---

(١٣) کۆواری پێشکەوتن– ژمارە ٩، ساڵی ١٩٥٨.

(١٤) ژین– ژمارە (١١٤٧–١١٤٩) ساڵی ١٩٥٣.

(١٥) کۆواری پێشکەوتن– ژمارە ١٤، ساڵی ١٩٥٨.

(١٦) کۆواری پێشکەوتن– ژمارە ١٠، ساڵی ١٩٥٨.

(١٧) ژین– ژمارە ١٢٨٩، ساڵی ١٩٥٦.

(١٨) کۆواری هەتاو– ژمارە ٨٦، ساڵی ١٩٥٧.

(١٩) ژین– ژمارە (١١١٤–١١١٨) ساڵی ١٩٥٢.

(٢٠) کۆواری بڵێسە – ژمارە ٧– شوباتی ١٩٦٠.

(٢١) ژین– ژمارە ١٤١٨– ساڵی ١٩٥٨.

(٢٢) بڵێسە– ژمارە٨– مارتی ١٩٦٠.

(٢٣) ژین– ژمارە ١٤٤٨، ساڵی ١٩٥٩.

که دوو چیرۆکی درێژن، هەریەکە بە جۆرێك لە زۆروجەوری ئاغای دەرەبەگ دەدوێ. ئەویان لە داگیرکردنی زەویوزاری یەکێکی تردا و داواکردنی لە لالۆ کەریمی پەککەوتەی هەژار و ئەمیان لە داگیرکردنی "جوان"ی کیژدا بۆ پیاوێکی. لە هەردوو حاڵەتیشدا نە لالۆ کەریم و نە جوان مل بۆ خواستی ئاغا نادەن، بۆیە تووشی سزا و ئازاردان دەبن.

هەروەها لای کامەران موکری لە "کۆتەرە خەڵووزێك"(٢٤)دا و أ. ب. هەوری لە "ئاغای ئاوایی"(٢٥)دا باس هەر لە دڕندەیەتی و خوێنڕێژیی ئاغای دەرەبەگە کە چۆن جووتیارەکان لە ژێر دارا دەکوژن و ئاگر بەردەدەنە ماڵیان و منداڵی ساوایان لە ژێر پێدا دەپلیشێننەوە، چونکە بە قسەیان نەکردووە و سەرپێچییان لە خواست و ئارەزووی کردووە.یا سەرجەمی پیاوانی ئاوایییەك لە بەندیخانە توند دەکرێن، چونکە گوایە قەرزاری بوون.

چەوساندنەوەی دووسەرەی ئافرەت لە ژێر سایەی ڕژێمی کونەپەرست و گەندەڵی ئەو سەردەمەدا، بەشێوەیەکی تایبەتی ئاوڕی لێ دراوەتەوە و گەلێ لە چیرۆکنووسەکان، بە مەبەستی پشتگیریکردنی و بۆ ئامانجی ڕزگارکردنی لەو وەزعە ستەم و ناهەموارەی تێدا دەژیا، چەندین بەرهەمی خۆیانیان یا ڕاستەوخۆ بۆ تەرخان کردووە، یاخۆ لە نێوانی باس و خوازی ترەوە لێی دواون. مەسەلەی بە زۆر بەشوودانی یا بەزۆر سەندنی لە کەسوکاری و لێ زەوتکردنی مافی هەرە ئاساییی خۆی لە هەڵبژاردنی شەریکی ژیانیدا و چەوساندنەوەی لەلایەن پیاوەوە وەك ئافرەت و لەلایەن ڕژێمەوە وەك مرۆڤ، سەرلیستەی باسی ئەو بەرهەمانەیە.

محەمەد ساڵح سەعید لە "کاروانی –١٩٥٧" و جەمال بابان لە "خانزاد– ١٩٥٧"دا، یەکسەر ڕوویان لەو مەبەستە کردووە. لە هەردوو چیرۆکەکەدا "شیرین و خانزاد" بەبێ ڕەزامەندی خۆیان بەشوو دەدرێن و لە دڵدارەکانیان دەکرێن و ئەنجامیشیان بە بەسەرهاتێکی پڕ لە جەخار کۆتایی دێت. هەروەکو محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە «ژنهێنان بە زۆرەملێ»(٢٦) و کامەران مووکری لە "کۆتەرە خەلووزێك" و مەحموود ئەحمەد لە

---

(٢٤) ژین– ژمارە (١١٢٤–١١٢٨) ساڵی ١٩٥٢.

(٢٥) ژین – ژمارە ١٤٩٧، ساڵی ١٩٥٩.

(٢٦) ژین– ژمارە (١١١٠–١١١١) ساڵی ١٩٥٢.

″جوان″دا هەر بۆ هەمان مەبەست چوون و بەڵام بەپێچەوانەی حاڵەتی پێشووەوە، لە چیرۆکەکانی ئەماندا لەلایەن ئاغای دەرەبەگەوە تەقەلا دەدرێ کچان بە چەشنی مەڕوماڵاتی جووتیارەکان داگیر بکرێ و بخرێتە سەر سەروەت و سامانیان. بەڵام لای عەبدوڵا میدیا لە ″دەروازەکەر″ و موحەرم محەمەد ئەمین لە ″مام هۆمەر″ و کاکە مەم بۆتانی لە ″بەسەرهاتی کنێر″[٢٧] و ڕؤوف بێگەرد لە «ئەنجامی کچفرۆشی»[٢٨]دا

بەو بارەدا نیشان دەدرێن کە تەنیا لەبەرئەوەی ئافرەتن دەبێ بە ئاستەم لەو تووڵە ڕێیە لانەدەن کە لە پشتاوپشتەوە کۆمەڵ خەتی بۆ کێشاون، ئەگینا بەر لەعنەتی دەکەون و ئەنجامیشی سامناك دەبێ.

خەباتی سەختی جەماهیری گەل دژی حوکمی پاشایەتی کۆنەپەرست و ئەو ئازاردان و دەرد و مەینەتییەی لە کۆڕی تێکۆشاندا تووشی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دەهاتن، لە گەلێ بەرهەمی چیرۆکنووسەکانماندا نوێنراوە و شانازی پێوە کراوە کە بەمە وەك لە پێشەکییەکەمدا ئیشارەتم پێ دا، کۆششیان دەچووە پاڵ کۆششی بێوچانی بەرەی نیشتمانپەروەران لە خەباتیاندا دژی ڕژێمی چەوساندنەوە و زۆرداری.

مەم لە «نامەیەك بۆ بەندیخانە»[٢٩]دا، نامەی منداڵێکمان نیشان دەدا کە کۆنەپەرستان باوکی تێکۆشەریان لە زیندان توند کردووە. ساجد ئاوارە لە ″مەلا مەجید″[٣٠]دا باسی لە دەربەدەری و سەرگەردانیی خەباتکەرێکە کە تا دوا هەناسەی لە کۆڕی تێکۆشاندا دەجەنگێ. محموود ئەحمەدیش لە «مەرگی برا- بەسەرهاتی باوك»[٣١]دا هەر باسی لە تێکۆشەرێکی دەربەدەرە کە لە دەس گرتن و ئازاردانی خۆی حەشار داوە و تەنانەت کە یەکێ لە منداڵەکانی نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ، ناچار دەبێ لە تاریکیی شەوا بەدزییەوە بیکا بە ژێر گڵەوە. فازل نیزامەدین لە «یەکێ لە شەوەکانی گردی سەیوان»[٣٢]دا یەکێ لە شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەرفرازی گەل دەدوێنێ کە لە کۆڕی خەباتدا خۆی کرووەتە قوربانی. عەبدوڵا میدیا لە ″دڵسۆزی

(٢٧) هەتاو- ژمارە ٨٧، ساڵی ١٩٥٧.

(٢٨) کۆواری هەتاو- ژمارە ١٣٢، ساڵی ١٩٥٨.

(٢٩) کۆواری هیوا- ژمارە ١٢٥١١، ساڵی ٢.

(٣٠) کۆواری بڵێسە- ژمارە ٥، ساڵی ١٩٥٩.

(٣١) ژین ١٤٤٤ و ١٤٥١، ساڵی ١٩٥٩.

(٣٢) کۆواری هیوا- ژمارە ١٢، ساڵی؟

نەمر″(٣٣)دا، کوڕە جووتیارێکی هۆشیار و چاوکراوەمان نیشان دەدا کە سەر بۆ ئاغای دەرەبەگ شۆڕ ناکا و ئازایانە بەگژیدا دەچێ. مستەفا ساڵح کەریم لە ″زڕەی زنجیر- ١٩٥٩″ و موحەڕەم محەمەد ئەمین لە ″ڕێگەی ئازادی -١٩٥٩″دا باسیان لە خەباتی دلێرانەی نیشتیمانپەروەرانە لە پێش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨دا. مەعرووف بەرزنجی لە «نامەیەك لەسەر سنوورەوە»(٣٤)دا، فیداکاری ڕۆڵەکانی گەلمان نیشان دەدا لە پاراستنی شۆڕش و ڕژێمی جەمهووریدا لە پیلان و دەسدرێژیی دەرەبەگ و کۆنەپەرستان. یا لە ″گای پیرۆز″(٣٥)دا، کۆششی مامۆستایەکی نیشتمانپەروەری تێکۆشەر دەنوێنێ لە هۆشیارکردنەوەی جووتیاراندا بەرامبەر تەڵەکەبازیی سێ قۆڵی شێخ و مەلا و کوێخایەکی بازرگانیکەران بەدێنەوە.

هەروەها لە ″شەتڵ″(٣٦)دا هەر ئەو مامۆستایە وەها نیشان دەدا کە لە زمانی چیرۆکگێڕەوەوە دەڵێ: «برادەر.. تۆش پاڵەوانێکی.. تۆ و هاوڕێ تۆ جەنگاوەری شاراوەن، ئەو جەنگاوەرەی خوێنی خۆی نەبێ خوێنی کەسی کە ناڕێژێ و دەماری خۆی ئەسووتێنێ تا مێشکی نەوەی تازەمان ڕۆشن بکاتەوە. جەنگاوەرێکن نەزانێ ئەکوژن. باخەوانێکی نەمامی ڕاست و بەردارمان بۆ پەروەردە دەکەن» بەڵام لە ″ئاواز و کەباب″(٣٧)دا بەشێوەیەکی تایبەتی مەبەستی پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازی و بەربەرەکانیکردنی شەڕخوازییە کە لە ساڵانی پەنجاکاندا شان بەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی دەورێکی باڵای لە هۆشیارکردنەوە و جەماهیری گەلدا دەگێڕا بۆ تێکۆشان دژی حوکمی کونەپەرستی ناوەخۆ و ئیمپریالیزمی جیهانی. هەروەها مەم لە ″داپیرەم″(٣٨)دا هەر لەم باسە دەدوێ و بەڵام ئەو لایەنی وێرانکاریی شەڕ دەردەخا کە چۆن قەلاچۆ دەخاتە خەڵکی و شار و دێ خاپوور دەکا و نەخۆشی و برسێتی و هەژاری بەسەر ئادەمیزاد دێنێ، تا لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا لە زمانی داپیرەوە دەڵێ: «با بناغەیەکی نوێی خۆشەویستی و کامەرانی ئاسایش دابمەزرێنین،

(٣٣) هیوا- ژمارە ٧، ساڵی (١) ١٩٥٧.

(٣٤) کۆواری ڕووناهی، تشرینی دووەمی ١٩٦١.

(٣٥) پاشکۆی کۆواری ″الادیب العراقی″- تەمووزی ١٩٦١.

(٣٦) هیوا- تەمووزی ١٩٦١.

(٣٧) کۆواری شەفەق - ژمارە ٢، ساڵی ١٩٥٨.

(٣٨) هیوا- ژمارە ٩، ساڵی ١.

بناغەیەكی وا كە جارێكی تر چ هێزێك نەتوانێ بیرووخێنێتەوە».

بەم پێیە دەتوانین بڵێین: چیرۆكی ئەم پلەیەمان ڕەنگدانەوەیەكی گەشی سەردەمی خۆی بووە لە نیشاندانی دەردی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری كە سێ قۆڵی نیشتبوونە گیانی زەحمەتكێشە چەوساوەكان و هەروەها لە ڕووخستنی ڕەفتاری كونەپەرستانە سەبارەت بە ئافرەت و بیروباوەڕ و نەریتی دواكەوتووی باوی ناو كۆمەڵ كە لە كاروانی شارستانیەتی دوایان دەخست. ئینجا لە دەرخستنی زۆروجەور و كوشتن و بڕین و پیاوخراپی و ناپاكیی بەرەی زۆرداراندا و دوا جار لە نواندنی خەباتی سەختی جەماهیری گەل و ڕۆڵە تێكۆشەرەكانیدا دژی ڕژێمی پاشایەتیی كۆنەپەرستی سەر بە ئیمپریالیزم، بە ئامانجی ڕووخاندن و هەڵگێڕانەوەی لە ڕەگوڕیشەوە.

گومان لەوەدا نییە كە ئەمە بۆ ئەو چیرۆكنووسانەمان، دەبێتە مایەی شانازی پێوەكردن و لە مێژووی ئەدەبی هاوچاخماندا، دەبێ وەك هەڵوێستێكی مەردانە بۆیان بدرێتە قەڵەم.

## ڕووبەڕووی هونەری چیرۆكنووسین

وتەیەكی ڕەخنەگری بەناوبانگ ″ئەرنێست فیشر″ سەرنجی ڕاكێشام كە دەڵێ: « ئێمە هەردەم پێویستیمان بەشێوەی نوێتر دەبێ بۆ دەربڕینی ڕاستییەكی نوێ». بێگومان هەر ئەم وتەیە ئەوەش دەگەیەنێ كە شێوە و ناوەڕۆك هەرگیز لە یەكتر دانابڕێن و جیا ناكرێنەوە. گۆڕان و پێشكەوتن لە ناوەڕۆكدا «واتە پەیدابوونی ڕاستییەكی نوێ»، شێوەی دەربڕینی نوێی خۆی لەگەڵ خۆیدا دێنێتە كایەوە ئەیسەپێنێ. هەروەكو مەسەلەی هەردەم بەیەكادانی كۆن و نوێش لە ئەدەبدا، هەر بەندە بە مەغزای ئەو وتەیەوە. چونكە هەموو ڕاستییەكی نوێ و هەموو شێوەیەكی دەربڕینی نوێی ئەو ڕاستییە نوێیە، لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا لەلایەن ″با بڵێین″ ڕاستییە كۆن و شێوەی دەربڕینە كۆنەكەیەوە كە لە حاڵەتی  جێگیربوون و بخ داكوتانی دێرینی خۆیاندا، بە ئاسانی مەیدان چۆڵ ناكەن و مل نادەن. بگرە بەوپەڕی تین و توانایانەوە پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان دەكەن.

من لێرەدا ئەم لایەنی زۆرانبازییەی نێوان كۆن و نوێم لە باسەكەدا زۆر مەبەست نییە. بگرە پتر دەمەوێ دەس بنێمە سەر شێوازە بنچینەیییەكانی ڕووی هونەریی چیرۆكی ئەو سالانەمان و لە نێوانی لێكۆڵنەوە و شیكردنەوەی ئەو نموونانەی كەوتنە

بەر چنگی، لێیان بدوێم و ڕوونیان بکەمەوە.

بەر لە هەموو شتێك ئەگەر خۆمان بگەڕێنینەوە بۆ ڕۆژانی ئەو سەردەمە، لەم ڕووەوە ئەم دیاردانە زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشن:

یەکەم: دروستبوونی بناغەیەك بۆ ئەم هونەرە تازەیە لە ئەدەبەکەماندا، کە تا ئەو وەختە دوو هەنگاوی نابوو. هەنگاوی سەرهەڵدانی سەرەتایی (١٩٢٥-١٩٣٩). هەنگاوی گەشەسەندنی سەرەتایی (گەلاوێژ- ١٩٣٩-١٩٤٩). چیرۆکنووسی ئەو سالأنەمان کە لای دەکردەوە بە لای ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیدا، لە ڕووی هونەری چیرۆکنووسینەوە ئەم تۆزە سامانەی دەخوێندەوە.

دووەم: بەلأم هەموو لە هەمان کاتدا لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە، لە سنووری وەزعی سیاسیی ئەوسای ولأتدا، دەیانتوانی زۆر شاکاری بەرهەمی چیرۆکنووسەکانی سۆڤێت و ڕووسیای قەیسەری بەتایبەتی و ڕۆژئاواییەکان بەگشتی بخوێننەوە، ئەمە جگە لە بەرهەمێکی زۆری چیرۆکنووسە عەرەبەکان.

سێیەم: ئەو دوو دیاردەیە دەمانگەیەنن بەو ئەنجامەی بڵێین: دیارە چیرۆکنووسەکانی ئەو سەردەمەمان دەکەوتنە وەزعێکی دوو سەرەوە: بە سەرێك بەراوردکردنی سامانەکەی خۆیان لەگەڵ ئەوەی گەلانی تر. بە سەرێکیش ئەوەی دەیانخوێندەوە کاری تێ دەکردن و دەیخستە سەر ڕێگەی تەقەلادانی بێ وچان لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسیندا.

بێگومان هەر ئەو سێ دیاردەیە یاریدەر و نیشانەی پەرەسەندن و بەرەو پێشەوەچوونی چیرۆکمان لەم پلەیەدا بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی پلەی پێشوودا، وەك لە درێژەی باسەکەدا ڕوون دەبێتەوە.

جا ئێستا من وای بەباش دەزانم کە لەم چەند لایەنەوە لە ڕووی هونەریی چیرۆکی سالأنی (١٩٥٠-١٩٦٠)مان بدوێم:

١- لە هەڵبژاردنی باس و جۆری نواندنیدا.

٢- لە هەڵبژاردنی کەسان و جۆری هەڵسووڕاندیاندا.

٣- لە وردەکاریدا.

## ١- لە هەڵبژاردنی باس و جۆری نواندنیدا

جارێ با بزانین «بێگومان لە باری سەرنجی تایبەتی خۆمەوە» باسی چیرۆك چییە؟ باسی چیرۆك بریتییە لەو زنجیرە ڕووداو و کارەساتانە «بەدیوی دەرەوە و ناوەوەدا» کە بەسەر کەسانی چیرۆکەکە دێن و تێ دەپەڕن. بەڵام ئاخۆ نووسەر چۆن دەس پێ دەکا؟. قورسایی دەخاتە سەر کام ڕووداو و کارەسات؟. لە کام گۆشەیەوە تێی دەڕوانێ و وێنەی دەگرێ؟. ئەوەکانی تر چۆن بە دەوری ئەمدا گرد دەکاتەوە؟. یا چۆن لەگەڵ ئەمدا و لەگەڵ خۆشیاندا تێ هەڵکێشیان دەکا؟ چۆن لە پێوەندیی نێوانیان دەدوێ و بەیەکادان و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا بە چ بارێکدا دەخاتە ڕوو؟. کات و شوێنیان چۆن دیاری دەکا و چۆنیان هەڵدەسووڕێنێ؟. جۆری وەڵامی ئەم پرسیارانە و زۆری تریش لەم بابەتە، ڕادەی سەرکەوتوویی هەر چیرۆکێك و نووسەرەکەی ڕوون دەکەنەوە، کە ئەمەش زیاتر پێوەندیی بەم مەرجانەوە هەیە:

١- بەهرە و زیرەکی و سەرنجی وردی نووسەر و لەگەڵیا دڵسۆزی و خۆ سووتاندن لە ناخەوە بۆ ئەو ئەرکەی بە حوسن و ڕەزای خۆی لە ئەستۆی خۆی ناوە و کەسێك بە زۆر پێی ناکا.

٢- ڕادەی ڕۆشنبیری و زانستی و ئاگەداری و تێگەیشتنی بەوردی لە ڕووداو و کارەساتەکانی لەوەبەر و ڕۆژانە و داهاتووی دەورووپشتی، سەبارەت بە کۆمەڵەکەی بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی.

٣- باری سەرنجێکی ئایدۆلۆجی و فەلەسەفی و هەڵوێستێکی تایبەتی، سەبارەت بە ژیان و کەون و بوون و نەبوون.

٤- دوا جار ڕاهاتن و پەراوەکردنێکی ئەوتۆ لە نووسیندا کە یاریدەیان دابێ شارەزای بەشێکی زۆری پێچوپەناکانی هونەرەکە بووبێ و زەفەری پێ بردبن «واتە وەستایی لە چیرۆکنووسیندا».

من هەرگیز حەز بەوە ناکەم بنووسم: چیرۆکنووس دەبێ وەها باسەکەی هەڵبژێرێ و بەم باردەدا بینوێنێ و بەو شێوەیە یەکالای بکاتەوە. چونکە من ئەمە بە جۆرە کۆت و زنجیرێك دەزانم بەر لە گیانی خوڵقاندن و داهێنان دەگرێ. بەم پێیە من ئەرکی ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە وەها تێ ناگەم کە ببێتە ڕابەر بۆ نووسەر، یا کوتەك بەسەر

سەریەوە. بگرە دەبێ هەسەنگاندنێکی زانیارانەی مەوزووعی ئەوتۆ بێ کە ئەویش لە ئەنجامدا ببێتە کارێکی هونەریی تری تێکەڵ لە زانیاری و بچێتە پاڵ کارە هونەرییەکە خۆی. ئەمەش بەهەرحاڵ هەر بەندە بە باری ئایدۆلۆجی و فەلەسەفیی ئەو ڕەخنەگرەوە و جۆری تێگەیشتنی سەبارەت بە "ئەستاتیك":.

لە هەڵبژاردنی باسدا بە ڕای من، پتر ئەم سەرنجانە بایەخدارن کە لایان لێ بکرێتەوە:

١– نواندنی باسەکە بە باری هەرەگونجاو و کاریگەریی خۆیدا. مەبەستم لەوەیە بڵێم: دەتوانرێ هەر باسێك بە سەد و یەك باردا بنوێنرێ.

بەڵام هونەر لەوەدایە نووسەر زەفەر بە گونجاوترین و کاریگەرترینیان بەرێ و بەو بارەیاندا باسەکەی بنوێنێ.

٢– قووڵبوونەوە بە بنجوبێخ و ڕەچەڵەکی ئەو باسەدا و تەقەلادانی یەکالاکردنەوە و لە ڕووخستنی زۆربەی جەمسەرەکانی و بە گیرهێنانیان لە ساتی بەیەکادان و زۆرنبازییاندا لەگەڵ یەکترا.

٣– چاودێریکردنێکی وردی سەرئەنجامی ئەو بەیەکادان و زۆرانبازییە و بردنی خوێنەر بەرەو ئامانج بەشێوەیەك کە ماوەی گومان لێکردنی پێ نەدرێ و هەست و هۆشی لەگەڵ سەراپای باسەکە و ئەنجامیدا جووت ببن.

٤– ئاگەداری لە کات و شوێنی هەر ڕووداو و کارەساتێکی باسەکە و وریایی لە پێوەندیی نێوانیان بە جۆرێك کە هەر یەکە خۆی و یا یەك ئەوی تر بەدرۆ نەخاتەوە.

٥– خۆپاراستن لە لاساییکردنەوەی دەقاودەقی نووسەری تر و تەقەلادانی دۆزینەوەی شێوەی تایبەتی لە جۆری هەڵبژاردن و نواندنی باسدا.

من کە ئەنجامی تاقکردنەوە و تێگەیشتنی خۆم ئەم چەند تێبینییە دەخەمە پێش چاو، لەوەش دەڵنیام کە بە دەمیەوە هەیە چەندین تێبینی تر بهێنرێنە کایەوە قسەیان لێوە بکرێ. بەڵام هێندە هەیە کە ئەم سەرنجانە لای من ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە لێکۆڵینەوەکەمەوە هەیە و کە باس دێنینە سەر شیکردنەوەی ڕووی هونەریی چیرۆکی سالانی (١٩٥٠–١٩٦٠)، بایەخی تەواویان هەست پێدەکەین و لە نێوانی ئەو نموونانەوە کە لێیان دەدوێم، باشتر ئەو بایەخەیان ڕوون دەبێتەوە.

با پێشەکی ئەوەش بڵێم کە من لێرەدا بەپێچەوانەی هەردوو پلەی پێشووەوە، بە بەرهەمی ئەم پلەیەماندا ڕادەپەرمووم کە بەپێوانەی ئەو تێبینییانە لێیان ورد ببمەوە و شییان بکەمەوە، چونکە لەم پلەیەدا چ بە بەها و چ بە ژمارە، هەنگاوێکی باشی بەرەو پێگەیشتن و گەشەسەندن ناوە کە لە لێکۆڵینەوەیاندا دەبێ ئەمە وەك ڕاستییەك ڕەچاو بکرێت و لە حسابدا بێ. بۆیە من بە تایبەتی لە ڕووی هونەرییەوە تا ڕادەیەك پێی لێ دادەگرم و چاو لەو هەڵە و کەموکوورییانەی ناخەفێنم کە هەستیان پێ دەکەم، بگرە تەقەلا دەدەم چەندە لە توانامدا بێ دەستنیشانیان بکەم و لێیان بدوێم.

***

گومانکردن لە ڕاستگۆیی و سەرڕاستیی چیرۆکنووس سەبارەت بە کارەساتەکانی ئەو باسەی دەیگێڕێتەوە، کەلێنێکی هەرە گەورە دەخاتە پێوەندیی نێوان خوێنەر و نووسەر یا خوێنەر و چیرۆکەکەیەوە کە ئەمە دەبێتە هۆیەکی کاریگەریی نوشستی هێنانی ئەو چیرۆکە لە ڕووی هونەرییەوە. چونکە خوێنەر لەگەڵ سات بەساتی خوێندنەوەی باسەکەدا، بەردەوام وا هەست دەکا کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە ناڕاستە و بە زۆر هەڵبەستراوە. یا وەکی تری بڵێین: وا گومان دەکا کە جۆرە بوختانێکی لە نێوان ئەو باسەوە بەسەردا تێ دەپەڕێنرێ. دیارە ئەو ئەگەر وای بخرایەتە زەینەوە کە حیکایەتێك یا داستانێکی فۆلکلۆری دەخوێنێتەوە، تووشی ئەم حاڵەتە نەدەبوو. بەڵام ئەو دەزانێ کە چیرۆکێکی هونەریی فلان چیرۆکنووس دەخوێنێتەوە، بۆیە دەکەوێتە بەر ئەو حاڵەتە. سا ئەم گومانکردنە بەرامبەر بە گەلێ بەرهەمی ئەم پلەیەی چیرۆکی هونەریمان ڕوو دەدات و وەك یەکێك لە کەموکوورییە هونەرییە هەرە زەقەکانی هەستی پێ دەکرێ.

موحەڕەم محەمەد ئەمین لە "مام هۆمەر"دا، سەرەڕای ئەم ڕووە گەشەی لە مەغزای سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیەتی «وەك زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو چیرۆکنووسانەی بۆ لەمەودوا نموونەیان لێ دێنینەوە»، لە هۆنینەوە و نواندنی زخیرەی کارەساتەکانی باسەکەیدا و بەتایبەتی لە تەقەلادانی بێ وچانیدا بۆ ئاڵۆزاندنیان، پەی دەر پەی بەرەو هەڵدێری ساوێلکەیی چیرۆکەکەی دادەخزێنێ. لە پرسیاری «بابە کەی نان ئەخۆین»ی منداڵەکەیەوە بیگرە تا دزینی قاپە چێشتەکەی لە ماڵی بایز بەگ و گرتنی و هەر بۆ ڕۆژی دوایی محاکەمەکردن و حوکمدانی و تا گفتوگۆکردنە سەیرەکەی خەجەی ژنی لەگەڵ دوو لاوەکەدا و ئینجا بەربوونی لە بەندیخانە و مردنی خۆی و

خەجە هەر بەو شەوە و بەو شێوە دراماتێکییە پڕ سەمەرەیە!... بە هەموو زنجیرەیەك کارەساتی بەزۆر دروستکراو و بەزۆر پێکەوە بەستراو پێك دەهێنن کە لە بنەڕەتدا جەمسەریان بریتییە لە دزیکردنێکی ″جان فاڵ جان″انەی ساکار و شێواو. بەو چەند دێرەدا دەتوانین بە ئاسانی دەستنیشانی بکەین کە دەبێ لە چەند شوێندا سەری گومانی لێ ڕاوەشێنین و پرسیاری بێ وەڵامی لەبارە بکەین.

لای مستەفا ساڵح کەریم لە «چۆن لە بیرم بچێتەوە»دا(٣٩)، ئەم حاڵەتە لە قاڵبی بۆچوونێکی ڕۆمانسییانەی تێکەڵ لە خەیاڵێکی دۆنکیشۆتیانەدا خۆی دەنوێنێ قوتابییەکی هەژار و کیژێکی ناو کۆشك و تەلار لە ڕێگەی ڕێکەوتێکەوە «کچە نەخۆشە و خوێنی پێویستە، کوڕە دەیداتێ» یەکتر دەناسن و دەبنە دڵداری یەکتر. قوتابییە هەژارەکە تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕە. ئەنجام... کچە لۆردەکە لە خۆنیشاندانێکدا کە لەگەڵ دەسگیرانەکەیدا بەشداری دەبن، شەهید دەکرێ. لێرەدا با ئەو پرسیارەش بکەین: ئایا ناگونجێ ئەمە لە واقیعدا ڕووی دابێ یا ڕوو بدات؟ بێگومان دەگونجێ. بەڵام دەبێ لە هەمان کاتدا لەوەش ئاگەدار بین کە خوێنەری کورد بەتایبەتی لە پلەی مێژوویی خۆیدا، تەواوی نەخشەی باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەکەی خۆی لە هەست و بیر و هۆشدایە و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەگەڵ خوێندنەوەی هەر چیرۆکێکدا، لە سنووری نەخشە گشتییەکەدا دەکەوێتە بەراوردکرنی سەبارەت بە ئاسایی و نائاسایی کارەساتەکانی باسەکەی و لێرەوە دەکەوێتە بەر حاڵەتی گومانکردنەوە.

ئاشکرایە من لێرەدا مەبەسنم لەوە نییە گوایە هونەری چیرۆکنووسین بکەمە وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافیانەی وشکی ڕووداو و کارەساتەکانی ڕۆژانەی ژیان. چونکە لام وایە سەرئەنجامی کار بەهەرحاڵ، هەر بەرهەمی خەیاڵی وردبین و ناسك و قووڵی چیرۆکنووسە، دوای خۆخواردنەوە و ژانگرتنی توندوتیژی بەرامبەر بەو ڕووداو و کارەساتانە و قاڵبوونیان لە ناخی هەست و بیر و هۆشیدا. بەڵام بە باوەڕی من چەندە وێنەگرتنی فۆتۆگرافیانەی وشك و بێ گیان چیرۆك لە ڕووی هونەرییەوە دەپسێنێ، هێندەش نیشاندانی وێنەی خەیاڵپڵاوانەی بێ ڕەگوڕیشە دەیخاتە بەر حاڵەتی گومان لێکردنەوە و دوا جار کەمتەرخەمی و بایەخ پێ نەدانی.

هەر ئەو حاڵەتە بۆ نموونە لای عەبدوڵا میدیا لە ″دڵسۆزی نەمر″دا و ″مەم″ لە

(٣٩) هیوا- ژمارە (٧،٦)ساڵی ٢.

"ئەگەڕێتەوە"دا و(٤٠) کامەران موکری لە «مانگ و دڵێکی بەسزمان»داو(٤١) "هەوری" لە "ئاغای ئاوایی"دا دووپات دەبێتەوە. لای میدیا "دڵسۆز" کوڕە جووتیارێکی چەوساوەیە و هەر لە منداڵییەوە نیشانەی بلیمەتیی پێوە دەردەکەوێ. لە دەساڵیدا دەبێتە شاعیر. لە حەڤدە ساڵیدا دەبێتە قارەمان و پێشەوای جووتیارە چەوساوەکانی ئاواییەکەی و بەگژ ئاغای دەربەگدا دەچێ. لای مەم "شۆڕۆ" دەچێ بۆ ڕاو. لە ناو شاخ لافاوێك هەڵدەسێ و دەیخنکێنێ. لاشەکەشی ڕاپێچ دەکاتەوە قەراغ ئاوایی. برادەرەکانی کفنودفنی دەکەن بێ ئەوەی دایکی پێ بزانێ و ئیتر ساڵ دێت و ساڵ تێ دەپەڕێ و دایکە هەر بە تەمای گەڕانەوەی دەبێ!. کامەران موکری خۆشەویستیی کچە هەژارێك نیشان دەدا کە دڵدارەکەی کوڕە دەوڵەمەندێکە. کیژ ماوەیەك کوڕە نابینێ. دەچێ بۆ ماڵیان تا بزانێ بۆچی دیار نییە، کەچی دەبینێ بووکی بۆ دەگوێزرێتەوە ئەم بەسەر شایییەکەیدا دەچێ!. بەڵام هەوری دێت هەرچی پیاو لە ئاواییدا هەیە لەبەرئەوەی گوایە قەرزاری ئاغان، هەموویان ڕاپێچ دەکا بۆ شار و لە بەندیخانەیان توند دەکا، تەنیا شوانەکەی ئاوایی لێ دەردەکا کە ئەویش هەر لەو ڕۆژانەدا نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ و شتن و ناشتنی بۆ ئافرەتان کە بەبێ پیاو ماونەتەوە، دەبێتە گیروگرفت.

هەروەها لە گەلێ چیرۆکی دڵداریدا لە شێوەی بەزۆر کۆتایی پێ هێنانی مەم و زینانەدا هەست پێ دەکرێ واتە بە زۆر و نائاسایی مراندن یا بەکوشتدانی هەردوو دڵدار، مەحموود ئەحمەد لە "جوان"دا هەردووکیانی لە کۆڕی شەڕێکدا پێکەوە بەکوشت داوە. محەمەد ساڵح سەعید لە "کاروانی" دا "شیرین"ی هان داوە لەسەر تەرمی دڵدارە کوژراوەکەی خۆی بکوژێ. محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە "خاڵەی ڕێبوار"دا(٤٢)، دوای ئەوەی هەردوو دڵداری لە یەکتر کردووە، هەردووکیانی یەك بە دوای یەکدا بە جەخارەوە مراندووە. ڕەئوف بێگەردیش لە "ئەنجامی کچفرۆشی"دا، کوڕەی بەداخ و خەفەتەوە کوشتووە و کچەشی وا لێ کرووە بە دوایدا خۆی دەرمانخوارد بکا.

***

وەختێك چیرۆکنووس دەکەوێتە دوای وەعز و ئیرشاد و ئامۆژگاریکردنەوە و وای لێ

(٤٠) بلێسە– ژمارە ٣، ساڵی ١٩٥٩.

(٤١) ژین– ژمارە ١٣٣٦، ساڵی ١٩٥٧.

(٤٢)– ژین– ژمارە ١٠٨٠، ساڵی ١٩٥٦.

دێ یەکسەر ڕووی دەم بکاتە خەڵکەکە و بییەوێ بە چیرۆك پێیان بڵێ: «خەڵکینە چاکە بکەن و خراپە مەکەن»، ئیتر ئەو نووسینەی دەبێتە هەر نووسنێکی تر چیرۆك نەبێ، وەك ئەوەی ببێتە وتارێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا مێژوویی یا هەرشتێکی تری لەم بابەتانە. چونکە ئەم ڕێبازە بەرهەمەکە لە ڕووی هونەرییەوە لاواز دەکا و تاموچێژی چیرۆکی تێدا ناهێڵێ و خوێنەر وەڕس و بێزار دەکا. ئەو هاتووە بەرهەمێکی ئەدەبی بخوێنێتەوە نەك خوتبە و ئامۆژگاری و قسەی نەستەقی بدرێ بە گوێدا.

ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکنووسەکانی ئەم پلەیەمان لە بەرهەمەکانیاندا تووشی ئەم کەموکوورییە بوون و کەوتوونەتە داوییەوە. بگرە لای هەندێکیان هەر تەواو ڕوو لە خوتبەدان و وتار دەکات و بەرهەمەکە لە ڕووی هونەرییەوە وای لێ دێ تەنیا بە تاوە دەزوویەك بە هونەری چیرۆکنووسینەوە ببەسترێتەوە.

ساجد ئاوارە لە "هێزی برسێتی"دا باسی لە دوو سواڵکەری برسییە و خۆیان دەکەن بە ماڵێکدا. ئەوسا گفتوگۆیەکی پڕ لە سۆز و بەزەیی دەسەپێنێ بەسەر هەردوو سواڵکەر و دایك و کوڕی ناو ماڵەکەدا، کە لە لووتکەیدا کوڕە بە دایکی دەڵێ: «... ئەو چێشتەی تۆ لێی دەنێی تەنیا بۆ من و تۆ نییە، بگرە بەشی هەر مرۆڤێکی تری ئەم سەرزەمینەی پێوەیە».

مەحموود ئەحمەد لە "بەسەرهاتی باوك"دا، هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەیدا دەنووسێ: «... لەگەڵ ئەوەیشا ئەوی کردوومە هەر دەیکەم و هیچ برِوا مەکەن کە بۆ نان و ئاو و بەرگ و خۆراکی پوختی بێ شەرافەتمەندی بچەمێمەوە بەلای دوژمنی زۆرداری خوێنمژی داگیرکەرانی دەرەوە، یا نۆکەر و هەڵخەڵەتاوانی دواکەوتووی بێ سەلیقەی ناوەخۆ...».

دوای ئەم خوتبەیە ئینجا دەس دەکا بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی و تێ دەگەین کە کوڕە ئاغایەك بووە و دژی زۆروجەوری باوکی ڕاوەستاوە و داوێتییە پاڵ جووتیارە زوڵم و زۆرلێکراوەکان و لەوێوە ئیتر تووشی مەینەتی و ڕاونان و گرتن هاتووە و وەك مرۆڤێکی تێکۆشەر ژیاوە.

أ. ب. هەوری لە سێ چیرۆکیدا، «لە مێژووی خۆمانەوە»(٤٤) و «دوژمنایەتی ناو

(٤٣) ژین– ژمارە ١٤٥١– ساڵی ١٩٥٩. ئەم چیرۆکە تەواوکەری چیرۆکێکی ترێتی کە بە ناوی "مەرگی برا"وە لە ژمارە (١٤٤٤)دا بڵاوی کردووەتە.

(٤٤) ژین– ژمارە (١٤٦٩،١٤٧٠)– ساڵی ١٩٥٩.

دەسرەکە» و[٤٥] "ئاغای ئاوایی"، کە بەرودوا بڵاوی کردوونەتەوە، دەبێ کۆتاییبیان بە ئامۆژگارییەکی تەواو زەق پێ بێنێ و داوامان لێ بکا پەیرەوی بکەین.

لە یەکەمیاندا دەنووسێ: «.. منیش دەڵێم ئاخ خۆزگە هەموو کەس، بەتایبەتی خوێندەواران لەم ڕۆژەدا کە لە چوارگۆشەی بێشەی ژیانەوە دڕندەی دوژمن و نوکەرانی دان جی ڕدەکەنەوە لە کۆماری عێراقی بەتایبەتی و لە گەلی کورد، لالەباس و شاسواریان[٤٦] لە چیرۆکەکەدا تینووبوون بەخوێنی سەری یەکتر و لە ئەنجامدا ئاشت بوونەوە.

دەکرد بە سەرمەشق بۆ خۆیان و یەك دڵ و یەك ئاوات هەوڵیان دەدا بۆ سوودی گەل و نیشتیمان».

لە دووەمیاندا دەنووسێ: «.. بەم بۆنەوەیەوە منیش دەڵێم: خۆزگە هەموو یەکێك لە ئیمە بەتایبەتی خوێندەواران لەم ڕۆژەدا کە لە هەر چوار لاوە دوژمن خۆی مەڵاس داوە لە کورد و لە کۆماری خۆشەویستی عێراقی و بۆ هەل دەگەڕێ، دەبووین بە کاکەولا...»[٤٧].

لەسێیەمیاندا دەڵێ: «.. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە چەند وشەیەك بدەم بە گوێییدا "بە گوێی ئاغادا–ح٠ع" و بڵێم: ئەم بێ ڕەحمی و بێ ویژدانی و زۆرداری و دوژمنایەتییەی بەرامبەر کێ کرد...»

جەمال بابان لە "لە ڕێگای سەرا"دا[٤٨] کە باسی لە جووتیارێکی پیرەمێردی نەخۆشە و دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨بۆ جاری سێیەم هاتووەتەوە شار بۆ خۆتیمارکردن و ئەم جارەیان دەیەوێ یەکسەر بچێتە لای "متصرف" و سکاڵای حاڵی خۆی بۆ بکا. بەڵام چیرۆکگێڕەوە "یا چیرۆکنووس خۆی" دوای ئەوەی بەو حاڵە دەیبینێ و لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ پێی دەڵێ: «.. خاڵەگیان ئێستا فەرمانبەری بەرتیلخۆر و پیاوی دز و درۆزن نەماون، تاك و تەرایەك نەبێ کە ئەوانیش نامێنن». دوای ئەوە تێی دەگەیەنێ کە "متصرف" پێوەندیی بە سکاڵاکەی ئەوەوە نییە و خۆی

(٤٥) ژین– ژمارە ١٤٩٣– ساڵی ١٩٥٩.

(٤٦) ژین– ژمارە ١٤٩٧– ساڵی ١٩٥٩.

(٤٧) لە چیرۆکەکەدا هەم حەکیم و هەم کۆتری ئاشتییە.

(٤٨) ژین– ژمارە ١٤٣٠– ساڵی ١٩٥٩.

دەیبا بۆ خەستەخانە. لەوێ دەردەکەوێ کە «.. بەینێکە بەشوێنیا دەگەڕێن کەوا قەرەوێڵە و جێگە چۆل بووە، بەڵکو بینوێنن».

عوسمان عوزێری لە چیرۆکی «لە پاش باران کەپەنك»دا[٤٩]، دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە دەڵێ: « ئەی خوێندەوارانی خۆشەویست.. ئایا "ئاوات" لە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەدا هەقی چییە، ئەگەر بکەوێتە دیوانی کۆمەڵایەتییەوە؟. ئومێدەوارم ئێوە سزایەکی بۆ دابنێن تا خۆشی بیخوێنێتەوە.

یا مستەفا ساڵح کەریم لە "فرمێسکی پەشیمانی" و[٥٠] کاکە مەم بۆتانی لە «هەوڵی بوێژێك و پرۆژەی زۆرداران و کارەساتی قومار» و[٥١] محەمەد نووری توفیق لە «بەرەحمەت بێ خەتای باوکی بوو»دا[٥٢]، تێکڕا لە باسەکانیاندا دەیانەوێ ئامۆژگاری بکەن کە قومارکردن کردەوەیەکی خراپ و زەرەربەخشە و پەشیمانی لە دوایە. یا خالد دلێر لە «خولە و بلە- ١٩٥٨»دا، چیرۆکەکەی ڕاستەوخۆ تەرخان کردووە بۆ ئامۆژگاریکردنی قوتابیان کە غەش نەکەن و چوختی و بەرەڵا نەبن و ڕەوشتیان جوان بێ. یا کامەران موکری لە "نانی سیلاوی"دا چیرۆکەکەی بەم قسانە کۆتایی پێ دێنێ: «بەم جۆرە هەژاری دەستی ناوەتە بینی هەزاران هەزارەوە، وە بە برسێتی و بەدەم سزاوە بە سیل دەیانکوژێت و دەستە دەستە وەك گەڵای پایز هەڵدەوەریك. ئاخۆ کەی بێت ڕزگاریان ببێت؟»‌.

شێوەی ڕیپۆرتاژنووسی لە داڕشتن و نواندنی باسدا، کەلێنێکی گەورەی ترە لە تەکنێکی چیرۆکی ئەم پلەیەدا کە وەك دیاردەیەك بە فراوانی لە بەرهەمی زۆربەی چیرۆکنووسەکاندا دەردەکەوێ و نرخی ئەدەبییان گەلێ نزم دەکاتەوە. ئەمەش بەتایبەتی لەو گێڕانەوە وشکە حیکایەتخوانییەوە هاتووە کە ڕووداو و کارەساتەکانی باسەکەی یەك بە دەم یەکەوە وەك زنجیرە هەواڵێکی ڕووت و بێ گیان پێ دەنوێنرێ و بەرەو ئەنجامێکی دەستنیشانکراوی ئەوتۆیان دەبات کە زۆر جار هەر لە سەرەتاوە پێی دەزانرێت. هەروەکو ئەگەر سەرنجێکی گشتی بدەینە ئەو جۆرە بەرهەمانە، دەبینین ژمارەیەکی زۆریان چیرۆکگێڕەوە «یا با بڵێین چیرۆکنووس خۆی» بە پێشەکییەك

(٤٩) هەتاو- ژمارە٩٠ ساڵی ١٩٥٧.

(٥٠) هیوا- ژمارە ٢، ساڵی ١٩٥٧.

(٥١) کۆواری هەتاو- ژمارە ٩٩، ساڵی ١٩٥٧.

(٥٢) هیوا- ژمارە (٣،٢) ساڵی ٣.

دەس پێ دەکا یەکەم جار خۆی لە گەڕدایە و دەور دەبینێ و ئینجا دوایی باس دەباتە سەر باسی چیرۆکەکە خۆی و ئیتر لەو ساتەوە ئەو دەبێتە سەیرکەرێك. بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا چیرۆکنووس خۆی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا جارێکی تر دەکەوێتەوە گەڕ و هەڵوێستی تایبەتی خۆی سەبارەت بە باسەکە دەردەبڕێ. یا هەندێکی تر بە وەسفکردنێکی دوور و درێژ دەس پێ دەکەن، ئینجا دەکەونە گێڕانەوە و دەدەن بەدەمیەوە. بێگومان ئەم کەلێنی ڕیپۆرتاژنووسییە لە زۆر شێوەی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێ. بەڵام هەموو یەك ئەنجام دەدەن بەدەستەوە کە ئەویش نزمکردنەوەی نرخ و بەهای ئەدەبیی ئەو بەرهەمانەیە.

بۆ نموونە «کە دایکم بە ڕۆژوو بوو»ی(٥٣) مەم کە باسی لە دەس درێژییە سێ قۆڵییەکەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیلە بۆ سەر مسر ١٩٥٦، لە ڕاستیدا ڕیپۆرتاژێکی سیاسییە و خراوەتە قاڵبی چیرۆکەوە. یا "ڕێگای ئازادی"ی موحەرەم محەمەد ئەمین کە: «.. هەروەك کۆوار و ڕۆژنامە و ئێستگەکان، کاروبار و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە و یەکسەر بێ دەسکاری نووسراوەتەوە»(٥٤).

یا مستەفا ساڵح کەریم لە "زرەی زنجیر"دا کە تەواو لە وێنەی "ڕێگای ئازادی"یە. یا "یەکی خاکە لێوە"ی(٥٥) میدیا کە باسی لە چۆنیەتی ئاهەنگێڕانی کوردانە لە سەردەمی حوکمی پاشایەتی کۆنەپەرستدا. یا نامەیەك لەسەر ڕاپۆرتێکدا نووسراوە و لە جەبهەی شەڕەوە بۆ ڕۆژنامەیەك یا کۆوارێك نووسرابێ وەك خۆشی ئیشارەتی داوە.

بەڵام لای هەندێ چیرۆکنووسی تر، ئەو شێوەی ڕیپۆرتاژنووسییە ڕووی لەباری کۆمەڵایەتی کردووە و بەم بارەدا لە ڕووی هونەرییەوە بوون بە ژێر هەرەسی ڕیزی دەردە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بڕوانن جەمال بابان لە "خانزاد"دا ڕیزی بە چەندیانەوە گرتووە وەك بەپێی نەخشەیەك کە بۆی دانابن چۆن دەیانئاخنێتە ناو چیرۆکەکەوە:

١- بە شوودانی کچی مناڵکار بە پیری پەککەوتە.

٢- ڕەفتاری ناپەسەندی ژنبەژن.

٣- باوەڕکردن بە دووعا و نوشتە و جەڕاندن.

---

(٥٣) هیوا- ژمارە ٤ ساڵی ٢.

(٥٤) کامل بصیر- ژین- ژمارە(١٤٨٣،١٤٨٤)- ١٩٥٩.

(٥٥) هیوا- ژمارە ٩ ساڵی ١٩٥٧.

٤– فیتنەبازی و بوختان پێکردن.

٥– گیانی عەشیرەتگەری و بەگژیەکدا چوون و کوشتار لە یەکترکردن لە هیچە.

٦– نەفامی و ساوێلکەیی و هەڵخەڵەتاندن... هتد.

ئاشکرایە لە ڕووخستن و ڕیسواکردنی ئەم جۆرە کردەوە و ڕەفتار و نەریتە پڕوپووچ و کۆنەپەرستییانە، بە مەغزای پێشکەوتنخوازانەی بە باری ناوەڕۆکدا کارێکی پەسەند و پیرۆزە و کەسێك نکوولّیی لێیان نییە. بەڵام داخۆ جەمال بابانی چیرۆکنووس لە ڕووی تەکنیکەوە باسی چیرۆکەکەی نەکردووە بەژێر هەرەسیانەوە و لەکاتی نووسینیدا نەکەوتووەتە دوای تەقەلادانی ڕیزکردنی زۆرترین ژمارەیانەوە؟.

هەروەها "مانگ گیران"ی[٥٦] ساجد ئاوارە کە باسی لە نەریتێکی کۆمەڵایەتی پڕوپووچە و «چیرۆکێك لەسەر کانییەك»ی[٥٧] کاووس قەفتان–ك. ن. ق– کە بەسەرهاتی دڵدارێك دەگێڕێتەوە و "پاڕانەوە"ی[٥٨] محەمەد ڕەسوڵ هاوار و "سزا"ی[٥٩] کامەران موکری، چوار نموونەی تری ئەو شێوە ڕاپۆرتییەن کە باسی چیرۆکەکانیانی تووشی ڕووکەشی کردووە.

***

لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی ئەم پلەیە لەم ڕووەوە خاڵی نییە لە گەلێ نموونەی گەش کە گەلێ باسی جۆراوجۆری بایەخدار و بە مەغزایان بۆ هەڵبژێردراوە و تا ڕادەیەکی باش بەپێی سەردەمی خۆیان و بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی تردا لە نواندنیاندا سەرکەوتوون.

موحەڕەم محەمەد ئەمین لە "زیندووی مردوو"دا[٦٠]، لە بنچینەدا وەك چەندین چیرۆکی تری خۆی و چیرۆکنووسانی تر باسی هەر لە گوناهبارکردنی ڕژێمی گەندەڵ و هاندان بووە بۆ بەگژاچوونی و ویستوێتی بە جەماهیری چەوساوەی گەلەکەی بڵێ:

(٥٦) هیوا– ژمارە ٧، ساڵی ١–وە لە ژمارە ١٢٠ی ساڵی ١٩٨٥ی "هەتاوی"شدا بڵاو بووەتەوە.

(٥٧) ژین– ژمارە (١١٣٥ هەتا ١١٣٨) ساڵی ١٩٥٣.

(٥٨) ژین– ژمارە ١٣١٢، ساڵی ١٩٥٦.

(٥٩) ژین– ژمارە (١١٠٣–١١٠٤) ساڵی ١٩٥٢.

(٦٠) ژین– ژمارە (١١٧٤هەتا ١١٨١) ساڵی ١٩٥٣.

«ئەگەر زیندووی- مردوو نین، بۆچی بەو وەزعە کەنەفت و ناهەمواره ڕازی دەبن و بۆچی سەر بۆ ئەو ڕژێمە شۆڕ دەکەن کە دەتانچەوسێنێتەوە و بۆچی ڕاناپەڕن بە ڕوویدا و هەڵی ناگێڕنەوە، تا لەو حالەتی زیندووی مردووییە ڕزگارتان ببێ؟»، بەڵام لێرەدا باسەکەی خستووەتە چواوچێوەی جۆرە ڕەمزییەتێکی شێوە فەلسەفیی ئەوتۆوە کە هەم لە چێژی هونەری و هەم لە چۆنیەتی بە دەستەوەدانی مەبەستدا، بە باری هەرە گونجاو و سەرکەتوویدا نواندویێتی. تەنانەت هەڵبژاردنی شەخسیەتی دەروێشێك کە باسەکەی لە زمانەوە بگێڕێتەوە. کارێکی تەواو وەستایانەیە و پڕبەپڕی ڕەمزییەت و شێوە فەلسەفییەکەیە.

مەم لە "بەڵام ژیانە"دا، ڕاستگۆیی و سۆزێکی ئەدەبێ گەلێ بەجۆش نیشان دەدا وەختێ زۆر بە وردی و قووڵی دەچێتە ناخی باسەکەیەوە کە بریتییە لە نواندنی ئەشکەنجە و ئازاری بەجەخاری سێ ئادەمیزادی دەردەدار و برسی و هەژار «پوور عیسمە و قادر و چیرۆکگێڕەوە خۆی». سێ نموونە و بەڵام لە قووڵاییانەوە، داستانی سەخت و سامناکی بێ بەشیی سەدان هەزار مرۆڤی چەوساوە لە خۆشی و بەختیاریی ژیان دەگێڕێتەوە و وەك شەهادەتنامەیەکی مێژوویی، سزا و دەرد و مەینەتیی مرۆڤی چەوساوەی ئەو سەردەمەی تۆمار کردووە.

مستەفا ساڵح کەریم لە "چەندم لێ ئەسێنیت"دا، هەست و سۆزی پاك و بێ گەرد و ساکاری مرۆڤێکی زەحمەتکێشمان دەخاتە پێش چاو، بەرامبەر بە دڵڕەقی و بێ ویژدانی و ڕەفتارێکی هێجگار نامرۆڤانە کە لەبارەی کراوە. حەماڵێکی هەژاری سەرگەردان لە دنیادا تاقە کوڕێکی منداڵی دایك مردووی هەیە کە ئەویش نەخۆش کەوتووە و خەریکە دەمرێ.. هاوار دەباتە بەر دوکتۆر و خەستەخانە. بەڵام دوکتۆر چاوچنۆك و نائینسانییە و خەستەخانەش لە ژێر سایەی ڕژێمی بەرتیلخواردن و واسیتەکردندایە و هەموو هەر دەس بۆ پارە پان دەکەنەوە. ئەمی بێ پارەوپوولیش دەبێ لە هەموو جارێکدا بپرسێ: چەندم لێ دەسێنیت؟ ئەوەی ئەوان داوای دەکەن بۆی هەڵناسووڕێ و کوڕە تاقانە بێ دایکەکەشی لە سەرەمەرگدایە. ئەم پرسیاری "چەندم لێ دەسێنیت"ە لای حەماڵە هەژارەکە دەنووسێ بە کارەساتێکی جەرگبڕەوە لە ژیانیدا.. کارەساتی مردنی تاقە کوڕەکەی. ئەو لە ژێر باری وەڵامی ئەو پرسیارەدا پشتی شکا و کۆستی کەوت. کەچی ئێستا یەکێك "چیرۆکگێڕەوە" دێت و پرسیارەکە وەك ڕمێك دەچەقێنێتە جەرگی و بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی ماڵەکەی، پێشەکی لێی دەپرسی:

چەندم لێ دەسێنیت؟ هەمان پرسیار کە کورەکەی ئەم بووە کۆچی قوربانیی وەڵامەکەی . ڕووی هەرە گەشی باسەکە لێرەدایە.. هەستی مرۆڤایەتی پاك و ڕەسەنی زەحمەتکێشێك کە هەرچی ناپاکی و دڵڕەقی و بێ ویژدانیی ناو کۆمەڵی چەوساندنەوە هەیە، کاری تێ ناکەن و ناتوانن گەردی بنێنە بان.

فازل نیزامەدین لە «لەتێ نان و شیشێ کەباب»دا، هەر باسی لە هەست و سۆزی پاکی مرۆڤایەتییە و بەڵام ئەم لێرەدا لە نموونەی قوتابییەکی منداڵی هەژاردا نیشانی دەدات کە ئەو لەتە نان و شیشە کەبابەی لە قوتابخانە وەری دەگرێ، دڵ و ویژدانی بچکۆلەی پڕ لە خۆشەویستی و دڵسۆزی بەرایی نادا بە تەنیا بیخوا، بۆیە دەیباتەوە ماڵەوە تا پێکەوە بیخۆن.

کاکەمەم بۆتانی لە «بۆ چ قاووت دام»دا[٦١]، لە باسێکی چەشنی باسی بووك و خەسوو دەدوێ کە چ لە شێوەی سەرگوزشتەی فۆلکلۆریدا و چ وەك ڕووداوی ڕۆژانە بەردەوام بەسەر زاری خەڵکییەوەیە، کە ئەویش باسی پێوەندیی نێوان باوەژن و هەنەزایە. بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەم چۆنی بۆچووە و بە چ بارێکدا نواندوێتی. لە چیرۆکەکەدا باوکی کورە مردووە. واتە باوەژنەش بێ مێردە. هەروەکو هەردووکیشیان بێ کەسوکارن و هەژاری و برسێتی دەستی ناوەتە بینیان. بەم جۆرە باسەکە شێوەیەکی دراماتێکی فراوانتر و قووڵتر لە شێوەی ئاسایی خۆی وەردەگرێ و لە نواندنیشیدا دەبێتە خاوەنی بارێکی کاریگەریی تایبەتی خۆی. بە سەرێك کارەساتە ئاساییە ڕۆژانەکە لە دڵڕەقی یا با بڵێین لە نادڵسۆزیی باوەژن بۆ هەنەزاکەی و قاودانی لە ماڵ و دەربەدەری هەنەزا و بوونی بەدز و ئینجا ڕقوکینەی ئەمیش بەرامبەر بەو وەختێك داوای لێ دەکا بگەڕێتەوە ماڵەوە. بە سەرێکیش هاودەردییان لە هەژاری و برسێتی و ژیانی سەختییاندا کە تێکەڵ بە باسە سەرەکییەکە دەبێت و بەم جۆر یا بەو جۆر کاری تێ دەکات و شێوە تایبەتییەکەی دەداتێ. باوەژن وائیدیعا دەکا کە نەبوونی وای لێ کرد کورە قاو بدات و وا ئێستا پەشیمانە و دەیەوێ وەك کوڕێکی جگەرسۆزی خۆی بگەڕێتەوە لای و پێکەوە بژین. لە کاتێکدا چیرۆکنووس کارێکی وەهای کردووە ئێمە لەلای خۆمانەوە «بەبێ ئەوەی ئەو دەری ببڕێ»، باوەڕی تەواو بەم ئیدیعایەی نەکەین. هەروەکو کارێکی وەهای کردووە کە باوەڕی تەواو بە ئیدیعای کورەش نەکەین کە گوایە بۆیە باوەژن دەیەوێ بیباتەوە لای خۆی، چونکە با

(٦١) هەتاو– ژمارە ١١٩،ساڵی ١٩٥٧.

بەدزیکردنیش بێ، نان پەیدا دەکا و دەسکەوتی هەیە. چیرۆکەکە کۆتایی دێت و هەنەزا ناچێتەوە لای باوەژن، چەند بە پاڕانەوە و سۆزیشەوە داوای لێ دەکات و ئێمەی خوێنەریش هەر لێکی دەدەینەوە و تەقەلا دەدەین باسەکە وردکەینەوە تێیدا بگەینە ئەنجامێك.

مەعرووف بەرزنجی لە "ئاواز و کەباب"دا، هەرچەندە بڕیاردانی کردنی لوولەی تفەنگ بە شمشاڵ و خەنجەر بە قیمەکێش لەلایەن میرزا و فەلاّمورزەوە، کارێکی نائاساییە و ئەگەر دیوی ئەودیوی چیرۆکەکەی بۆ ڕوون نەکرێتەوە، دەخرێتە بەر گومان لێکردنەوە، بەلاّم بەوەدا کە بڵێین: ئەو هەر لە سەرەتاوە نەخشەی چیرۆکەکەی وەك چیرۆکێکی ڕەمزی کێشاوە کە مەبەستی پشتگیریکردنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازی بووە و گوناهبارکردنی شەڕ و شەڕخواهان، ئیتر کلیلی ئەو حوکمدانەمان دەسگیر دەبێ کە بوترێ: نەخێر... بڕیاردانەکە ئاساییە و لە ڕووی هونەرییەوە ناکەوێتە بەر ئەو گومانەوە. واتە فەلاّمورز کە مرۆڤێکی خێرخوا و دەس و دڵپاك و خۆشەویستە لەناو خەڵکیدا، نموونەی بەرەی ئاشتیخوازانە و میرزاش کە ئادەمیزادێکی شەڕانی و زەرەربەخش و نەگریسە و خەڵکی دەیبوغزێنن نموونەی بەرەی شەڕخواهانە. بەلاّم بێگومان میرزا کە لە کۆتاییدا شکستی دێنێ و دەگیرێ و فەلاّمورز لەگەڵیدا ئاشت دەبێتەوە تەنانەت بۆ بەردانی خۆی دەبێ بە کەفیلی و ئینجا کە بڕیار دەدا واز لەو ڕەوشت و ڕەفتارە چەوتەی بێن، لەو ڕەمزیەتەی پێشووی دەکەوێ دەبێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی. لە کاتێکدا بڕیاردانیان کە تفەنگ و خەنجەرەکانیان بکەن بە شمشاڵ و قیمەکێش، دەبێتە ڕەمزە سەرەکییەکە و بەوە سەرکەوتن بۆ بەرەی ئاشتیخوازان دەبێ: مەعرووف بەرزنجی ئەگەر ئەم ڕێگەی ڕەمزیەتەی بۆ مەبەستەکەی نەگرتایە بەر و ڕاستەوخۆ بۆی بچوایە، لەوانەبوو تووشی هەمان دەردی ڕاپۆرتنووسی و وەعز و خوتبەدان بووبووایە.

یا "ژیل" لە "گەرما"دا(٦٢)، باسی لە بێفەڕی و تڕوفیزلێدان و نەفسیەتی ئاڵۆزی مرۆڤە بورجوازییەکانە کە هەر خەریکی خواردن و ڕابواردن و ئیسراحەتن و گاڵتەش بەنووسین و خوێندنەوە و ڕۆشنبیری دەکەن کە هەندێ کەس خۆیانی پێوە خەریك دەکەن و سەری خۆیان و ئەمانیشی پێوە دێشێنن. "ژیل" زۆر هونەرمەندانە ئەمانە هەموو لە نێوانی هەڵسوکەوتی یەکێك لەو بورجوازییانەوە دەردەبڕێ کە بەڕێوەیە

(٦٢) ژین– ژمارە ١٤٠٠، ساڵی ١٩٥٨.

بچێتەوە ماڵەوە و لە ناو گەرما تفت و لەعنەت دەبارێنێ. لە ماڵەوە دەیکا بە نەڕەنەڕ بەسەر ژنەکەیدا کە گوایە برسییەتی. خێرا نانی بۆ دێنن و وەك "اشعب" بەر دەبێتە خواردن. ئەوسا سەرخەوێك دەشکێنێ. لە تەقەی پەنچەرە خەبەری دەبێتەوە. لە ڕقا شووشە بە پەنجەرەکەوە ناهێڵێ. ئینجا دەس دەداتە کۆوارێك بخوێنێتەوە، دەکەوێتە گاڵتەپێکردنی نووسینەکان و نووسەرەکان. تا لە ناکاو ڕادەچەنێ. بیری دەکەوێتەوە کە مەوعیدی هەیە بچن بۆ "سەرچنار" و بە پەلە خۆی دەگۆڕێ و ڕادەکاتە دەرەوە.

من ئەم چیرۆکە و چیرۆکێکی تری "ژیل" کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم، بە دوو نموونەی گەلێ گەش دادەنێم و چ لە ناوەڕۆك و چ لە تەکنیکدا تەواو سەرکەوتوون. بەڵام بەداخەوە وا دیارە ئەمیش وەك ئەیحسان مستەفا، تەنیا ئەم دوو چیرۆکەی نووسیوە و ئیتر وازی هێناوە. بۆ ناوەکەشی چەندە پرسیارم کرد بۆم ساغ نەبووەوە کە کێیە؟

## ٢- لە هەڵبژاردنی کەسان و چۆنیەتیی هەڵسووڕاندنیاندا

ئەگەر لەم ڕووەوە سەرنجێکی گشتی بدەینە بەرهەمی ئەو ساڵانە دەبینین چیرۆکنووسەکان لە هەڵبژاردنی کەساندا، بەزۆری ڕوویان کردبووە دوو بابەتی سەرەکی:

یەکەمیان: هەژار و بێدەرەتان و نەخۆشە کەساسەکان و زەحمەتکێشە چەوساوەکان و گشت ئازارچەشتووەکانی ناو کۆمەڵی چەوساندنەوەی ئادەمیزاد لەلایەن ئادەمیزادەوە.

دووەمیان: ئاغا و دەرەبەگ و کۆنەپەرست و کاربەدەستی زۆردار و گشت و نۆکەر و ئەڵقە لە گوێکانی ڕژێمی چەوساندنەوە و زۆروجەور.

کەسانی هەردوو بابەتیش لە کۆڕی ژیاندا، لە بەیاکادان و زۆرانبازییەکی توندوتیژدان. ئەوان بە ئامانجی ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر و گەیشتن بە هیوا و ئاوات و بەدیهێنانی ژیانێکی پڕ لە خۆشی و شادیی دوور لە دەرد و سزا و مەینەتی. ئەمان بۆ ئیدامە پێدانی جەور و ستەمیان و پارێزگاریکردن لە سوود و مەسڵەحەتی ناعادلی و ناشەریفییان کە ئەنجامی زەوتکردن و دزینی بەری ڕەنجی شان و عەرەقی ناوچەوانی چەوساوەکان دەسگیریان دەبوو.

بەڵام کەسانی بەرەی چەوساوەکان لە کۆڕی ئەم زۆرانبازییەدا بە دوو جۆر هەڵدەسووڕێن، با یەکێك لە دوو هەڵوێست دەنوێنن.

یەکەمیان: بە ناچاری شان دەدەنە بەر چارەنووسی چەوساندنەوەیان و خۆیان لە ئاستیدا بێ ئیرادە و بێ دەسەڵات دەبینن، ئەگەرچی لە دەروونداا پیشی لێ دەخۆنەوە و ڕەق و کینە لە ناخیاندا تا دێت پەنگ دەخواتەوە. دووەمیان: ملی بۆ نادەن و لە ڕوویدا وەردەگەڕێنەوە و بەگژیدا دەچن، بەتایبەتی کەسانی نموونەی تێکۆشەری سەر بە بزووتنەوەی نیشتمانی کە ئەنجامی پەروەردە کردنیان لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆجییەوە، بە ئیرادە و تێگەیشتنەوە بەربەرەکانییان دەکرد و دەجەنگان.

ئەم دوو بابەت کەسانی هەرە سەرەکیی چیرۆکی ئەو ساڵانەن کە لە بەشێکی گەورەی بەرهەمی ئەو ماوەیەدا وێنەی دەبینین و لای زۆربەی چیرۆکنووسەکان دووپات دەبنەوە. بەڵام لە پاڵیاندا نموونەی بابەتە کەسانێکی تریش دەبینین کە لە ڕاستیدا ئەوانیش لە بنەڕەتدا هەر دەبەسترێنەوە بەو دوو بابەتەوە، وەك ئەوانەی دەردێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن لە وێنەی دز و قومارچی و خۆپەرست و بەدڕەوشت.. هتد. یا دڵداری و دڵداران کە زۆربەیان ئەنجامی داوکەوتوویی کۆمەڵ و بیروباوەڕ و نەریتی کۆنەپەرستانەی باو تووشی نوشستی و خەم و خەفەت دەبن.

جا ئەوە بوو من لەوەپێشتر لە ژێر سەرباسی "ڕەنگدانەوەیەکی گەش"دا، لەگەڵ هێنانەوەی گەلێ نموونەی بەرهەمی چیرۆکنووسەکان، ئەم ڕووە ڕووناك و بایەخدارەم دەرخست و بە درێژی لێی دوام و ئەوەم سەلماند کە چیرۆکی ئەو ساڵانە کە ساڵانی بەهێز بوون و هەڵچوون و دوا تەقینەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی بوو بە ڕووی ڕژێمی پاشایەتی کۆنەپەرستدا، بەم بارەدا دەبێ هەردەم شانازی پێوە بکرێ. لەبەرئەوە لێرەدا بە پێویستم نەزانی جارێکی تر نموونە بهێنمەوە و ئەوانەی لەوێدا ئیشارەتم پێ داون دووپتیان بکەمەوە.

***

بێگومان کەسانی هەر چیرۆکێك لە بنچینەدا نموونەی هەر ئەو کەسانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەڵدەسووڕێن. بەڵام هەر چیرۆکنووسێك دەبێ لەم بارەیەوە بەر لە هەرشتێك ئەو ڕاستییە سەرەتایی پێ بزانێ و بچێتە بنجوبناوانییەوە، کە کەسان لە

ژیاندا بە ملیۆنەهان و هەڵبژاردنی نموونە بە دانسقەیە. چونکە ئەو هەرچەندە لەوە بەئاگایە کە ئەو ملیۆنەهایە هەر وەختێ مەسەلە دێتە سەر ئەوەی دەسبداتە قەڵەم و بییەوێ چیرۆکێك بنووسێ، وەك هەویرن بە دەستییەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ لەوەش بەئاگا بێ کە ئەو لە چیرۆکێکا یا لە ڕۆمانێکدا، ماوەی نواندن و هەڵسووڕاندنی تەنیا چەندانێکی لەوانە هەیە، کە ئینجا ئەوسا دەبنەوە نوێنەر یا ئاوێنەی ملیۆنەهاکە.

لە سەرنج لێدانی یەکەمدا ڕاستییەکە وەها خۆی دەخاتە ڕوو، کە ئەمە ئەوی ڕاستی بێ پلەی یەکەمە بۆ تێگەیشتنی. ئەگینا ئەگەر باشتر تێدا قووڵ ببینەوە، گەلێ لقوپۆپی لێ دەبێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە با ئەم دوو پرسیارە بکەین: یەکەمیان ئاخۆ هیچ کەسێك کوتومت و پڕ بە پڕ لە کەسێکی تر دەچێ؟. وەڵام: نەخێر!.. دوور نەڕۆین و هەر لە کۆڕی هونەری چیرۆکنووسین خۆیدا بەڵگە بینینەوە. با سەرنج بدەینە ئەو هەزاران کەسە دانسقانەی ناو هەزاران چیرۆك و ڕۆمانی سەدان چیرۆکنووس... هەژار، جەنگاوەر، نەخۆش، دز، دڵدار پیسکە، تێکۆشەر، ترسنۆك، ئازا، داوێنپیس، دڵپاك، پیاوکوژ...هتد، کە هەر یەکە لەمانە لای چەندین چیرۆکنووس کراوەتە کەسی هەڵبژاردەی دانسقە لە بەرهەمەکانیاندا و بگرە هەر یەکەیان تەنانەت لای یەك چیرۆکنووسیش چەندین جار دووپات کراونەتەوە. کەچی هیچ کامێك لەوانە نە لە دوو بەرهەمی دوو چیرۆکنووسدا و نە لە دوو بەرهەمی تەنانەت یەك چیرۆکنووسیشدا، کوتومت و پڕبەپڕی یەکتر نەنوێنراون و هەڵنەسووڕێنراون. بۆچی؟. چونکە هیچ هەژارێك «وەك مرۆڤێکی تاکی خاوەن جیهانی جەنجاڵی تایبەتی ناوەوەی خۆی»، کوتومت لە هیچ هەژارێکی تر ناچێ. هەروەها هیچ جەنگاوەرێکیش.. هیچ نەخۆشێکیش... هتد. لێرەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەرچی ڕاستییەکە بە دیوی دەرەوەیدا، وەها دەنوێنێ کە پێنج کەسی هەژاری بە دانسقە هەڵبژێراوی ناو چیرۆکێك دەبنە نوێنەر یا نموونەی پێنج هەزار، یا پێنج سەد هەزار هەژاری تر، بەڵام بەدیوی ناوەوەیدا تەنیا پێنج کەسی هەژارن و لە هیچ پێنج هەژارێکی تر ناچن، چونکە هەر یەکەیان خاوەنی قەوارەی ناوەوەی جیاواز و تایبەتی خۆیەتی کە نەخشەکەی حەشاری ناو پێچوپەناکانی بوونی مێژووییەتی.

پرسیاری دووەم: ئاخۆ لە ژیاندا، کەسان پێوەندییان تەنیا لەگەڵکەسانی تردا هەیە؟ هەرگیز نەء!.. چونکە مرۆڤ چەندە پێوەندیی لەگەڵ مرۆڤی تردا هەیە، هێندەش لەگەڵ گیاندار و بێگانەکانی دەوروپشتیدا هەیەتی، لە ئاژەڵ و ڕووەك و خاك و خۆڵ کە ئەو

لە ناویاندا بووەتە سەروەرو بە هەست و بیر و هۆشی باڵا و پێشکەوتووی، توانیوێتی بە سەریاندا زاڵ ببێ و جڵەوی ئەو پێوەندییەی لەگەڵیاندا بگرێتە دەستی خۆی. ئەگەرچی تا ئێستاش لە زۆر جارا لە دەستی دەردەچێ، وەك ئەوەی لافاوێك هەڵسێ!.. یا ملیارەها مێروو لە ئەنجامی هەر هۆیەك بێ، هێرش بەرنە سەر دێیەكی دە-پازدەماڵی... هتد.

سا كەسانی چیرۆكی ئەم پلەیەمان بەگشتی، لەم دوو ڕووەوە ڕووكەشی مامەلەیان لەگەڵدا كراوە و ساكارانە نوێنراون، كە ئەوە لە ڕووی هونەرییەوە لە هەڵبژاردنی كەسان چۆنیەتی هەڵسووڕاندنیاندا، بووەتە هۆی گەلێ هەڵە و كەموكووڕی و منیش وا لێرەدا بەتایبەتی تەقەلای ئەوە دەدەم، دەستیان بخەمە سەر و لێیان بدوێم.

ئەوی ڕاستی بێ، جەمسەری ڕەگوڕیشەی زۆربەی ئەو هەڵە و كەموكووڕییانە، دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەسەلەی سەرەكی: یەكەمیان ڕێكەوت، یا قەزاوقەدەر كە بەردەوام كەسانی چیرۆكەكان دەكەنە داشی دامە و دەیاندەنە دەم شەپۆلی زنجیرەیەك كارەساتی كوتوپڕ و لە ناكاوی یەك لە دوای یەك، كە بەمە ئەو كەسانە لە ئیرادەی خۆیان دەكەون و دەبنە پەڕی دەم ڕەشەبا. دووەمیشیان: كەڵەكەكردنی دەرد و سزا و مەینەتی و كوێرەوەری و ئێش و ئازار بەبێ حساب و بە زنجیرەیەكی لەبن نەهاتووی ئەڵقە بەدەم ئەڵقەوە، لەسەر شان و كۆڵی ئەو كەسانە و بێگومان لە ئەنجامی ئەو ڕێكەوت و قەزاوقەدەرانەدا كە لە بەندی پێشوودا ئیشارەتمان پێ دان.

نموونە بۆ یەكەمیان: لای عەبدوڵا میدیا لە "تاوانی چی بوو"دا(٦٣)، دەبێ "پیرۆز" هەر دوای شووكردنی بە ساڵێك مێردەكەی قەزاوقەدەر مار پێوەی بدا و بمرێ و بە سەریدا منداڵێكیشی ببێ و بڕیاریش بدا لەگەڵ منداڵەكەیدا ئاواییی مەڵبەندی باووباپیران و ناو خزم و كەسوكار جێ بێڵێ و ڕوو بكاتە شار!... كە بێگومان هەر زوو سەبارەت بەم بڕیارەی دەپرسرێ: «نازانین كە پیرۆز منداڵەكەی دەبێ، بۆ خولیای شار دەكەوێتە سەری؟.»(٦٤).

لای ئەمین میرزا كەریم لە "دز"دا، دەبێ: ١-خاوەن ماڵ بەخەبەر بێن و دزەكە بگرن. ٢- یەكێك ببێ بە پارێزەری دزەكە كە برادەری دزی لێكراو بێت. ٣- دز لە هۆڵی

---

(٦٣) ژین- ژمارە ١٢٥٦- ساڵی ١٩٥٥.

(٦٤) موحەڕەم محەمەد ئەمین- ژین ژمارە ١٣٩٢- ساڵی ١٩٥٨.

دادگەدا و لەناو قەفەزەکەدا بەلادا بێت و بمرێ. ٤– هەر لەو ساتەدا دوو منداڵی دزەکە خۆیان بکەن بە هۆڵی دادگەدا و دەس بکەنە باوکەڕۆ.

لای موحەڕەم محەمەد ئەمین لە "گردی شەهیدان"دا، دەبێ کوڕێکی گەنج بە پیاسە بچێ بۆ سەر گردەکە. ڕێکەوتی پیرێژنێك بکا کە لەسەر گۆڕێك دەلاوێنێتەوە. بکەونە گفتوگۆ. پیرێژن داوا لە کوڕەکە بکا بیبات بۆ لای باوکی و لەوێ ئاشکرا ببێ کە ئەو کوڕە کوڕی پیرێژنە.

لای جەمال بابان لە «پەڵە هەورێکی چڵکن– ١٩٥٨»دا دەبێ خاوەر کە لافاو هەڵمەتە بێ ئامانەکەی هێنانە سەر، وەك ئەوانی تر ڕانەکاتە سەربان و بگرە بەپێچەوانەوە بۆ ڕزگارکردنی خۆی و ساواکەی بەرەو کۆڵان «واتە بەرەو گەرووی مەرگ» هەڵبێت. هەروەکو لەولای تریشەوە مێردەکەی لە ڕاکردن و پەلەقاژەکردنیدا تا خۆی بگەیەنێتەوەماڵەوە، دەبێ لاشەی یەکێ لە دوو مناڵەکەی تری بەدەم شەپۆڵی لافاوەکەوە ببینێ. هەروەها مستەفا ساڵح کەریمیش لە "کوا کوڕەکەم"دا[٦٥]، ئەو منداڵەی لە ژێر داروپەردووی خانووە ڕووخاوەکەدا ڕزگاری دەکا، دەبێ منداڵی دراوسێکەیان بێ و کوڕەکەی خۆی نەبێ.

هەر بەبۆنەی کارەساتی لافاوەوە، "لافاوی گوندێك نەك شاری سلێمانی" لای محەمەد مەولوودیش لە "ئەگەڕێتەوە"دا، دەبێ لاوێکی خەڵکی گوندەکە بچێ بۆ ڕاو. لافاوێك هەڵسێ. لاوەکە ببێتە نێچیری. لاشەکەشی ڕامالێتەوە قەراغ گوند. مامەند و مارفی برادەری لاشەکەی ببینن. کفنودفنی کەن و دایکە پێ نەزانێ. ساڵەها تێ پەڕێت و دایکە هەر بە تەمای گەڕانەوەی "شۆڕۆ"ی کوڕی بێ.

لای جەمال بابان لە «پەڵە هەورێکی چڵکن– ١٩٥٨»دا دەبێ خاوەر هەرچی پیاو لە ئاواییدا هەیە بماشرێنەوە.. بۆ شار و فڕێ بدرێنە بەندیخانەوە و تەنیا شوانەکە بمێنێتەوە. دەبێ ئەویش نەخۆش بکەوێ و بمرێ و ژنان کفنودفنکردنیان لێ ببێتە گیروگرفتێکی گەورە. ئینجا کە ژنێکی سەرەیان بیری بۆ ئەوەی دەچێ، بۆ چارەسەر هاوار برێتە بەر گوندێکی نزیکیان، هەمدیسان دەبێ تەنیا "یەك" پیاوی دەسکەوێ و بێت بەهاوارییەوە.

بێگومان ئەگەر بمانەوێ بدەین بە دەمییەوە، دەتوانین چەندین نموونەی تر، چ لای

---

(٦٥) کۆواری هیوا– ژمارە ٥– ساڵی ١.

چەندین چیرۆکنووسی تری ئەو ساڵانەمان و چ لە بەرهەمەکانی تری ئەو چیرۆکنووسانەدا کە ناومان بردن بهێنینەوە.

نموونە بۆ دووەمیشیان: لای عەبدوڵا میدیا لە "پێناوی نانا"، جووتیارێك ئاغای دەرەبەگ بە خێزانەوە لە ئاوایی دەری دەکا. لە هیچ دێیەکی تریش جێیان ناکرێتەوە و کەس داڵدەیان نادا. ژن و منداڵەکەی سەرما و برسێتی دەیانکوژێ. ئەویش سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا. دەچێتە شارێك بێ ئەوەی بزانێ کوێیە. تێکەڵی خۆنیشاندانێك دەبێ کە هاواری نان دەکەن بۆ برسییەکان. دەگیرێ.. ئازار دەردێ دەمرێ.

لای مستەفا کەریم لە «بریا نەهاتیتایەوە»دا(٦٦) کوێخای ئاوایی ڕازی نابێ کچەکەی بدا بەشوو بە دڵدارەکەی. دڵدار لە داخا لەگەڵ برادەرێکیا دەچن دەبن بە سەربازی "لیوی" لە حەبانیە. دوای دوو ساڵ فیرار دەکەن و دەگەڕێنەوە. کوڕە بە یاریدەی برادەرەکەی کچی کوێخا هەڵدەگرێ و سێ قوڵی ڕوو دەکەنە شاخ. دارستانی شاخ ئاگری تێ بەردەبێ و هەرسێکیان ئاگر ئابڵوقەیان دەدا و دەیانکوژێ کە دەبێ بپرسین: «ئاخۆ چۆن دەستی "ڕێکەوت" لەم ڕۆژەدا زێڕین و سوارە و بایزی هاوڕێی پێکەوە کۆکردەوە، تا مەرگەساتی دولبەر و دڵداری بەشێوەیەکی ڕۆمانتیکی سەیر ببێتە ئەنجام»(٦٧).

مەحموود ئەحمەد لە "خەزان"دا(٦٨)، ژیانی پڕ لە شادمانیی "بەختیار" بە مراندنی ژنەکەی دەشێوێنێ و لەگەڵ تاقە کوڕەکەیدا تەنیا دەمێننەوە. دوای ماوەیەك باوك ناچار ژن دێنێتەوە و بەپێچەوانەی ئەوەوەی کە باوە کوڕە و باوەژن دەبنە دایك و کوڕێکی ڕاستەقینە. خەڵکەکە دەیکەنە مقۆمقۆ. باوکە دەبیسێتەوە. دەکەوێتە گومانەوە. تا بە چاوی خۆشی دەبینێ «کوڕە دەستی خستووەتە سەر شانی دایکی و قسەی لەگەڵ دەکا». گومانی لێ دەبێ بە یەقین . بە بیانوویەك دەیبا بۆ "شەقڵاوە" و لەوێ دەیکوژێ.

بەم بۆنەیەوە سەرنجم دا پێوەندیی نێوان کوڕ و باوك لای مەحموود ئەحمەد، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە و لە هەموو چیرۆکەکانیدا "جگە لە جوان" دووپات

(٦٦) کۆواری هیوا- ژمارە ٣، ساڵی ١٩٥٧.

(٦٧) عەبدولڕەزاق بیمار- هیوا ژمارە ٣٢، ١٩٦١.

(٦٨) ژین- ژمارە- ١٤٥٢- ١٩٥٩.

دەبێتەوە. لە "بەسەرهاتی باوك"دا باوك ئاغایەكی دەرەبەگی زۆردارە. كوڕە "كە خۆی لە چیرۆكەكەدا" بووە بە باوك و بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە"، بەزەیی بەجووتیارە چەوساوەكانا دێتەوە و پشتیان دەگرێ و لۆمەی باوكی دەكا. باوكە لێی تووڕە دەبێ بە گژیدا دەچێ. ئەوسا بەینیان تەواو تێك دەچێ. كوڕە ئاوایی جێ دێڵێ، دەچێتە ڕیزی تێكۆشانەوە و تووشی گرتن و دەربەدەری دەبێ. یا لە "جوامێریی سالار"(٧٠)، باوكە پارەپەرست و پیسكە و چاوچنۆكە و كوڕە بەپێچەوانەوە. تا كار وای لێ دێ باوك دەری دەكا و ئەویش سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا، یا لە "باخەوان"دا(٧١)، كوڕە دایكی دەمرێ. باوك ژن دێنێتەوە و بەو كارەی كوڕە دەخاتە وەزعێكی دەروونیی سەختەوە و لە ئەنجامیدا تووشی گۆشەگیری و تەریكی دەبێ. سا تۆ بڵێی ئەم حاڵەتە هیچ پێوەندییەكی هەبێ بە ژیانی چیرۆكنووس خۆیەوە؟.

لای محەمەد ساڵح سەعید لە "كاروانی"دا، بە درێژاییی لاپەڕەكانی چیرۆكەكە دەرد و سزا و مەینەتی لەسەر شانی شیرین و نەژاد و شاشوار و هوشیار كە چوار كەسی سەرەكیێ، كەڵەكە دەكرێ و لە ئەنجامدا سێ كەسی یەكەم بە كوشتن كۆتاییان دێت.

لای جەمال بابان لە «پەڵە هەورێكی چڵكن»دا، دەبێ سەرباری ئەو ژیانە كولەمەرگییەی حەمە سوور و خێزانەكەی، كارەساتی لافاوەكەش "سلێمانی- ١٩٥٧" بەتایبەتی بەبن دەستی ئەوانەوە بنووسێ.. دایكە و دوو منداڵی بەرەو گەرووی مردن ڕاماڵێ و حەمە سوور و منداڵێكی بۆ جەخار بهێڵێتەوە.

لای موحەڕەم محەمەد ئەمین لە "مام هۆمەر"دا جەمال نەبەز لە "لالۆ كەریم"دا، دەبێ هەردوو چیرۆكنووس چەندە تین و توانای دروستكردنی شێوەی دەرد و سزا و مەینەتی لە مێشكیاندا هەیە، بیخەنە كار بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترنیان لە كۆڵی مام هومەر و لالۆ كەریم بار بكەن و وایان لێ بكەن بەردەوام «واتە بە درێژاییی لاپەڕەكانی هەردوو چیرۆكەكە» لە ژێر قورساییماندا بناڵێنن.

***

لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی ئەو ساڵانەمان، لە هەڵبژاردنی كەسان و چۆنیەتی هەڵسووڕاندنیاندا، گەلێ نموونەی گەش و سەركەوتووی تێدا بەدی دەكرێ. لەوانە

(٧٠) هەتاو- ژمارە ١٩٥٧ ساڵی ١٩٥٩.
(٧١) ژین- ژمارە ١٤٥٣، ساڵی ١٩٥٩.

هەرسێ برادەر، «حەمەوەیس و مچەلەرزانە و چیرۆکگێڕەوە»ی "سەیرانێك لە ئەزمڕ"ی مەحەڕەم محەمەد ئەمین، کە سێ مرۆڤی نەفرەت لێکراو "منبوذ"ی ناو کۆمەڵن و تا ئەو تەمەنەیان نەبوونەتە خاوەنی پیشە و ئیشوکارێکی هەمیشەیی ئەوتۆ کە ئۆقرەی لەسەر بگرن و ئاسایی پێ بژین. بگرە بەشیان بەردەوام نەبوونی و بێ بەشی و دەردی سەری بووە و ڕەنگە هەرسێکیان وەك چۆن حەمەوەیسیان «.. لەبەر دزینی جووتێك پۆستاڵی سەربازێك دوو مانگ بەند کراوە»(٧٢)، جارەها لەسەر ئەم بابەتە ڕەفتارە تووشی گرتن و بەندکردن بووبن. بۆیە ئەوانیش لە ئاستی کۆمەڵێکدا کە ئاوەها مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا، ئیدامە بە بەلەسەبوون و کەمتەرخەمیی خۆیان دەدەن و لە نێوانی ڕەوشت و کردار و هەڵسوکەوتی پڕ لە گاڵتە پێهاتن و تیروتوانجیانەوە، مۆری ناعەدالەتی دەنێن بە ڕووی کۆمەڵەکەیانەوە و تاوان و کۆناهەکانیان دەدەنەوە بە ڕووی خۆیدا. چیرۆکنووس هەونەرمەندانە لە هەڵسووڕاندنی ئەو کەسانەی چیرۆکەکەیدا دەمانگەیەنێت بەم مەغزایە. ئەگینا بە سەرزاری بریتین لە تەنیا سێ مرۆڤی هاوڕێی یەکتر و بە بۆنەی بەربوونی یەکێکیانەوە لە بەندیخانە، دەچن بۆ سەیرانێك لە ئەزمڕ کە ئەگەر ئەو وەستاییەی تێدا بەکار نەهێنرایە، ڕەنگە ببوایەتە پەخشانێك و وەسفی سەیرانێکمان بۆ بکا.

یا "ئازاد لە کارمان دەوێت"ی محەمەد مەولوودا، کە بە تێهەڵکێشکردنێکی هونەرمەندانەی کارەساتی ڕابردووی ژیانی لەگەڵ ئێستایدا لە ڕێگەی مۆلۆلۆجی ناوەخۆوە، نەشونما دەکات و ئەنجامی ئەو دەردی بێ کارییەی بەردەوام سواری کۆڵی بووە و سزا و ئازاری دەردی هەژاری و نەبوونی پێ دەنۆشێ، دەگاتە ڕادەی تەقینەوە و بەگژچوونی ڕژێمی چەوساندنەوە.

یا چیرۆکگێڕەوە "ڕاوی" لە "هەڵفریواندن"ی(٧٣) "ژیل"دا، کە ئەویش هەر هونەرمەندانە و هەر ڕێگەی مۆلۆلۆجی ناوەخۆوە، باسی لە وەزعی ئایدیۆلۆجیی ئاڵۆزی مرۆڤێك دەکا کە هەر خۆی لە سەرەتاوە دەڵێ: «من.. خۆم.. کەوتوومەتە بۆشاییەوە. هاوڕێکانی جارانم لە دوو لاجێی خۆیان کردووەتەوە. دەستەیەکیان کەوتوونە دووی "بڕوا" و جڵەوبەدەسن... دەستەکەی تریشیان کەوتوونە دووی

---

(٧٢) گۆمی شڵەقاو- لاپەڕە ٢١.

(٧٣) ژین- ژمارە ١٣٧٠، ساڵی ١٩٥٧.

″گوزەران″ و جڵەوبەدەستن و بوون بە خاوەنی پایە و ڕابواردنێکی بێ گرێ لەم دنیا فراوانە پڕ ئاژاوەیەدا». هەروەکو دوای ئەوە، سەبارەت بە خەڵکەکەی تریش دەڵێ: «ئەو زۆربەی خەڵکەی کە دوێنێی ڕەشی وەك پەردەی سینەما و کردەوەی جەرگبڕی وەك هەڵەیەك و تاوانی وەك تفەنگێکی لە دەس دەرچوو دێتە بەرچاو».

واتە لە نێوانی هاوڕێکانی جارانی و خەڵکەکەدا ئەم ڕاماوە!.. باسەکە لە مێشکیا ئاڵۆزە!.. بۆیە بیر دەکاتەوە. ئەم لە لای خۆیەوە چی بکا باشە؟ یەکێك لەو سێ ڕیزە هەڵبژێرێ؟ لە ناخدا هیچیانی لا پەسەند نییە. کەواتە دەبێ تەقەلای دۆزینەوەی ڕێگەی تایبەتی خۆی بدا. سەرنج دەداتە دووکەڵی جگەرەکەی لێواری تەپڵەکەکەی بەردەمی. دەبینێ ڕاست بەرز دەبێتەوە، چونکە با لە هیچ لایەکەوە لێی نادا. لەگەڵ وەزعی خۆیدا بەراوردی دەکا. دەڵێ: «.. جا کەوابوو بۆچی من سەرنەکەوم؟. بۆچی بەرز نەبمەوە لە کاتێکا هیچ جۆرە بایەکی توندوتیژ و ڕێ لێگری خەڵکی ڕووم تێ نەکات؟ نە بای ″تۆڵە″. نە بای ″تەشەر″. نە بای ″قین″. نە بای ئەنجامی کردەوەکانی پێشووم».

بەڵام دەکەوێتە پرسیارکردن لە خۆی کە جۆری پرسیارەکان زیاتر گومان دەردەبڕن نەك باوەڕپێتەوی بە سەرکەوتن و بەرزبوونەوەی چەشنی دووکەڵەکە. ئەوسا.. «.. لە پڕ هەڵسایە سەرپێ، هەموو جەستەی هاتە لەرزین و کەوتە لێوکرۆشتن. هەردوو دەستی نایە هەردوو لاجەنگی دانیشتەوە...». واتە لە ناخیا مەسەلەکەی لا گیشتە پۆپەی ئاڵۆزی و جەنجاڵی. دوادێری چیرۆکەکە بەوە کۆتایی دێت کە هەردوو پەنجەی ئەچزێ بە ئاگری جگەرەکەیدا و کە بەوە چیرۆکنووس ئەو هەژاندن و خۆخواردنەوە و گرفتە دەروونییەی دەقرتێنێ، بێ ئەوەی بە هیچ ئەنجامێك یا بڕیارێکی بگەیەنێ و دەبێ هەر بەردەوام بێ لە گەڕاندا بە دوای ئەو ڕێگە تایبەتییەدا کە وێڵێتی.

ئەم شەخسیەتە ئەوی ڕاستی بێ، نموونەیەکی زۆر گەش و پرشنگدارە لە ڕیزی ئەو هەوڵانەدا کە دراون بۆ چوونە ناو دەروونی کەسانی چیرۆك لەو سەردەمەدا و نواندنیان بەدیوی ناوەوەدا، لە حاڵەتی خۆخواردنەوە و ژانگرتنی دەروونیدا.

یا ″حەمەسوور و خێزانەکەی″ لە «پەڵە هەورێکی چڵکن»ی جەمال باباندا کە بە وردی زۆر لە نزیکەوە وەك خێزانێکی هەژاری زەحمەتکێش، ژیانی ڕۆژانەیان دەنوێنرێ، بەتایبەتی کە پێوەندیی پاك و خاوێن و پرسۆزی مرۆڤایەتی چ نێوان

حەمەسوور خاوەری ژنی و منداڵەکانیان و چ نێوان خێزانی حەمەسوور و خێزانی مەلا و خێزانی پیرێژنی دەچێتە پاڵ کە ئەمانیش دوو خێزانی هەژاری ترن و پێکەوە لە یەك خانوودا دەژین. من باوەڕم وایە کە چیرۆکەکە ئەگەر لەلایەنەکانی تردا تووشی ئەو هەڵە و کەموکووڕتییانە نەبوایە کە تووشیان بووە، ئەم ڕووە گەشەی ئیشارەتمان پێ دا دەیگەیاندە ڕیزی چیرۆکە سەرکەوتووەکانمان.

## ٣- لە وردەکایدا

داخۆ لێرەدا مەبەستمان لە وردەکاری چییە؟. مەبەستمان لە هەموو ئەو مەرجانەی ترە کە لە ڕووی هونەرییەوە بەرهەمەکە دەڕازێنەوە و تام و بۆی کاریگەریی تایبەتیی خۆی دەدەنێ و خوێنەر هۆگری خوێندنەوەی تاسەری دەکەن. بێگومان پوختیی زمان و کاریگەریی گفتوگۆ و قووڵبوونەوە بە ناخی کەساندا بۆ دەربڕینی هەست و نەست و نهێنییەکانی ژیانیان و ئینجا هەڵبژاردنی باری هەرە گونجاو و بەهێز لە نواندنی باسدا و جۆری تێهەڵکێشکردنی لقوپۆپەکانی و ڕیزکردن و بەیەکادانیان و چۆنیەتی گەیاندنیان بە ئامانجی سەرەکی نووسەر و کۆتایی پێهێنانیان لە ئاستێکدا و بەشێوەیەك کە دوا برووسکە بدا لە بیر و هۆشی خوێنەر و بیخاتە ناو گێژەنەی چەند ساتێکی "با بڵێین ئەفسانـاوی!" وەهاوە باوەڕ بەوە بێنێ کە ئەو بەخوێندنەوەی ئەو چیرۆکە، نهێنییەکی ناو ناخی خۆی یا دەرەوەی لا ئاشکرا بووە و ئەنجامێکیشی لێ دەست دەکەوێ. ئەمانە هەموو ئەو وردەکارییە پێك دەهێنن کە مەبەستمانە و کە دەبنە نیشانەی هەم بەهرەداری و وەستایی و هەم شێوەی تایبەتی و جیاوازی هەر چیرۆکنووسێك لە ڕووی هونەرییەوە.

چیرۆکی ئەو ساڵانەمان، لەم لایەنەوە زیاتر لە هەر لایەنێکی تر هەڵە و کەموکووڕیی زەقی تێدایە، کە بوونەتە هۆی لاوازی شکستی زۆر بەرهەمی سەرکەوتوو لە ناوەڕۆکدا.

مستەفا ساڵح کەریم لە "کوا کوڕەکەم"دا، "دارا"ی مێرد کە لە خەستەخانە کەوتووە، لە وەرامی پرسیارێکی ژنەکەیدا دەڵێ: «شوکرانەی خوا بکە گیانەکەم.. چونکە من نەمدەتوانی هیچی تر بکەم ئەوە نەبێ کە کردم.. کە بە پرتاو هاتمەوە و قەڵەباڵغێم لە بەردەرگە و کۆڵانا دی و کە دیم تۆ دەقیژێنی و خۆت دەرنیتەوە و... هتد»، ئیتر دەدا بە دەمیەوە و دەکەوێتە گێڕانەوەی چۆنیەتی هەڵمەتبردنی بۆ ژوورەوە و باوەشکردنی بە

″سزا″ی کوردیدا و هەرسهێنانی خانووەکە و بوونی بە ژێر داروپەردەوەوە و... هتد. بەڵام سەرنج بدەن.. ئایا دارا ئەم حەکەیاتە بۆ کێ دەگێڕێتەوە؟ بێگومان بۆ ژنەکەی کە کارەساتەکە بە بەرچاوییەوە ڕووی داوە و ئاگای لە هەموو ئەم لایەنانەی هەیە و گێڕانەوەیان بۆ ئەو هیچ شتێکی نەبیسراو و نەبینراو نابەخشێ. ئەگەر چیرۆکنووس بهاتایە و بەدیوی ناوەوەدا، واتە دیوی هەست و نەستی هەژاو و سۆز و بۆ سووتانی باوکێتی ئەو ساتانەی دارای بۆ ژنەکەی دەربڕیایە کە ئاشکرایە ئەو وەك دارا خۆی لێیان بە ئاگا نەبووە «هەرچەندە ئەویش دایکی سزا بێ»، ئەوا چیرۆکەکە لەم مەسەلەیەدا «دەڵێم لەم مەسەلەیەدا»، تووشی ئەو هەڵە هونەرییە ″منطقی″یە نەدەبوو. بەڵام هەڵەکە چۆن ڕووی داوە؟ ئاشکرایە چیرۆکنووس لەو شوێنەدا، پێویستی بە لە ڕووخستنی چۆنیەتی ڕوودانی کارەساتەکەی دارا و سزای کوڕی بووە کە لە چیرۆکەکەدا لەوێدا ساتی گێڕانەوەی پێ گەیشتووە و بەڵام نەیتوانیوە باری گونجاوی خۆی بۆ بدۆزێتەوە، وەك ئەوەی سووك و ئاسان ژنەکەی بەسەر ئەوەدا بچێ کە ئەو کارەساتەکە بۆ برادەرێکی.. برینپێچێکی خەستەخانە یا دوکتۆرێك.. یا هەر کەسێکی وەها بگێڕێتەوە و ژنەکەی تەنیا گوێ بگرێ و ئینجا ئەوسا چیرۆکەکە هەر بەو شێوەیەی نوسراوە بەردەوام بێ.

جەمال بابان لە «پەڵە هەورێکی چڵکن»دا، تووشی ڕستێك هەڵە و ناتەواویی هونەری بووە. لەوانە:

١– بەشی یەکەمی ″شاری سلێمانی″ کە باسی جوگرافیا و مێژووی شارەکە دەکا، بەزۆر لکێنراوە بە چیرۆکەکەوە و لە ڕووی هونەرییەوە سپڵی لاورگە.

٢– کە باسی منداڵیی حەمەسوور و ڕەوشت و کرداری ئەوسا و حاڵی حازری دەکا، بەو ئەنجامەی دەگەیەنێ کە تووشی ″گرێی نەفسی″بووە. قەیناکا.. تا ئێرە بە هەرجا. بەڵام لە ناکاو وەك لە بیری چووبێتەوە کە ئەو چیرۆك دەنووسێ نەك وتار، دێت بە چەند دێرێك تاریفی گرێی نەفسی دەکات و بۆمانی لێکدەداتەوە کە مانای چییە.

٣– خاوەری ژنی حەمەسوور شەوی پێش کارەساتی لافاوەکە، خەوێکی ئەوتۆ دەبینێ کە ئێمە ئیتر لەو ساتەوە پێ دەزانین ڕۆژی دوایی چی ڕوو دەدا ئیتر لە ڕووی هونەرییەوە درێژەپێدانی لاپەڕەکانی چیرۆکەکە ″بە نووسین″ دەبێتە کارێکی

بێهوودە.

٤- سەلە و مەجە و پوور ئامین و مەلاژن هەر کە هەستیان بە مەترسی کرد لە لافاوەکە، پەیژەیان دانا و ڕایان کردە سەربان. بگرە پەلاماری بەهێ و ئاشنای خاوەریشیان دا و لەگەڵ خۆیان ڕایان فڕاندن و تەنانەت تەقەلایان دا ڕۆشناشی لە باوەش ڕاپسکێنن و خۆشی ڕاکێش بکەنە سەربان، کەچی بێ سوود بوو... نە ڕۆشنای دانێ و نەخۆشی چوو!.. ئەمە لە کاتێکدا کە لەو ساتانەدا خەوەکەشی هاتبووەوە بیر و لەوان زیاتر زارەترەك بووبوو. ئایا بۆچی نەچوو؟ بێگومان چیرۆکنووس سووك و ئاسان لە وەڵامدا دەڵێ: چونکە شڵەژا بوو!... ئادەمیزادیش لە ساتی شڵەژاویدا، لە ئاستی قەزاوقەدەردا دەبێتە سیپاڵێکی بێ ئیرادە و دەستەمۆی چارەنووسی ئەو ساتەی خۆی!. دیارە ئەمە تارادەیەك ڕاستی تێدایە. بەڵام کە باس دێنینە سەر ئەو چوارچێوە هونەرییەی کە جەمال بابان ویستوویێتی ئەم ڕاستییەی تێدا دەرببڕێ، دەگەین بەو ئەنجامەی بڵێین: ئەو تەنیا ڕووکەشی دەستی بەسەریا ڕۆیشتووە و هەرگیز نەیتوانیوە پێمانی بسەلمێنێ. چونکە ڕەخنەگر و لەگەڵیشیا خوێنەر، لە وەڵامی پرسیارەکەدا «ئایا بۆچی نەچوو؟» دەڵێن: بۆ ئەوەی نووسەر بیکاتە پەیژەیەك و قورسایی بەسەرهاتی چیرۆکەکەی پیا سەرخات و بیگەیەنێتە پۆپەی دراماتیکی. ئەگینا ئەگەر ئەویش لەگەڵ ئەوانی تردا بچووایەتە سەربان، کارەساتە جەرگبڕکە ڕووی نەدەدا.. یا هەر هیچ نەبێ بەو شێوەیە ڕووی نەدەدا و نووسەر دەبوو چیرۆکەکەی بە بارێکی تردا بشکانایەتەوە.

٥- بە ڕای من چیرۆکە لەگەڵ کۆتایی هاتنی چاپتەری ژمارە (١٢-ل ٧٧)دا، لە ڕووی هونەرییەوە ئاسایی کۆتایی دێت و ئیتر ئەو شەش چاپتەری تری (١٣-١٨)، وەك یەکەم زیادەیە و بوونی و نەبوونیان وەك یەکە.

محەمەد ساڵح سەعید لە "کاروانی"دا، چەند جارێك خوێنەر دەخاتە حاڵەتی ڕامەنەوە لە ئاستی هەڵە و ناتەواوییە هونەرییەکانیدا. لەوانە:

١- دلێر هەر لە سەرەتاوە ئەو نهێنییە بۆ "ڕاوی"- چیرۆکنووس- ئاشکرایە دەکا کە شیرین حەزی لە نەژاد بووە و بە زۆر دراوە بەشوو بە هوشیار. ئەم کلیلە زۆر لە ناوەختدا دەدرێت بە خوێنەر و بۆی هەیە گلەیی لە نووسەر بکات.

٢– دلێر و "ڕاوی"– چیرۆکنووس، بۆچی دەبێ دوای گەڕانەوەیان لەشاییەکەی هوشیار و شیرین بەنۆ مانگ ئینجا یەکتری ببیننەوە؟ ئاشکرایە.. بۆ ئەوەی کارەساتە راماتیکییەکانی دوایی تر، تەواو تێ گەیشتبن و وەختی گێڕانەوەیان هاتبێت.

٣– هوشیار حەوت کەسی میوانە. «دلێر و چیرۆکنووسیش لە گەڵیاندا». شیرین چایان بۆ دێنێ. هوشیار هەست دەکا چایەکەی تامی ناخۆشە «!!»... دوایی... تومەز شیرین ژەهری بۆ تێ کردووە «!!»... پریاسکەی ژەهرەکە لە شەکردانەکەدا دەبینن «!!».

٤– هۆشیار هەر لە مەجلیسەکەدا شیرین تەلاق دەدا!. هەر دەسبەجێش یەکێ لە میوانە بانەییەکانی "دڵسۆز"ی خوشکی پێشکێش دەکا.

٥– دوای ئەو ڕستێك كارەساتی زل و قەبە ڕێچکەتێ دەپەڕن، کە هەریەکەیان چەندین نیشانەی سەرسوڕمان لە خۆی زیت دەکاتەوە!.

کاکەمەم بۆتانی لە «تاوانم چی بوو»دا و ئەمین میرزا کەریم لە "دز"دا، لەبەر نەشارەزاییيان لە ڕووی قانوونییەوە، کەوتوونەتە دوو هەڵەی زەقەوە. یەکەمیان لەوەدا کە "مدیری پۆلیس" بڕیار دەدا "بێوەژنی قاتیل" بە کەفالەت بەربدا و هەر خۆشی ببێتە کەفیلی!. دووەمیان لەوەدا کە دزەکە "تاوانبار" لە کاتی "تحقیق"دا سوێند بدرێ!. ئاشکرایە هەردوو کردەوەکە لە ڕووی قانوونییەوە هەڵەن و بەڵگەی نەشارەزایی هەردوو چیرۆکنووسن لەم لایەنەوە.

موحەڕەم محەمەد ئەمین لە مام هۆمەردا «لاپەڕە –١٨، ١٩»، گفتوگۆیەکی گەلێ لاواز و بە زۆر سەپێنراوی نێوان خەجەی ژنی مام هۆمەر و دوو لاوەکەمان دەخاتە پێش چاو و امان لێ دەکا بپرسین ئاخۆ خەجە بۆچی دەبێ هێندە گەمژە و گەڵحۆ بێ.

وەکی تریش ئەگەر باش سەرنج بدەینە هەر ئەو دوو لاپەڕەیە، گەلێ وردە هەڵە و ناتەواویی تەکنیکیمان دەکەوێتە پێش چاو، وەك تێکەڵ و پێکەڵێی گفتوگۆی کەسانی چیرۆك لەگەڵ قسەی نووسەر خۆیدا، یا لە نیشانەی قسەکردن و چوونە سەری دێر و تەواوکەرکردنی ڕستە... هتد، کە ئەمانە هەموو شتی زۆر سەرەتایین.

مەحموود ئەحمەد لە "جوان"دا سێ ناتەواوی زەق نیشان دەدا. یەکەمیان کە بە وتارێك پێشەکی باسی ژیانی لادێمان بۆ دەکات لە کوردستاندا. دووەمیان کە یەکە

یەکە و بەجیا هەر یەکە لە کەسانی چیرۆکەکە دەگرێت و باسیان دەکا. سێیەمیان کە لەوە بەدواوە چیرۆکەکە دەبێتە شانۆگەری.

عەبدوڵا میدیا لە "لافاو"دا(٧٤) خۆی خستووەتە غەفڵەتێکی هونەریی گەورەوە بەوەی وای دانـاوە کـە دەتـوانـێ بـە خـوێنـەری بسەلـمێنـێ گـوایـە دەشێ لافـاوێك لـە شاری سلێمانیدا ڕوو بدات و زەرەر و زیانێکی زۆری ئەوتۆش لە سەر و ماڵ بدات کە لە سەراپـای وڵات و لـە زۆر کـووچـەی جیـهـانیشدا دەنگ بـداتـەوە و کـەچی هـەواڵەکە نەگەیشتبێتە دێیەکی نزیکی شارەکە خۆی(٧٥).

ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو دەزانین لە ساڵی لافاوەکەدا بەتایبەتی ١٩٥٧، تەنانەت لە گۆشەگیرترین ئاوایشدا لەم وڵاتەدا، کە خەڵکی بە پەرۆشەوە بەدەم بیستنی هەواڵەوە دەچوون و ئەگەر یەکێك لە جووتیارەکان ڕادیۆ شڕێکی نەبوایە، مامۆستای قوتابخانە دەیـبـوو. ئـەویش نـەیبـووایە، ئـاغـا هـەر دەیبـوو. ئاشکراشە ئـەم غـەفڵـەتـە هـونـەرییـە چیرۆکەکە لە گرێژەنە دەبات و لە بناغەوە دەیلەقێنێ.

سەربـاری ئـەم جـۆرە هـەڵـە و نـاتـەواوییـانـە لـە وردەکـاریدا کـە نـموونـەیـان زۆرە، بابەتێکی تریش سەرنج ڕادەکێشێ کە تەواو جێگەی سەرسوڕمانە. ئەمیان لە دوو شێوەی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێ.

یـەکـەمیـان کـە دەیـەوێ چیـرۆك بکـاتـە فـەرهـەنگ بـۆ زمـان، بـەتـایـبـەتـی لـە ڕێگەی پـەراوێز لـێدانـەوە. بـۆ نـمـوونـە "لالـۆ کـەریـم"ی جـەمـال نـەبـەز، لـە ٧٢ لاپـەڕە ٣٦یـان پەراوێزیـان لـێ دراوە، کە تێیاندا هەیە پەراوێزەکە دوو بەشی لاپەڕەکەی داگیر کردووە. ئاشکرایە کە ئەمە لە ڕووی سایکۆلۆجێتی خوێندنەوەوە هەڵەیەکی هونەریی گەورەیە و دەکرێ. چونکە چیرۆکنووس بەو پەراوێز لێدانەی کە لە ناکاوێکا ژمارەیەك بەسەر وشەیەکەوە قوت دەکاتەوە، وەك ئەوە وایە درکێك بچەقێنێتە چاوی خوێنەری بێ چارە کە تا ئەو ساتە جڵەوی بۆ هەست و بیر و هۆشی خۆی شل کردبوو... ئاڵابووە ناخی باس و کەسانی چیرۆکەکە و لەگەڵ کارەساتەکاندا دەهەژا... کەچی هێزێك.. هێزێکی زاڵتر و کاریگەرتر.. هێزی ئەو ژمارەیەی نووسە لەسەر وشەکە قووتی کردبووەوە، بە پەلە چاوی پێ دەگوێزێتەوە بۆ پەراوێزەکە و دەکەوێتە خوێندنەوەی وەکو:

(٧٤) کۆواری هیوا- ژمارە ٥- ساڵی١.

(٧٥) مـوحـەڕەم مـحـەمـەد ئـەمـیـن لـە- ژیـن-ی ژمـارە- ١٣٩٢/١٩٥٨دا ئـەم هـەڵـەیـەی دەسنیشان کردووە.

«(١)- حەمامی جافی: لە هەندێ لادێی کوردستانا وا باوە لادێییەکان- بەتایبەتی دەستڕۆیشتووەکانیان- لە جۆرە حەمامێکا خۆیان دەشۆن پێی دەڵێن "حەمامی جافی". لە پێشارچیغێك دەگێڕن و جێ دەرگەیەکی بۆ دەهێڵنەوە بۆ هاتوچۆ. سەرەکەشی جاجمێکی گەورە و ئەستووری پیا دەدەن و دوو سێ بەرچیفی دەدەنە بەر تا وەك خێوەتی لێ دەکەن. پاش ئەوە گەڵا و گوڵ و پووشو و پەڵاشێکی زۆر دەهێنن و لە ناویا دەیسووتێنن بەوە گەرمی دەکەن. لە ژووریشەوە لە مەنجەڵی گەورە گەورەدا ئاو دەکوڵێنن و خۆیانی پێ دەشۆن. لە لادێکانی کەرکووکا ئەم ئیشە لە ژوورا دەکەن. پەیین و پشقلێکی زۆر دەخەنە ژوورەکەوە و ئاگری تێ بەر دەدەن تا گەرم دادەگەڕێ. ئەو حەلە دەس بە خۆشتن دەکەن. پێم وایە ئەم حەمامە لە جافەکانەوە داکەوتوو»(٧٦). دیارە خوێنەر بەمە دێتەوە سەر سفر. وەختێکیش دەس پێ دەکاتەوە و دەچێتەوە دۆخەکەی پێشووی، دڕکەکە جارێکی تریش و هەر لە ناکاوا دەچەقێنرێتەوە چاوی!. جەمال نەبەز لە "لالۆ کەریم"ەکەیدا ٣٦ جار خوێنەری بێ چارە بەم دەردە دەبا.

ئەم وەها!.. بەڵام خالد دلێر لە "کەوای نەکرای"دا ، لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ: «پێویستە هەر کەسێك حەز لە یەك یەتی زەبانی کوردی دەکا، نووسەرەکان هان بدا بۆ ئەوەی بەشێوەی جیا جیا نووسین بڵاو بکەنەوە هەتا زووتر زووبانێکی کوردیی یەکگرتوو بێتە کایەوە...» تا دەڵێ: «بۆ ئەو ئامانجە، ئامانجی یەکگرتنەوەی زووبانی کوردی، ئەوا من ئەم چیرۆکەم بەشێوەی "کۆیە" پێشکێشت کرد». ئینجا چیرۆکەکە بەم جۆرە دەس پێ دەکا: «سەری مانگ بوو دانیشتبووین بە دابەشکردنی معاشەکەمان "مووچە" خەریك بووین. ئەوەندەی بەقار "بەقاڵ". ئەوەندەی کرێی خانی "خانوو". هەندەی کووتارفرۆش. لەو عانەدا "لەو کاتەدا" یکەك "یەکێك" لە خێزانەکەمان گوتی "وتی"... هتد».

هەروەها ئەگەر سەرنج بدەینە بەرهەمی ئەو ساڵانە، دەبینین لە زۆر چیرۆکدا شوێن یا کەسان بە پیتی یەکەم ناو براوە. وەك ئەوەی بوترێ: «لەگەڵ مامۆستا-ك-دا دەچووین بۆ گوندی- ش-....». بێگومان ئەمەش وەك پەراوێز لێدانەکە لە رووی سایکۆلۆجێتی خوێندنەوەوە، دەبێتە گرێیەك لە هەست و هۆشی خوێنەردا و گومانی لا دەخاتە جێگەی ئەو یەقینە بەدەم خوێندنەوەی چیرۆکەکەوە سەبارەت بە کارەساتەکان لای دروست بووبوو.

---

(٧٦) لالۆ کەریم- لاپەڕە٣.

بەشی چوارەم

# سەرئەنجام

ئێستا، دوای ئەوەی هێندەی لە توانامدا بوو بە فراوانی شوێن پێی کاروانی چیرۆکی هونەریمانم لە سەرهەڵدانییەوە ١٩٢٥ تا کۆتاییی قۆناغی سێیەمی ١٩٦٠ هەڵگرت، بەچاکی دەزانم سەرئەنجامێکی پوختی ئەم لێکۆڵینەوەیەتان لە چەند لاپەڕەیەکدا پێشکێش بکەم، بەو نیازەی شێوازە گشتییەکانی هەرسێ پلەکەتان پێکەوە بە هەردوو باری ناوەڕۆك و شێوەدا بۆ دەسنیشان بکەم و بەکورتی بیخەمە بەرچاوتان.

## لە ناوەڕۆکدا

هەموو ئەو چیرۆکە کوردییانەی من بە درێژاییی هەرسێ پلەکە لە لێکۆڵینەوەکەمدا ناوم بردون، بریتین لە ١٢٦ چیرۆك کە پێم وایە ئەمە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی گشت ئەو ماوەیەن کە دەکاتە ٤٥ ساڵ و بگرە دەتوانم بڵێم ئەگەر هەندێك مابن بەردەستم نەکەوتبن، هێندە کەمن کە ڕەنگە لە ئاستی ئەم ژمارەیەدا نیسبەتێکی زۆر کەم پێك بهێنن. سا ئەگەر ئەمە وەهابێ و من بە هەڵە نەچووبم یا تووشی غەفڵەت نەبووبم، دروستکردنی لیستەیەك بۆ هەموو باس و خوازەکانی ئەو چیرۆکانە و ئەو ئامانجانەی بۆیان چوون و خەستکردنەوەیان لە چەند سەرئەنجامێکی سەرەکیدا، نابێتە کارێکی زەحمەت و گران.

سەرلیستە باسی زۆروجەور و ستەمکاریی ئاغا و دەرەبەگە خوێنمژەکانە، بەرامبەر جووتیارە زەحمەتکێشە هەژار و برسییەکان کە ساڵ دوانزەی مانگە بە خۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە ڕەنجیان دەدا و عارەقیان دەڕشت، کەچی لە ئەنجامدا «کردەی ئەوان

دەبوو، بردەی ئاغای دەرەبەگ» و سەربارێشی بە هەزار و یەك جۆری تر ئازار دەدران و دەرد و مەینەتی و تاڵاوی ژیانیان دەکرا بە قوڕگدا. بەڵام وەکی تر بەرامبەر بەم زۆروجەورە، دەستەوستان نەدەوەستان.. بگرە لە ڕوویدا هەڵدەگەڕانەوە و بەگژدا دەچوون. ئەگەرچی لە زۆربەی جارانیشدا لە ژێر زەبری دڕندەیەتی و خوێنڕێژیی دەرەبەگەکاندا، هێندەی تر تووشی شکستی و تێشکان دەبوون و بەوە چیرۆکنووس باسەکەی دەگەیاندە پۆپەی دراماییی و ژیانی ئەو کەسانەی هێندەی تر پڕ دەرد و سزا و سەرگەردانی دەکرد.

هەر ئەو باسەی پێشوو، مەسەلەی هیجرەتکردنی جووتیارانی لە لادێوە بۆ ناو شار لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناو چیرۆکمانەوە. چونکە لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەماندا کە لەم مەسەلەیە دواون، هۆی هیجرەتکردنی یان ڕاستتر وایە بڵێین هەڵاتنی ئەو جووتیارانەیان داوەتە پاڵ زوڵم و زۆر و پیاوخراپیی دەرەبەگەکان. بەڵام لەو ساتەوەی پێیان ناوەتە ناو شار «لووتیان بەو ڕاستییەدا تەقیوەتەوە کە چاوچنۆکی و هەڵپەی چەوساندنەوە لای سەرمایەدارەکان نەگریسترە و دزینی بەری ڕەنج شێوەیەکی ڕێکوپێکتر و شاراوەتری هەیە»(١).

ئەوسا بۆیان دەرکەوتووە کە مرۆڤی چەوساوە لە کۆمەڵی چەوساندنەوەدا هەر کوێیە بچێ، ئەشکەنجە و ئازاری چەوساندنەوە هەر بەدوایەوەیە و تا لە ڕەگوڕیشەوە لە کۆمەڵەکەیدا هەڵنەکەنرێ لە کۆڵی نابێتەوە.

سێ قۆڵی دەردی "هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی" و ئەو بەسەرهاتە پڕ کڵۆڵی و کەساسی و دەردی سەرییە بەجەخارانەی لە شار و لادێدا لێیان دەوەشێتەوە، بەشێکی گەورەی تری بەرهەمی چیرۆکی ئەو ماوەیەمانیان بەردەکەوێ. بگرە دەتوانین بڵێین: دەبنە هەوێنی بەشی هەرە گەورەیان. چونکە ئەگەرچی باسە سەرەکییەکشیان بۆ ئەو ئامانجە تەرخان نەکرابێ، بەڵام بەم شێوە یا بەو بارەدا خۆی هەر تێیاندا دەنوێنێ.

هەر ئەم مۆتەکەی سێ قوڵییە سامناکە کە دەبوونە سێ کۆڵەکەی ڕاگیرکردن و ئیدامەپێدانی نەریت و بیروباوەڕی پڕوپووچ و ڕەفتاری کۆنەپەرستانەی گەندەڵی لەناو کۆمەڵدا، چیرۆکنووسەکانمانی دەخستە سەر ڕێگەی ڕەخنەگرتنی توندوتیژ و بەگژاچوونی ئەو بیروباوەڕ و کۆنەپەرستییانە و پاسەوان و ڕابەرانیان، لە شێخ و مەلا

(١) ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا– ل١٣١.

و حاجی و دەروێش و سەیدی تەڵەکەبازانی بازرگانیکەران بە دینەوە، کە بەپشتی زۆرداره خوێنمژەکان ڕژێمی چەوساندنەوەیان لەم کۆڕەدا تەراتینیان دەکرد و جەماهیری زەحمەتکێشی نەخوێندەواری هەژار و برسییان چاو و گوێ و دەم بەستدەکرد، بەتایبەتی لەناو ئافرەتاندا بەرداشی چەوساندنەوەیەکی دووسەره دەیهاڕین و بە ئاسانی دەبوونە لوقمەیەکی نەرمەقووت بۆ ئەو ساختەچی و تەڵەکەبازانە.

لێرەوە مەسەلەی ئافرەت و ئەو زوڵم لێکردن و چەوساندنەوە دووسەرییەی، لە چیرۆکی کوردیی ئەو ساڵانەدا بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنج ڕادەکێشێ و دەتوانین بڵێین وەك چۆن سێ قوڵییە سامناکەکە پێوەی بوونەتە هەوێن، هەروەها ئەمیش «بەتایبەتی لە پلەی ۱۹۵۰–۱۹٦۰» بووەتە هەوێن و وەك بانگەوازێك یا هاوارێکی ناڕەزایی و تووڕەبوون، لەلایەن چیرۆکنووسەکانمانەوە هەڵدەدرێت و دەوترێتەوە کە دەبێ لەو چەوساندنەوە دووسەرییە، واتە بەسەرێك لەلایەن ڕژێمەوە وەك ئادەمیزاد و بەسەرێکیش لەلایەن پیاوەوە وەك کۆیلەیەك ڕزگار بکرێ. بێگومان مەسەلەکەش بەزۆری لە نێوانی باسوخوازی دڵداری و ژنهێنان و بەشوودان و ژیانی ژن و مێردایەتی و گیروگرفتەکانیان و ئەنجامیانەوە خراوەتە ڕوو. دوکتۆر عیزەدین مستەفا لەم ڕووەوە وتوویە:

«گیروگرفتەکانی ژن و ژنخوازی و زۆرداری لە چارەسەرکردنیاندا و ئەو چورتم و کۆسپانەی لاوانی کوڕ و کچ لە کۆمەڵی کورەواریدا لەم ڕووەوە تووشی دەبوون، بەشێکی گەورەی بەرهەمی ئەم ساڵانی دواییە داگیر دەکا، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی زۆر وێنەی جۆراوجۆری ئەم گیروگرفتەی نەك تەنیا لادێ، بگرە هی ناو شاریش وەردەگرێ و لێیان دەوێ»[٢].

وەکی تر، خراپەکاری و داوێنپیسی و ناپاکی کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانی ڕژێم لە بەرتیلخواردن و دزی و ڕووتاندنەوە و کەڵەکەکردنی سەروەت و ساماندا و لە دڵڕەقی و لووتبەرزی و ڕەفتاری بیرۆکراتییاندا بەرامبەر بە جەماهیری چەوساوە و هەروەها پشتگیریکردنی ئاغا و دەرەبەگەکان لە زۆروجەوریاندا بەرامبەر بە جووتیاران، باسێکی سەرەکیی گرینگ و بایەخداری لە سەراپای بەرهەمی چیرۆکی هەرسێ پلەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئاشکراشە مەبەستی چیرۆکنووسەکان لە ڕەخنە لێگرتن و

(٢) سەرچاوەی پێشوو– ل١٨٧.

ڕیسواکردنی ئەو جۆرە کاربەدەستانە کە لە هەموو دەسگاکانی حوکمدا نموونەیان هەبوون و کەمیش نەبوون، گوناهبارکردنی ڕژێمەکە خۆی بووە.

دیارە لە کۆمەڵێکدا کە ڕژێمی چەوساندنەوە سەروەر و فەرمانڕەوا بێ و سەردار و پێشەنگەکانی، خۆیان ناپاك و دز و جەردە بن، شیرازەی ئەمن و ئاسایش و عەدالەت و ڕەوشت و ڕەفتاری چاکی تێدا دەپچڕێ و لە جێگەیان ڕاووڕووت و ساختەبازی و بەدڕەوشتی و قومارکردن و شەڕ و ئاشووبە و پیاوکوشتن و... هتد، بڵاو دەبنەوە و تەشەنە دەسێنن. بەرهەمی ئەو سەردەمانەمان پڕە لە چەندین چیرۆك کە تەرخانن بۆ لێدوانی ئەم دەردە کۆمەڵایەتییانە و هەروەها مەبەستی چیرۆکنووسەکان بە گشتی گوناهبارکردنی ڕژێمی چەوساندنەوە بووە کە بووەتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی ئەو دەردانە تێدا.

بێگومان لە پارسەنگی ئەم وەزعە شووم و ناهەموارە پڕ لە جەوروستەمەدا، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی لە بەرمەیدانی بەرەی زۆردار و کۆنەپەرستاندا بوو "بەتایبەتی لە پلەی دووەم و سێیەمدا" کە دەچوو بەدەم هاواری جەماهیری چەوساوەی گەلەوە.. هیوا و ئاواتی دەخستنەبەر و هانی دەدان بۆ تێکۆشان و بەگژداچوون و لەم ڕێگەیەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیزەکانی خۆی پتەوتر و فراونتر دەکرد هەروەکو لەم پێناوەدا ناچاری قوربانیدان دەبوو، وە هەزاران لە ڕۆڵە بەجەرگەکانی تووشی کوشتن و بڕین و گرتن و ئازاردان و سەرگەردانی دەبوون سا بەرهەمی چیرۆکی ئەو سالانەمان لەم ڕووەشەوە "بەتایبەتی لەو دوو پلەیەدا" بووبووە ئاوێنەیەکی گەشی ئەو زۆرانبازییە مێژووییە و لە چەندین نموونەدا خەباتی سەخت و پڕ مەترسیی ئەو تێکۆشەرانەی نواندووە، لە نێوانی هەڵچوون و بەگژداچوونی جەماهیری چەوساوەی گەلەوە، کە لە هەموو جارێکدا سەربەرزی و هیوای سەرکەوتنی بە بەرەی زۆر لێکراوان بەخشیووە و ڕیسوایی و شەرمەزاریی داوەتە پاڵ بەرەی زۆرداران. دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ وتوویە: «گەلێ کاری ئەدەبیمان هەن سەری بەهێزی و کۆڵنەدان و قارەمانێتی گەل بەرز دەکەنەوە و وەك چەکی شەڕێك کە لە ئەدیبان دەخوازێ ببنە سەرقافڵە و سروودی پتەوکردنی عەزم و هیمەتی بۆ بڵێن، شانازی بەم قارەمانێتییەوە دەکەن»[٣].

***

(٣) سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە١٤٦.

جگە لەمانە چەند باسێکی تر لە دووپاتبوونەوەیاندا بە درێژاییی هەرسێ پلەکە سەرنج ڕادەکێشن، بەر لە هەموویان سروشت چ بە باری جوانیدا لە چاوی چیرۆکنووس خۆیەوە یا لە چاوی کەسانی چیرۆکەکەوە و کارکردنی لە هەست و سۆزیان و ئەو پێوەندییە ئەستاتیکییەی لە نێواندا دروست دەبێ، چ بە باری سەخت و ستەمیدا وەختێك دەبێتە هۆی وێرانکردنی یا کە دەبێتە بارێکی قورس و گرانتر بەسەر شانی هەژار و سەرگەردان و دەربەدەرانەوە، سەرباری ئەشکەنجە و ئازارەکانی تریان. دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ تەنیا بەباری وێرانکەریدا ئیشارەتی بە سروشت داوە کە دەڵێ: «هەستکردن بە بەسەرهات و ئازاری مرۆڤ و بەهاداریی ئادەمیزاد باسێکی دیار و بایەخدارە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا. ڕوونترین نموونەش بۆ ئەمە باسکردنی ئەو بەسەرهاتانەیە کە بەسەر ڕۆڵەکانی نیشتماندا هاتوون ئەنجامی کارەساتەکانی تەبیعەت»(٤). دوایی چیرۆکی ″پەڵە هەورێکی چڵکن″ی جەمال بابان بەنموونە دێنێتەوە.

هەروەها وەرگرتنی ڕووداوە مێژووییەکان و داڕشتنەوەیان لە قاڵبی چیرۆکی هونەریدا، باسێکی ترە کە نموونەیان لە هەرسێ پلەکەدا دەبینرێ. ئەگەرچی نیسبەتێکی کەمن و لە ڕووی هونەرییشەوە، ئەو گیانە ئەدەبییە سەرکەوتووەیان نەکراوە بە بەردا کە جێگەیەکی تایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆیان دیاری بکەن.

دواجار چیرۆکی ئەو ساڵانەمان لە زۆر باسوخوازی تایبەتیی خۆ بەخۆی مرۆڤ خۆی دواوە و هەر چیرۆکنووسە بەپێی تاقکردنەوە و جۆری تێگەیشتن و ئایدۆلۆجییەتی خۆی سەبارەت بە دڵداری و خۆشەویستی ڕووت و هەستی مرۆڤپەرەوەری خەفەتباری و دڵخۆشی پێوەندیی ناو خێزان لە نێوان ژن و مێرد و منداڵاندا و... هتد، کە ئەم باسانە هەندێ جار لای هەندێ چیرۆکنووس بە باری یەك لایەنیدا باس کراون و لە سنووری تایبەتی خۆیان نەکراونەتە دەرەوە، کە بە ڕای من نموونەی چیرۆکی سەرکەوتوو لە ڕووی هونەرییەوە لەناو ئەمانەدا زیاتر هەن وەك لە بابەتەکانی تر.

بە ڕای من هەر ئەم سەرئەنجامانە ئەوە دەسەلمێنن کە بەدرێژاییی هەرسێ پلەکە، ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگری ڕێبازی سەرەکی بووە لە چیرۆکی کوردیدا و سەرجەم

---

(٤) سەرچاوەی پێشوو– لاپەڕە١٨٠.

چیرۆکنووسەکانمان هەڵوێستی سیاسی و ئایدۆلۆجییان بەرامبەر بە ڕژێم و کرداری ڕۆژانەیان هەرچۆنێك بووبێ، لە زۆربەی زۆری بەرهەمەکانیاندا سەر بەم قوتابخانە ئەدەبییە بوون، با هەندێکیشیان ئەوەیان نەویستبێ یا لێی بێ ئاگا بوو بن. چونکە وەك لە نێوانی لێکۆڵینەوەکەوە و بە نیشاندانی دەیەها نموونە دەرمان خست، هەموو مەبەستیان ڕەخنەگرتن بووە لەو کۆمەڵە دواکەوتووە پڕ لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و ستەمکارییەی تێدا دەژیان و لەو ڕژێمە کۆنەپەرستە ناعادلەی باڵی ڕەشی بەسەر کۆمەڵەکەدا کێشابوو. دیارە هەمووش ئامانجیان لەو ڕەخنەگرتنە، یا گوناهبارکردن و دوا جار هاندان بووە بۆ گۆڕینی ڕژێم و باری کۆمەڵ لە بنەڕەتەوە و هێنانەدی ڕژێم و کۆمەڵێکی نوێ، کە ئەم تاقمە زۆر بوون و من ناویان دەبەم بە ڕیالیستە ڕەخنەگرە شۆڕشگێڕەکان، یا بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارە ناهەموارە و بەدیهێنانی عەدالەت و یەکسانی بە نەهێشتنی چەوساندنەوە و زۆروجەور و خراپەکاری، بە ڕێگەی هەوڵ و کۆششی هێمن و لەسەرخۆی دیموکراتییانەدا، واتە لە ڕێگەی "اصلاح"ی کۆمەڵەوە و وردە وردە پێشخستنی لە هەموو بارەیەکەوە. بەڵام هێندە هەیە کە ئەم لایەنە وەك لایەنی ڕەخنەگرتنەکە زەق و لە ڕوو نەبووە، بگرە ئامانجێکی شاراوە بووە و بەشێوەیێکی نایەکسەری هێنراوەتە دی.

ئەگەر بمانەوێ هەموو ئەو چیرۆکانە ناو بەرین کە بەپێی ئەم ڕایە دەچنە ڕیزی ئەو ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرییەوە، دەبێ لیستەیەکی هێند دوور و درێژیان بۆ دروست بکەین کە ڕەنگە زۆربەی زۆریان بگرێتەوە. بۆیە من لێرەدا سەرنجتان تەنیا بۆ چەند چیرۆکێك ڕادەکێشم کە بە گەشترین نموونەی سەر بەو ڕێبازەیان دادەنێم. لەوانە "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار و "شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو"ی عەلائەدین سەجادی و "مدیر بەگ"ی شاکر فتاح و «شەوێ لەسەر لووتکەی ئەڤریست»ی فائق زیوەر و "مام هۆمەر"ی موحەڕەم محەمەد ئەمین و "خانزاد"ی جەمال بابان و "لالۆ کەریم"ی جەمال نەبەز و "کارمان دەوێت"ی محەمەد مەولوود و «لە پێناوی نانا»ی عەبدوڵا میدیا و "چەندم لێ دەسێنێت"ی مستەفا ساڵح کەریم و «منیش حەماڵ بووم»ی أ•ب• هەوری و... هتد.

ئەم نموونانە و دەیەهای تریش کە لە شوێنی خۆیاندا باسم کردون، هەموو کارەساتەکانیان لە چوارچێوەی وەزعێکی ناهەمواری پڕ لە ناعەدالەتی و جەور و ستەمدا ڕوو دەدەن و دەسووڕێن، تا لە ئەنجامدا بەسەرهاتێکی بە جەخاری دەسکردی

ئەو وەزعە ناهەمواره پێك دێنن كە لێرەوە ئیتر مەبەستی شاراوەی نووسەر دیاری دەدا.. واتە ڕەخنەگرتن لە وەزعەكە و لە ئەنجامی و ئەوسا هاندان بەشێوەیەكی نایەكسەری بۆ بە گژچوون و گۆڕینی، یا داواكردنی چارەسەركردنی بە ڕێگەی "اصلاح"دا.

دوكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ سەبارەت بەم مەسەلەیە نووسیویە: «.. ئەم ئەدەبە ڕیالیزمییە یەكەم جار بەشێوەی ڕەخنەگری سەری هەڵدا كە ڕەخنەی لەلایەنەكانی دواكەوتوویی ژیانی گەلی كورد دەگرت و بەنیازی هاندانی گەل بۆ نەهێشتنیان تیروتوانجی بۆ دەهاویشتن. پیرەمێرد و ئەحمەد موختار جاف "مەبەستی" شیعرەكانێتی –ج٠ع و زێوەر و مفتی و بێكەس و شاكر فتاح نوێنەری گەورەی ئەم ڕێبازە بوون. ئیبراهیم ئەحمەد كامەران و عەلائەدین سەجادی، پەرەیان پێ داوە و مەبەستەكانی ئەو ڕێبازەیان لە مەبەستی قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی نزیك كردووەوە. سەلام و هەژار و جگەرخوێن لە ئانجامی شیعرەكانیاندا، ئەڵقەی بەیەكگەیاندن بوون لە نێوانی ڕیالیزمی ڕەخنەگری و ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا. بەڵام ڕەگوڕیشەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لەگەڵ بڵاووبوونەوەی بیروباوەڕی پێشكەوتنخوازیی شۆڕشگێڕیی زانستیدا لە كوردستانی عێراقدا بەتایبەتی لە ڕۆژانی شەڕی گێتیی دووەم دواییدا، كەوتە نەشونماكردن. نووسینەكانی عەبدولواحید نووری "ع٠و٠نووری"، «١٩٠٤–١٩٤٤م» كە بە ئەدەبێكی سیاسی دادەنرێ، باشترین سەرەتا بوو بۆ ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی. دڵزار و دیلان و هەردی– لە دەوری یەكەمی شیعریدا– و ع٠ح٠ب و قەدری جان و مەعرووف بەرزنجی و چەندانێكی تر، بە دوای ئەم ڕێبازەدا ڕۆیشتن. ئینجا بەرەو پێشەوەچوونی ناوەڕۆكی شیعر لای گۆران و گواستنەوەی وردەوردە بۆ ڕیزی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە ناوەڕۆك و بەشێوەی نوێش، بوو بە پێشەنگی قوتابخانەكە و بەرزترین لووتكەی پێگەیشتن و پەرەسەندنی»(٥).

ئەگەر بە باشی لەم پەرەگرافە وردببینەوە و بەشێوەیەكی تایبەتی سەرنج بدەینە ناوی چیرۆكنووسەكان، دەبینین دوكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پیرەمێرد و شاكر فتاح و ابراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی و ئەحمەد موختاریشی وەك شاعیر «كە

---

(٥) ڕیالیزم لە ئەدەبی كوردیدا– لاپەڕە (٢١٨).

لای من وەك دەزانن بووەتە چیرۆكنووسیش» داوەتە پاڵ ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگری. بـەڵام مـەعرووف بـەرزنجی داوەتـە پـاڵ ڕیـالیزمی سۆشیـالیستی کـە بـەرای مـن لـەو چـوار- پـێنـج چـیرۆكـەیدا کـە بـڵاوی کـردوونـەتـەوە، لـە ڕووی ئـەدەبـیـیـەوە هـیـچ جـیـاوازیـیـەکـی ئـەوتـۆی لـەگـەڵ بـەرهـەمـی چـیرۆكـنـووسـەکـانـی پـلـەی خـۆیـدا «١٩٥٠-١٩٦٠» نییە، بگرە وەك ئەوان ڕیالیستێکی ڕەخنەگرە.

هەر دوکتۆر عیزەدین مستەفا خۆی لە شوێنێکی تردا نووسیویە: «هەرچەندە ئەدەبی ڕیالیزمی کوردی لە چوارچێوەی شیعردا پەیامی خۆی بەجێ هێنا و بەردەوامیش دەبێ لەسەر بەجێهێنانی، بەڵام پەخشانی کوردی بەهۆی ئەو وەزعە تایبەتییەوە کە لەوەبەر باسمان کرد، لەوەدا دواکەوتووە و تەنانەت ئەو نووسەرانەی لە نووسینە سیاسییەکانیان و لە خەباتی ڕۆژانەشییاندا ڕێگەی شۆڕشگێڕانیان گرتبووە بەر، لە بـەرهـەمـهـێنـانی چیرۆکی ڕیـالیزمی سۆشیـالیستی و لـە هـەڵبـژاردنی کـەسانێکی نموونەییدا کە بشێ بچنە ڕیزی نموونەی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشییالیستییەوە، تا ڕادەیەك سەرنەکەوتوون»[٦].

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هەرچەندە لە هەندێ شوێنی کتیبەکەیدا تەقەلای داوە بگـاتـە ئـەو ئـەنـجـامـەی کـە لـە کـۆڕی چیرۆکی کوردیشدا ڕێبـازی ڕیـالیـزمی سۆشیالیستی لە سەرهەڵداندایە، یا هەر هیچ نەبێ نموونەی بەدی دەکرێ، بەڵام لێرەدا زیاتر ڕای بە لای نەبوونیدا دەچێ، ئەگەرچی هێشتا هەر دوودڵی تێدا دەهێڵێتەوە کە دەڵێ «تا ڕادەیەك».

بەهەرحاڵ نەك تەنیا ئەو، بگرە هەر ڕەخنەگرێك دەتوانێ بێت و بیسەلمێنێ کە فڵان یا فیسار چیرۆکنووس لە فڵان یا فیسار چیرۆکیدا، سەر بە ڕێبازی ڕۆمانسییە، یا نـموونـەیـەکی سەر بە قوتـابـخـانـەی ڕیـالیـزمی سۆشیـالیستییداوە بـە دەستـەوە، یا نموونەی ئەدەبی ڕەمزییە، یا هەر شتێکی تر لەم بابەتە. بەڵام بە ڕای من ئەمە شێکی وا لـەو سەرئـەنجـامـە هـەرە سەرەکییـە نـاگۆڕێ کـە ڕێبـازی ڕیـالیـزمی ڕەخنـەگری بە درێژاییی هـەرسێ پلەکە، ڕێبازی باو و زاڵ بووە لە چێرۆکی کوردیدا.

---

(٦) سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە٢٢٢.

## لـە شێوەدا

